# کەسێتیی و بیری ڕەخنەیی و نەتەوەیی
# شاعیری کورد مەمەنداغای فانی

نووسینی د. کەمال میراودەلی

## بەشی یەکەم

## کەسێتی فانی : فانی کێیە ؟

فانی وەك هەر جیهانبین و ڕۆشنبیرێکی گەورە, زانین وەك پرۆسەیەکی دنیا ناسی پڕپەل و گشتگیر سەیر دەکات کە ناسینی دەرەوە لە ڕێگای خۆت (ناوەوە) و ناسینی خۆت لە ڕێگای دەرەوە و (ئەوانی دی)، میکانیزمی ئەو پرۆسەیە پێك دێنێ.

(ئەوی دی) فانی لە سەرەتاوە خێزانەکەی خۆی بوو وەك حاڵەت و دەسەڵاتی ،دەرەبەگایەتی ئەوسا کۆبەندی دەرەبەگایەتی بە گشتی, ئەوسا کۆمەڵی نەزان و دواکەوتووی کورد بە گشتی و ئەوسا بێگانە و ئیستیعمار و نەتەویی ئەوسا بەعس و هێزی داگیرکەر.. لە هەموو ئەمانەدا فانی وەك (خودێکی

تاك) بەرامبەريان دەوەستێ: واتە فانى كەسێكى تاكە، بێ وێنەيە. ,نموونەيە، چونكە ئەمانە هيچيان نييە, چونكە جيايە لەو (ئەوانى ديكە) ى كە دەستنيشانييان دەكا. فانى خۆى ئەو دەور و فانكشنە مێژوويى و بيرييە جيايەى خۆى بە قووڵى هەست پێدەكا و بەوردى و روونيش لە زۆر هۆنراوەدا دەستنيشانى دەكات. ئەوەى دەبێتە گەورەترين دايلێما (كێشەى لە چارەسەر نەهاتوو) ى ژيانى پێوەندى خۆيەتى وەك (كورد) بە گەلە كوردەكەيەوە.

ئەو لەو گەلەشەو لەو گەلەش نييە

ئەو لەو گەلەيە چونكە (كوردە) .

بەلام ئەو (كوردێتى) يەى ئەو, ئەو (كوردێتى) يەى گەلەكەى نييە. بە مانايەكى دى فانى كوردە, بەراست كوردە و كوردێتييەكەى ماناى راستى زانگەريى و ئايديۆلۆژيى و مێژوويى خۆى وەرگرتووە.

ئەو كوردە وەك كوردێكى نەتەوەيى پێشكەوتنخواز كە ئازادى نەتەوەيى و پێشكەوتنى كۆمەڵيى لێك جياناكاتەوە, وەك نەتەوەخواز (قەوميەت) بەستاندارددى ژيان و مێژووى پێشكەوتنى گەلان و جيهانى سەردەم. بەلام گەلەكەى نەگەيشتوونەتە ئاستى ئەو (كورد بوون) ە لەبەر ئەوە نا كە كوردى تەواو نين, زمان و خاك و كەلتوور و رەوشتيان كوردانە نييە، بەڵكو لەبەرئەوەى (كوردن) تەنيا وەك كەرەسەى خاو، وەك هێزێك (خۆى لە خۆيدا),نەك (خۆى بۆ خۆى)..وەك هێزێك كە بێگانە دەتوانێ بەكارى بێنێ, بەلام ئەو خۆى بۆ بەرژەوەندى مان و نەمانى خۆى ناتوانێ خۆى بخاتە گەڕ چونكە خۆناس و دوژمنناس نييە.

بە كورتى فانى كوردێكى زانا و هۆشيارە, زياد لەوەش ئەو زانايى و هۆشيارييە وەك شاعير و ئەديب دەردەبڕێ و دەبێتە رێبەر و رێنيشاندەر و سەركردە.

بەلام گەلەكەى (كوردى ناهۆشيارە). كەرەسەى خاوە, لە كوردێتى و هەلومەرجى كوردبوون حاڵى نييە و لە ناو بۆتە و چوارچێوەيەكى خەرافى دا گير بووە و تێگەياندن و گۆڕينى زەحمەتە بەبێ دەسەلات, دەسەلاتيش بەبێ (زانين) بە دەست نايە. زانينيش بەبێ دەسەلاتێك كە بەرنامە و پرۆگرامى بۆ دانێ بەدەست نايە. ئەمە جوغزى ئەو بۆشايى و بێهيوايى و ئاسنى سارد كوتانەيە كە فاتى خۆى تێدا دەبينێتەوە. كەچى لەبەر باوەڕى بەرزيى و كەسێتى بەهێزيى و نەتەوەپەرستى نموونەيى خۆى هەرگيز كۆڵنادا و نابەزێ و بەتەنيا و تاقەسوارە بەرامبەر ئەو هەموو دڕەندەيى و گەندەڵييەى كۆمەڵەكەى دەجەنگێ .

فانى هەر لە يەكەم پشكوتنى زمانى شيعرييەوە خۆى بە شاعيرى گەلەكەى دادەنىٚ و پەيامى پێشخستنى كۆمەڵايەتى و هۆشياركردنەوە و هاندان و بەرنامە دانان بۆ رزگارى نەتەوەيى بۆ ژيانى خۆى هەڵدەبژێرێ. ئەم دەورەش بەسەريا دەسەپێسنىٚ لە كۆمەڵەكەى جيا بێتەوە بۆ ئەوەى لە دەرەوە را بيانبينىٚ و بتوانىٚ رێبەرييان بكا. فانى فانى يەو جيايەو تاكە چونكە شاعيرو هۆشمەندو رێبەرە . چونكە وەك ئەوانى دى نييە.

فانى ئاغا نييە,كوێخا نييە,سەيدو مەلانييە,توجارو بازرگان وسەرمايەدار نيە..

كوردێكى سادەو قەلەندەرە ,بەلأم وەك كوردە سادەو قەلەندەرەكانيش نييە. چونكە(فانى) بە هۆشيارييەوە كوردى قەلەندەرەو شوێنى خۆى لە كۆمەڵ و ژيان و مێژوودا دەزانىٚ,ئەوان نەزانن و نايزانن و نايەنەوىٚ بشزانن!!

باسەيرى هەندىٚ شيعرى خۆناسينى فانى بكەين:

هۆنراوەى ( دەڵێم بيڵێم و ناوێرم) لە هۆنراوەكانى سەرەتاى شيعر نووسيويەتى لەسييەكاندا لە كۆتايى ئەو هۆنراوەيەدا دەنووسىٚ:

| | |
|---|---|
| ئەتۆش (فانى) هەتا ماوى | خودا نوتقێكى پێداوى |
| لەچاكەى گەل نەكەى خاوى | دەڵێم بيڵێم و ناوێرم |

(نوتق), قسەكردن,وشە,ئاخاوتن بە بەهرەى خودايى دەزانىٚ. نرخى ئەو بەهرەى ئاخاوتنە دەزانىٚ وهەر لەسەرەتاوە ئەو پەيامە بۆخۆى دەست نيشان دەكا كە(ئاخاوتن) بكا بەئامرازێك بۆ (چاكەى گەل) كەوايە پەيامى وشەو بير لاى فانى پەيامێكى رەخنەيى ,چاكەكارى,ريفۆرميستە هەر وەك چۆن هۆنراوەى (دەڵێم بيلّم و ناوێرم) خۆى نموونەيەكى سەرەتايى بەهێزى بەكارهێنانى ئەدەبە بۆ چاكەى گەل لە رێگاى هەڵبژاردنى فەلسەفەى رەخنەى كۆمەڵايەتى و سياسييەوە.

(فانى) گەرچى نرخى خۆى وەك تاكە سوارەى زانين دەزانىٚ و بە رەوانبێژى و شيعر دەست پىٚ دەكا, قەت لە هيچ كاتێك و بۆنەيەكدا خۆى لەناوجەرگەى گەلەكەى و رەش و رووتەكانى جيا ناكاتەوە و بەو پەرِى ساكارى و بىٚفيزييەوە خۆى تەنيا نەك بەكوردێكى ئاسايى بەڵكو بە قەلەندەرێكى كورد دادەنىٚ : لە هۆنراوەى (بۆ پاكى نييەت) كە وەك پاكانەكردنێك بىٚ بۆ كۆمەڵەكەى كە ئەو چييەو بۆچى دەستى داوەتە نووسين (ئەم هۆنراوەش بۆ سەرەتاى شيعر نووسينى دەگەرِێتەوە و لەكۆتايى سييەكاندا(نووسراوە) دەڵىٚ:

نالێم نییە سانیم لە گرۆهی ئودەبا دا
کوردێکی قەلەندەرم و لەدەستەی ئودەبا نیم
ئەم شیعرە سیلاحی منە بۆ چاکە و ئیسلاح
غەیرەز ئەمە چارەم نییە مسکێنم و شانیم.

بەراستی ئەو دوو بەیتە شیعرە تەواوی فەلسەفەی ژیان و کەسێتی بەرز و مرۆڤایەتی (فانی) کە بەقسە و کردەوە بەدرێژایی ژیانی نواندی، دەربڕن.
فانی لێرەدا ئاوا خۆی دەناسێنێ:

- **کوردێکی قەلەندەر**
- **مسکێن نەك شاه**
- **تازە ئەدیب کە خۆی لە دەستەی ئودەبا ناژمێرێ.**
- **بەدڵ چاکەی کۆمەڵی دەوێ و دەیەوێ بد چەکی شیعر ریفۆرمی بکا.**

شیعری وەك چەکێك, ئامرازێك، بۆ ئامانجی چاکە و ریفۆرم هەڵبژاردووە.
واتە لێرەدا شاعیرێتیی (وەك دەربڕینی توانستی ئەدەبی بۆ مەبەستی ئەدەب) جیا دەکاتەوە لە پڕۆژەی بیری و ئایدیۆلۆژی و چاکەکاری کۆمەڵ کە (شیعر) دەوری چەکی هۆشیارکردنەوە، تێگەیاندن و رەخنە و رووخاندن و دروستکردنەوەی تێدا بینێ.
لە رووی سایکۆلۆژی و بیری و کۆمەلایەتیشەوە, هەر ئەو راستییەی کە لەو سەردەمەدا فانی بە ئاشکراو بوێرانە خۆی لەگەڵ بەشی هەرە زۆری گەلەکەی کە (مسکێنە) دەناسێنێ, کارێکی مرۆڤانە و شۆڕشگێڕانەی بێ وێنەیە..بۆ کەسێکی پەروەردەی نیزامی عەشایری و ئاغاگەریی تەنانەت ئێستاش رەنگە بەزەحمەتی بزانێ بڵێ: مسکێنم.
فانی لە رووی چینایەتییەوە ئەمە نالێ. فانی مسکێن و ئاغا و مەلا و شێخ و سەید و عەشایر و شوان توجار و مامۆستا و هتد..هەمووی بە کورد و بەمرۆڤی یەکسان دەزانێ. (کورد بوون) بنچینەی خۆناسین و بەمرۆڤ بوونی مرۆڤی کوردە. بۆیە خۆناساندن بە (مسکێن) خۆناساندنە بە کوردی قەلەندەر و چەوساوە کە فانی بۆ چاکەی ئەوان بیر و قەڵەم و کردەوەی ژیانی تەرخان دەکات.

ئەم بیرۆکەی بەکارهێنانی وشە بۆ چاکە و گۆڕینی کۆمەڵ و دەوری مێژوویی خـۆی وەك چاکەکار و بگۆڕێکی رادیکاڵ، لـە زۆر هۆنراوەیـدا، لـە تـەواوی پرۆسـەی ژیان و شـیعریدا دووبـارە دەبێتـەوە. پرۆژەی چاکسازیی (فانی) ش سەر و بەر, تەنیا تەنیا, پرۆژەی خوێندەوارکردن و هۆشـیارکردنەوە و زانیار کردنی گەلە. ئەمە هەنگاوی یەکەمە. مـەرجی یەکەمـە. چارەی یەکەمـە. بەرنامـەی یەکەمـە. بەبێ ئەو هەرهەنگاوێکی دی خۆتڕێنە و چەواشەکەری ژیان و مێژووە. بۆیە لـە شـیکردنەوەی دوایـدا فـانی دەبێتـە (کـوردی زانـا) و هـەموو گـەل و کۆمەڵەکـەش (کـوردی نـەزان) و بـەم شـێوە پێناسـە و پێوانـەی خـۆی بـۆ کـورد بـوون دیـاری دەکـا: نـە ئەسـل و فەسـل گرنگـە، نـە دەسـەلاتی گەمژانـە, نـە دەوڵەت و سامان, تەنیا زانینە پێوانەو مەرجی بوون بە مرۆڤ و بە کوردە.

لاوێکی شوانزدەیی هۆشیار و بـــــــــەغیرەت
قوربانی دەکەم سەد بەگ و ئاغا لەڕی بێ هۆش

ئەمەش تەحەددایەکی گەورەی ترە بۆ بۆچوونی بـاوو بـیری ترادیـشنەڵی گەنـدەڵی کۆمەڵەکەی. ئەسڵ و پلە و پای بـە مـیرات بـۆ مـاوەو بنەماڵە و بـەگ و ئاغـا حیـسابی گـەورەیان بـۆ دەکـرا. فـانی بێگومـان ئـەوەی بـەلاوە کـەم نـەبووە و رێـزی لـەو ترادیـسیۆنە گرتـووە. بـەلام نـەك وەك کردنـی بـە پێوانەی رەها و بیری باو, بـەلام بـۆش و بێمانـا. تاکـە مـەرجی گـەورەیی و دەوری کۆمەلایـەتی مـرۆڤ ئەوەیـە تـا چ رادەیـەك هۆشـیار و زانایـە. جـا ئەگـەر کـوڕە شـوانێك بخـوێنێ و خـۆی پێبگەیـەنێ و هۆشیاری نەتەوەیی وچەکی زانست بەدەست بێنـێ و بـۆ راژەی گـەل و خـاك بـەکاری بێنـێ ئـەوا سـەد ئاغا و بەگزادەی نەزان و کەللەپووت قووربانی شوانزادەیەکی وا بێ چونکە شوانەکە دەبێتە بکەرێکی مێژوویی. بەلام سەد ئاغا و بەگزادە نەزانەکە دەبنە سفری مێژوویی
بـە بـەکارهێنانی (زانـین) و پلـەی زانـستی و هۆشـیاری وەك پێوانـەی چـاکی و خراپـی, راسـتی و چـەوتی , دروسـتی و هەڵەشـەیی, عەقلانیـەت و بۆشـخەیالی, لـە تـەواوی بیرکردنـەوە و بەرنامـەی فەلسەفی و نەتەوەیی فانی دا, دەبێتە بۆچوونێکی توند و تۆڵ و پەیرەو کراو,
شۆڕش گەر لەسەر بنچینەی هۆشیارکردنەوە و بە زاناکردنی هـەموو توێـژەکانی گـەل دانەرێـژرێ بۆشە. هێز گەر تەنیا هی لەش و زەبەلاحی بێ و زانینی لەگەلا نەبێ شێتییە و گەمژەیییە. هتد.
**فانی قەڵەم لە جیاتی شمشێر، دەفتەر لەجیاتی خەنجەر،** زانین لە جیاتی خڕ کردنەوەی فیزێکـی لەشکر و سوپای بێ ئەساس بۆ بەرنامەی شۆڕشگێڕانەی خۆی هەڵدەبژێرێ :

برادەر بەندی من پەندە و نەسیحەت

درێغا نیمە چیدی ئیقتیدارێ

لە جێی خەنجەر ئەوا رۆییمە دەفتەر

بە سەریا ئەسپی خامەم خستە غارێ

ئەوە دەفتەری ژیان و خەباتە فانی لە جیاتی خەنجەر هەڵی گرتووە و ئەوە ئەسپی خامەکەیەتی گوڕ و غاری خۆی تێدا دەکا..

بەرهەمی خامەکەی بەند بەند نووسینی پەندو ئامۆژگاری سازکارانەو مرۆڤ پەروەرانەیە, پەروەردەکردنی مرۆڤی کوردە تا خۆی بناسێ و شوێنی خۆی لە ژیان و سەردەمدا بناسێ و ببێتە فاکتەر و بکەرێکی مێژوویی. فانی خۆی لە گەلەکەی جیا ناکاتەوە. لە ناویا دەژی. تێی دەگا. شارەزای خوو-و رەوشتی کۆمەڵایەتی چین و توێژەکانی دەبێ. یەك بە یەك دەیان ناسێ چاکە و خراپەیان, سوود و زیانیان, بەکاریی و (ئیجابیات) و نەکارییان (سەلبیاتیان).

خۆشی وەك زانا و رۆشنگەر, دەزانێ کە دەزانێ, دەزانێش کە دەتوانێ یارمەتییان بدا تا خۆیان یارمەتی خۆیان بدەن. دوژمنی کورد بێگانە نییە. قەت بێگانە نەبووە. دوژمنی کورد عەقڵی خۆیەتی. نەبوونی کۆبەندی و نیزام, بزر بوونی زانست و هونەر، رێزنەگرتنی مامۆستا و رێبەران, فەرامۆش کردن و پەراوێزکردنی (خانی) یان و (حاجی قادران).. بۆیە فانی ناتوانێ بێدەنگ بێ. رەخنە و لێکدانەوە و رێبەریکردنی کۆمەڵ دەکاتە خوو و کار و خولیای رۆژانەی : لە هۆنراوەی (هەرچەند بەهارە) دا کە لە هۆنراوەکانی سەردەمی گەنجێتییەتی دەفەرموێ:

باسی رەوشتی میللەتم، ئیشمە، خوومە, عادەتم

هەر ئەمەیە حیکایەتم ، هەر ئەمەیە شیعاری من

شینی خەتایی کۆمەڵ و نەگبەتی نیشتمانییە

خاتری داخداری من، دیدەیی قەترە باری من

لۆمەیی نەفْمی من مەکەن مایەی بێنیزامییە

تەعنەیی تیژ و تاڵی من, ناڵەیی ئاشکاریی من

کوردە دەزانی رۆژی من بۆ رەشە میسلی نیوە شەو

پەردەی جەهلە رێگری چاوی ئومێدەواری من

بەكورتى فانى دەڵێ: ئێوە دەردن من ناڵە. ئێوە نارێك و بێنیزام , من لەسەر كاغەز رێكتان دەخەم، دەتاننووسم، دەتانكەم بەشیعر و هۆنراوە, لە گۆشەنیگای خۆمەوە دروستتان دەكەمەوە.

شیعر هەستە، هیوایە ناڵەیە.
شیعرى فانیش لە ناڵینى بۆ گەل بەدەرنییە...ناڵەكەش هەر بۆ خۆشى و چاكەخوازیى كۆمەڵە:

بلبلى دڵ رۆژ و شەو هاوارییە
ناڵە ناڵ و شین و گریان كارییە
رۆژى رەوشەن وەك شەوانى تارییە
ئەو نەخۆشە خۆشى كۆمەڵ چاریبە
ئەى خودایە بۆم بكە تۆ چارى دڵ.

دیوێكى دیكەى خۆشەویستى گەلت, نیگەرانیتە بۆى، پەرۆشتە بۆى، تووڕە بوونتە لێى..پلار و جوێنە بۆ راچەناندن و وریاكردنەوەى. بەلام هەموو ئەمانە بە خوێن و دڵێكى پاك و ساغەوە بۆ بەرژوەندى گەل دەكرێن:

من لاوى نیشتمانم و خاوێنە خوێنى من
هاندانى لاوەكانە پلار و جوێنى من

شاعیر بۆیە هێندە بە تەنگەوەیە، هێندە خەم دەخواو دەناڵێ، هێندە پلار و جوێن بۆ گۆڕین و چاكە بەكار دێنێ، چونكە ئەو هۆشیارە. ئەوەى ئەو دەیبنێ كەسانى دى نایبینن. جیهانبینیى ئەو حەقیقەتەكانى بەسادەیی و رووتى بۆ دەردەخا، دەبینێ ئەوەى خەڵك بە سپى دەیبینن رەشە، ئەوەى بە شیرین دەیچێژن ژاڵەیەو ژەهرە. بەڵام شاعیر خۆى ژەهرە راستەقینەكەى بارى پڕ ئازارى كۆمەڵ دەچێژێ بۆیە لایەنێكى دیكەى جیاكردنەوەى فانى لە (ئەوانى دى) لایەنى جیهان بینى و كۆمەڵناسى و دەرك كردنە بە حەقیقەت:

وەكو من سەیرى وڵاتت بكە تۆش وەكو و من
جامى شەهدت بدەنێ شەرتە دەڵێى زووخاوە.

واتە ئەگەر ئەی رۆڵەی کورد تۆش بتوانی بەچاوی من و توانستی جیهانینی من سەیری وڵاتەکەت بکەی, تۆش وەکو من ئەگەر جامی هەنگوینت بدەنێ، دەبینی زووخاوە و تامی زووخاو دەدات. ئەمەیە گەوهەری غوربەتی رۆحی شاعیر و ئەدیبی هوشمەندو کۆمەڵناس لە وڵاتی دواکەوتوو- و کۆمەڵی نەزاندا.

**شاعیر تاك و تەراو غەریب دەکەوێتە گۆڕێ.**

**ئەوەی ئەو دەیبینێ، ئەوان نایبین.**

**ئەوەی ئەو تێیدەگا, ئەوان تێیناگەن**

ئەو چاکە و سەلامەتی و خۆشی بۆ ئەوان دەوێ, ئەوان بە خراپەو تراژیدیای خۆیان قەناعەتکارن و زیاتر بەقووڕا دەچن و بە گومانەوە سەیری ئەو دەکەن، قسەکانی بە بزرکان دەژمێرن، ئامۆژگارییەکانی بەدەنگی دەهۆڵ، یان گوێیان کەڕە و قسەی باش وەك با وەردەگرن، یان دڵیان دیوارە و هەوڵی چاکە وەك بەڵا وەردەگرن.

بۆیە دژایەتییەکی دی، کە کەسێتی و خۆناسینی فانی دیاری دەکا، هەوڵی(فانی) یە بۆ گۆڕین و فەرامۆشیی و گەمژەیی گەلەکەیەتی:

جەهدی ئەدیبی خەستە لەگەڵ جەهلی قەومی کورد
بێ سوودە دەنگی زەنگە لەلایان سەدای غەزەل !

سەرنجی دژایەتی وشەکانی (جەهد) و (جەهل) و (ئەدیب) و (قەوم) و (دەنگی زەنگ) و (سەدای غەزەل) بدەن. ئەوەی فانی دەیبینێ و داد و ناڵەی بۆ دەکا، گەلەکەی نایبینێ چونکە نا بینایە.. گەل شاری کوێرانە. تاقە چاو ساغێ شێتە، یان ماسوشیتە (خۆ ئازار دەرە) تا ئاستی خۆکوژیی رۆژانە و شەوانە. لە ناو قەومی وا دا زانایی دەردە، ئەرکە، ئازاری گیانە. بۆیە فانی حەقیەتی هەندێ جار بێ ئومێد بێ و رۆحی تەنگە تاو ئەو بێ:

کەگەل بینا نەبێ هیچی، عەزابی گیانە بینایی
بە خۆڵی ئەحمەقی چاوت وەکو ئەو خەڵکە تاریی کە
لە ناو قەومی نەزان, زانا شەرابی خوێنی جەرگە و بەس
کە هۆشێکت هەیە فیکری ئەساسی خاکەساریی کە.

كە گەل كوێربێ، بينين ژانە رۆحە. دە تۆش (تا لەو ژانە بە دوور بی) چاوت بـە خـۆڵی گەمـژەیی بكە تاريكستان تـا هـيچ نـەبينێ و گيانـت ئـازار نەچێژێ. لـە نـاو گـەلی نـەزانا شـەرابی زانـا خـوێنی جەرگيەتی, بۆيە گەر هۆشت هەيە بير لە ئەساسی ئەو خاكەسارييە بكەوە..

نەك هەر لە ئازارەكەت ناگەن، پتر خۆی دەكەنە زامەكانتەوە، ناو و ناتۆرەی ناشـرينت لێ دەنـێن ، ئـەوانيش خۆيـان لـە تـۆ, يـان تـۆ لـە خۆيـان جيادەكەنـەوە، دەتخەنـە دەرەوەی ئاخـاوتنی نـەزانين و گەمژەيی خۆيانەوە:

ناوی نيزام و تەربيەت و عيلم و فەن بەری

ناوت دەنێن (مونەوويری) بێ شەرم و سەرسەری

وشەی (مونـەووير) لێـرەدا گرنگـە. فـانی دەوری (مونـەووير) واتـە رۆشـنگەر وەك بگـۆڕی كۆمـەڵ بـەهۆی ((نيـزام و تەربيـەت و عـيلم و فـەن)) تـێ دەگـات و خـۆی نموونەيـەكی بەرجەسـتەی مرۆڤـی مونەوويرە.. بەڵام سەيركە دەسەڵاتی باو, كۆبەندی بيری باڵای دەسەڵات, چۆن ئەم وشـەگەلەی زانـين و رووناككردنەوەيە دەخاتە دەرەوەی ئاخاوتنی قبووڵكراوی كۆمەڵ: نـەزان و خـوێڕی دەبنـە هـەڵگری دروشمی رەوشت و چاكە و بەرژەوەندی گەل.

كەسانی رۆشنگەر و رێچكە شكێن ناو دەنرێن بەبێ شەرم و سەرسەری. جا كەوابێ دەبـێ ئـەنجامی هەوڵی مرۆڤانی ئەديب و رێبەر چ بێ؟

جارێكی دی رەشبينی و بيری بێهوودەيی يەخەی فانی دەگرێ:

ئوودەبا زەحمەتی بێ سوودە بە جووتەی جوهەلا

سيلسيلەی وەحدەتی ئەم قەومە لێك پچڕاوە

سەيری دژايەتی نێوان (زەحمەتی ئوودەبا) و (جووتەی جوهەلا) بكە:

ئەديبان رەنجی هۆش و گيان دەدەن تا بناغە و شيرازەی يـەكێتی نەتـەوە لەسـەر بناغـە و ديـواری زانـست و نيـزام و پـەروەردە و هونـەر دادەرێـژن، لـەو لاوە ((جووتـەی جوهـەلا)) هـەموو ئەمانـە دادەڕمێنێ و ئەو سيلسيلە و زنجيرەی كۆبەنـدی يـەكێتی نەتـەوەيی كـە نووسـەرانی رۆشـنگەر بنيـاتی دەنێن، بە جووتە وەشاندنەكەيان دەپچڕێنن و دەڕمێنن !!

پێشتر لە ساڵی 1941 دا لەسەرەتای پشكوتنی گوڵێ يان چڵێ هۆشياری ژيانی, فـانی هەسـت دەكـا (دڕكـی) زانيـا ری و تێگەيـشتن دۆزەخ دەمـەيێنێ.. دەگـری و دەنـاڵێ و گەلەكـەی گريـان و ناڵەكەشـی

تێناگات, له جیات ئەسرین چاوی خوێن دەڕێژێ بۆ گەلێکی نەزانی بێ هونەر کە گەورەترین چێژی هونەری ئەو شەکراویی خوێنی هاوخاك و هاوخوێنەکانیەتی:

تێگەییو لەم عەسرە دا خوێنی چاوی ئاوییە
شیوەنی رۆژ و شەوی بۆ قەومی لێقەوماوییە
نالە نالی بۆ گەلانی شێت و سەر شێواوییە
جاهیلێکی بێ هونەر ئیمرۆ لە گێتی باوییە
کوردە ئەمما خوێنی کوردی بێ نەوا شەکراوییە.

بەداخەوە تا ئاخری ژیانی پەیامی فانی وا بە پەراوێز کراوی و نامرادی دەمێتەوە. لە هۆنراوەی (لێم گەڕێ) دا لە ساڵی (1972) دا لەکاتی ترۆپکی دەسەڵاتی بەناو شۆڕشە گەندەڵەکەی بارزانیدا دەنووسێ:

نرخی من ناگاتە نرخی جاهیلێکی سەرسەری
ژەهرە هەڵبەستی وەکو ئاوی زولاڵم لێم گەڕێ
هەروەکو و ئەفسانە گشتی دێتە بەر گوێی ئەغبیا
شیعری شیرینی وەکو سیحری حەلاڵم لێم گەڕێ

فانی مرۆڤ

فانی مرۆڤیش لە فانی نووسەر و مونەوویر و شاعیر جیا نییە. لای فانی گوتار و رەفتار، قسە و کردەوە یەکن. وەك وتمان فانی بە راستی رەنجدەر بووە و خۆی وەك رەنجدەر نەك ئاغا ناساندووە. لەم رووەشەوە ئەو جیاوازی خۆی لە (ئەوانی دی) کۆمەڵەکەی بە ئاشکرایی و راشکاوی رادەگەیەنێ:

نە ئاغای دێم و نە کوێخای گەڕەك
پارە بستێنم بەزەبری کوتەك
نە ئەسپم هەیە نە تفەنگی بڕنەو
نە چەتەم هەیە بۆ سەر ئەم و ئەو
نە دزم هەیە نە درۆزنم
لەگەڵ هەردوو لا وەکو دوژمنم

خۆم رەنج دەکێشم بۆ تەئمینی نان

دەست درێژناکەم بۆ نانی دوو نان

لێرەدا فانی خۆناسین و ناسنامەی خۆی بە جیاکردنەوەی کایەی سیمانتیکی بوونی خۆی (واتە وشەگەلی ناسین و مانای ژیان) لە هی کۆمەڵەکەی ئاشکرا دەکا. فانی جیایە، فانییە و کەسی دی نییە چونکە :

ئاغای دێ نییە

کوێخای گەڕەك نییە.

ئەسپ و تفەنگی بڕنەو و چەتەی نییە.

دز و درۆزن نییە

لەگەڵ ئەمانە دژە و دوژمنە

ئەنجام :خۆی رەنجدەرە، پشت بەخۆی دەبەستێ بۆ ژیان بۆیە :

ئازاد و سەربەخۆشە و پێناسە و کایەی زانگەیی سەربەخۆی خۆی هەیە.

لە هۆنراوەیەکی دیکەدا بە ناوی ( بۆ پاکی نییەت) کە پێشتر هێمامان بۆ کرد، فانی زیاتر کایە و فەزای سیمانتیکی بوونی مۆراڵی (ئەخلاقی و رەوشتیاریی) خۆی لە کۆمەڵەکەی جیا دەکاتەوە و لەو رێگایەوە بە جیاکردنەوەی خۆی هەوبوون و ناسنامەی جیای خۆی رادەگەیەنێ. ئەوە دەسەلمێنێ کە لەرووی بیر و باوەڕ و بۆچونی کۆمەڵایەتییەوە ئەو (جیاوازە):

من موعتەقیدی صۆفی و دەروێش و مەلا نیم

پاکی نییەتم لازمە، وێنەی جوهلا نیم

وێنەی کۆمەڵەکەی (وێنەی جوهەلا) یە: وێنەی کۆمەڵە ئادەمیزادێك کە جەهالەت و موفرەداتەکانی جەهالەت رەنگیان دەکا، وەسفیان دەکا، روخسار و ئاکار و پەیامی بوونیان دەستنیشان دەکا. بەڵام ئەو ((پاك نیازە)) چونکە زانایە و راستگۆیە لەو کۆبەندی زانگەرییەی جەهالەتە بەدەرە: خەرافات، ریا، شەهوەت، هەوەسبازی و خۆپەرستی، سازندەیی، خراپەکاری لەگەڵ خەڵك، جەردەیی، درۆ، دووروویی، خەو و تەمبەڵی، هتد..

نانووسمەوە نووشتەی سووتانی پەری و دێو

دەربەستی حەقی نووشتە و جۆیایی کەوا نیم

جەردەم نییە بۆ کەسبی شەرارەت وەکو ئاغا

جۆیایی نەمانی گەل و گریەی زوعەفا نیم

ناکەم  بە درۆ مەدحی نەزانان لە حزوورا

ناحەز بە ریا بازم و رازی بە ریا نیم

خوو نادەمە خەو بۆچی ؟ لەبۆ کەسبی زەکاوەت

گەنجی ئەبەدی هەر ئەدەبە شێتی غینا نیم

ئەمەی دواییان جیاکردنەوە ئایدیۆلۆژی و رەوشتیارییەکەیە کە بناغەیەکی فەلسەفیی هەیەز لای فانی ژیان کاتدار و بەسەر چووە، بۆیە ئەو شێتی دەوڵەمەندی و سامانی دنیا نییە. لای ئەو گەنجی (واتە خەزنە و سامانی) ئەبەدیی و نەمر هەر : ئەدەبە، واتە شیعر و وێژە.. ئەمەیە فەلسەفە و هێزی خۆناسینی شاعیر.

لە هۆنراوەیەکی دیکەدا بەناوی (من) فانی زیاتر فەزای خۆناسینی خۆی بە جیاکردنەوەی کایەکانی بیر و رەوشت و رەفتار و کرداری خۆی لە کایە زانگەیی و بیرییە باوەکانی کۆمەڵەکەی, دەسەلمێنێ:

نە ئاغام و نە کوێخام و نە شێخم

لیباسی موفتە خۆرانم لە بەر بێ

بەسەر مەستی و پەستی رابوێرم

سەرم وەك بەردی رێگا بێ خەبەر بێ

لەگەڵ دوژمن بە دیناری بسازم

ولاتم گەر هەموو زێڕ و زەبەر بێ

هەژاریی لات و گریانی هەژاران

نەکەم سەیر و لە دڵما بێ ئەسەر بێ

هەموو غایەم لە گۆشەی نیشتمان

بەدەست هێنانی ماڵ و عیلمی جەڕ بێ

لە چاکەی هاوزمانان چاو و گوێچکەم

هەتا گیانم لەبەر بێ کوێر و کەڕ بێ

بە ناو خەڵکا گەڕانی من بە تەنیا

لەرێگەی دەست بڕین و فێڵ و گەڕ بێ

لە هۆنراوەیەدا جیاکردنەوەکەی فانی لە رووی (ئامانج و مەبەستی بوون) ە وەیە. ئەگەر مرۆڤ بوونرایی هەبێ، نەك تەنیا بوون (واتە شوێنی لە بوون هەبێ Being نەك هەر بوونێکی رێکەوتی لە سەر زەمین Existence) ئەوە دەبێ پەیام و هۆی بوونەکەی ئاشکرا کا: لای فانی کەسانی کۆمەڵەی بوونیان هەیە: بوونی ماددی دوور لە پەیامی مرۆڤایەتی و نەتەوە خوازیی کە لێرەدا جەختیان لەسەر دەکاز ئەوان هەن وەك : بەردی رێگا، وەك کوێر و کەڕ و بێخەبەر و بێ ئاگا لە ناڵەی خاکە ساران و هەستی نیشتمانپەروەریی. ئەو (فانی یە، جیایە، چونکە هیچ کام لەوانە نییە، بەشێك نییە لەو کۆبەندی وشە و مانا و رەفتار و کردار و نیاز و ئامانجانە. لەبەرئەوە لەم هۆنراوە یەدا (منێتی) جیاوازی خۆی بۆ ئاست و پلەی سیمانتیکی مرۆڤایەتی و نیشتمانپەرستی بەرز دەکاتەوە، (من) ی فانی دەبێتە (من) ێکی نموونەیی بۆیە (گشتی) دەکا و بناغە و پایەیەکی سیمانتیکی جیاواز بەرامبەر (منی باو/ ئەوان ) بنیات دەنێ و کۆمەڵە مەرج و نیشانە و پێناس و وەسف و رێوشوێن بۆ (منی) نیشتمانی لە وێنەی (لاوی شەرافەتمەند و ئازا) دەستنیشان دەکا:

دەبێ لاوی شەرافەتمەند و ئازا

وەکو باخێکی پڕ سایە و سەمەر بێ

(باخی پڕ سایە و سەمەر) بەراورد کە لەگەڵ (بەردی رێگای بێ خەبەر) .

لەرەفتار و کردار و زمانی

هەموو کەس شادمان و بەهرەوەر بێ

بەراوردی کە لەگەڵ :

هەژاری لات و گریانی هەژاران

نەکەم سەیر و لە دڵما بێ ئەسەربێ

لە رێی پارێزگاری نیشتمان

زمانی نەشتەر و سینەی سووپەر بێ

بەراوردی کە لەگەڵ :

لەگەڵ دوژمن بەدیناری بسازم


www.dengekan.com

ولاتم گەر هەموو زێڕ و زەبەر بێ

بەرامبەر لاوەکانی کوردی ئازا

لە خا نەی خۆشەویستیدا پدەر بێ

واتە: لەخانەی ماڵی خۆشەویستیدا بەرامبەر هەموو لاوێکی کورد وەك باوك وابێ. ئەمە بەراورد کە لەگەڵ:

لە چاکەی هاو زمانان چاو و گوێچکەم

هەتا گیانم لەبەر بێ کوێر و کەڕ بێ

بەکورتی (فانی)، دەیەوێ خۆناسینە جیایەکەی خۆی بکاتە دروستکەر و بەرهەمهێنەری کۆمەڵە وشەگەل و پەیڤ و بیرۆکەیەکی نوێی پەروەردەیی کە نەوەیەکی تازە بەپێی ئەو بیرە نوێیانە لە قوتابخانەی کوردایەتی و نیشتمانپەروەریدا پێ بگەیەنێ.

## بەشی سێیەم:

## فانی و فەلسەفەی ئەدەب

وتمان کە فەلسەفە و بنەمای بیریی و میکانیزمی خۆناسین و خۆ جیاکردنەوەی (فانی) باوەڕبوونی بەهێزیەتی بە دەڵەمەندیی و کاریگەریی و تەنانەت ئەبەدێتی و نەمریی ((ئەدەب)) وەك هێزێکی مەعنەوی کە تەنیا و تەنیا ئەو هێزەیە دەتوانێ هەم مرۆڤ دروست بکا و پۆتێنشیاڵی مرۆڤانەی بەدی بێنێ، هەم کۆمەڵان پایەدار و سەروەر بکا، هەم لە رووی بێ هودەیی و عەبەسییەتی ژیانێکی کاتی پڕ ئازار و رەنجدا، بمێنێتەوە و هەمیشە نەمر و پایە داربێ و نەوە دوای نەوەی نەتەوە و مرۆڤایەتیش سوودی لێ ببینن.

له لایەکی کەشەوە هەموو رووناکبیرانی گەورەی گێتی کە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی گەلەکەیان و پێویستی مێژوویی سەردەمەکەیان دروستیکردوون، بەئاگاییەوە کاردەکەن و هۆشیارییان سەبارەت بە کۆمەڵەکەیان، خۆیان،دنیاکەیان، سەردەمەکەیان و پەیامی خۆشیان و ئەو ئامراز و چەکەی بۆ جێبەجێ کردنی ئەو پەیامە بەکاری دێنن هەیە و زۆربەشیان ئەو تێگەیشتنەی خۆیان خستۆتە سەر کاغەز واتە تیۆراندوویانە(یان تەنزیریان کردووە). (فانی) ش وەك مەزنە رووناکبیرێکی سەدەی بیستی نەوەی کورد لەم یاسایە بەدەر نییە.

وەك پێشتر روونمان کردەوە فانی هەر لە سەرەتاوە دەوری خۆی وەك بەکارهێنەری نوتق (ئاخاوتن) ، چەکی شیعر و فەزای ئەدەب و رۆشنگەریی، بۆ چاکسازی و پێشخستن و سەرکەوتن و رزگاری گەلە دواکەوتوو و ژێر دەستەکەی دەستنیشان دەکا .. دیارە ئەمە لە پرۆسەی کار و خەباتەکەیدا، بەشێوەیەکی سروشتی وای لێدەکا سەرنجی ئەوەش بدا بە راستی دەوری ئەدەب و شیعر چییە و تا چ رادەیەك شیعر کاریگەریی هەیە و لە ئەنجامدا بیر و بۆچوونی فەلسەفی و رەخنەیی خۆی سەبارەت بە ئەدەب و شیعریش دەربڕێ. لە دوو هۆنراوەدا کە یەکەمیان (شێوەی ئەدەبی راستەقینە) لە 1951 دا نووسراوە و ئەوی تر کە نامەیەکی شیعرییە بۆ محمد فیدا لە 1949 دا فانی بەروونی و کارامەیی فەلسەفەی خۆی دەربارەی دەوری ئەدەب و شیعر روون دەکاتەوە. بۆیە هەوڵ دەدەین بیرەکانی شاعیر سەبارەت بە ئەدەب و شیعر لەم دوو هۆنراوەیەدا شی بکەینەوە:

شێوەی ئەدەبی راستەقینە.

لەم شیعرەدا بەیتێکی زۆر گرنگ هەیە کە دەشێ بەگەوهەری ناسینی ئەدەبی ریالیزمی راستەقینەی دابنێین. فانی دەوری رۆشنگەریی (ئەدیبی راستەقینە) ئاوا دەناسێنێ:

بە دەرزی قەڵەم عیللەتی موجتەمەع

بە تەرزێکی فەننی موداوا بکەن.

بە راستی کە هەر یەکێك لە تیۆریستەکانی ریالیزمی سۆسیالیست دەوری ئەدیبی ریالیزمی سۆسیالیستییان ئاوا بەکورتی و بەپوختی و بە شارەزایی لە یەك رستەدا دیاری بکرایە، پێویستی بەو هەموو بگرە و بەردە و کێشەیە نە دەبوو کە سەبارەت بە ریالیزمی سۆسیالیست هەر لە دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەرەوە پەیدا بوو.

لە سەرەتاوە هەر لە ناونیشانەکەوە کە فانی ناوی (ئەدیبی راستەقینە) دێنێ، بۆ ئەوەیە لە (ئەدیبی نا راستەقینەی) جیا بکاتەوە. هەموو ئەو وەسف و پێناسە سەرەکییە جیاکەرەوانەش لەو

بەیتەدا بە شێوەیەکی چڕ و سەرنج ڕاکێش کۆکراونەوە. فانی دەوری ڕاستەقینەی ئەدیب وا دەبینێ کە:

1. عیللەتی موجتەمەع ببینن و دەستنیشانی بکەن.
2. دەرزی قەڵەم بۆ چارەسەریان بە کار بێنن.
3. ئەم دەرزی قەڵەمە بە شێوەیەکی (تەرزێکی) هونەریی بەکاربێنن.

با جارێکی دیسەرنجی فەزای بوونی ئەم چوار دەستەواژەیە بکەین:

- دەرزی قەڵەم
- عیللەتی موجتەمەع
- تەرزی فەننی
- موداوا کردن

دەرزی قەڵەم: بێ گومان مێتافۆڕە واتە ( سەر وێنە) یا ( بریوێنە) یە بریوێنە واتە وێنەی شتێك بۆ شتێکی تر وەردەگری و یەکسەر ئەمیان دەکەی بە ئەو, هەردووك دەبن بە وێنەی یەکتر. لێرەدا قەڵەم دەبێ بە دەرزی و دەرزی دەبێ بە قەڵەم، هەردوو سیفەتی خۆیان دەپارێزن و بەگونجاوی دەیدەن بە یەکترز (سەر وێنە) جیایە لە لێك چوواندنز لە لێکچوواندندا دەڵێین : قەڵەم وەك دەرزی وایە، یان دەڵێی دەرزییە، یان لە دەرزی دەچێ، یان بە وێنەی دەرزییە، هتد..واتە لایەنێکی لێکچووانەکە، خاسیەتێکی، ئەرکێکی وەردەگرین، کە لێرەدا ئەرکی هەردووکیان بە چاککردنی دەردی کۆمەل دەبوو. بەڵام لەم ((سەر وێنە)) یا مێتافۆڕە دا، قەڵەم دەبێتە دەرزی، دەرزی دەبێتە قەڵەم.

وشەی (دەرزی) دوو مانای جیاوازی هەیە:

دەرزی شرینقە- ئەو دەرزییەی دکتۆر و برینپێچ بەکاری دێنێ

دەرزی دروومان —ئەو دەرزییەی هەر بەهرەدارێك بۆ دروومان و نەخش و ڕازاندنەوە (بە بەکارهێنانی دەزووی نایاب و ڕەنگا و ڕەنگ و خام و قووماش، هتد) دەشێ بەکاری بێنێ.

لە بە کارهێنانە مێتافۆرمییەکەی (فانی) دا هەر دوو مانا کە لە کاردان و یە کتر تەواو دەکەن و دەبنە وێنە و ئامڕازی پاڵپشتی دوو دەستەواژەکەی دی :

(موداوا) کردن و (بە تەرزی فەننی).

**دەرزی شرینقە کاری موداوا کردن، واتە دەرمان کردن و چارەسەر کردنی (دەردی کۆمەڵ) ئەنجام دەدا.**

**دەرزی دروومان کاری (جۆری هونەری)، نەخش و رازاندنەوەی وشە و مانا و وێنە، ئەنجام دەدات.**

**دەستەواژەی دووەم: (عیلەلی موجتەمەع) زاراوەیەکی کۆمەڵناسییە. هەموو کۆمەڵێك دەرد و نادروستی و ناتەواوی و کەم و کوڕی لە هەموو روویەکەوە هەیە.. هەر بە ناساندن و دەستنیشانکردنی (دەردەکانی کۆمەڵ)، فانی ئەو مانابەندییە پێشەکییە دادەمەزرێنێ کە ئەدیب بە شێوەیەکی بەدیهی دەبێ ئاگادار و دەستنیشانکەری (دەردی کۆمەڵ) بێ، دەبێ کۆمەڵناسێکی باش بێ.**

**لە لایەکی دیکەوە هەر لەو دەستەواژەدا وێنە یا سەروێنەکی دیکەی شاراوە بەلاَم تێگەیشتراومان هەیە: ئەویش ئەوەیە کە ئەدیب : دکتۆرە و دەرمانسازە .**

**وشەبەندیی ئەم فەزای ئاخاوتنی پزیشکی یە وشەی (عیلەل) واتە دەردەکانە ..مەبەستەکە ئەوەیە هەروەك چۆن دکتۆر (نەخۆشی و دەردی لەش و دەروون) ی تاکە کەس دەستنیشان دەکا، ئەویش دکتۆرێکە (یان دەبێ دکتۆرێك بێ، وەك گریمانێکی پێشینەیی قبوولکرا و) کە دەردەکانی لەشی کۆمەڵ دەستنیشان دەکا. لێرەدا بنیات و ستاکتووریی سیمانتیکی، دەستەواژەکان بە پەرینەوەیان بۆ کایەی ئاخاوتنی پزیشکی فراوان دەبن:**

**پزیشك: دەردی فیزیکی، (دەرمانکەر) ، چارەسەری فیزیکی**

**دەرزی و شرینقە بۆ چارەسەری نەخۆشی. شارەزایی و پسپۆڕی زانستی، لێپرسراوی پیشەیی و ئەخلاقی وەك دکتۆر.**

**ئەدیب: پزیشکی کۆمەڵایەتی، دەرد و ناتەواویی کۆمەڵایەتی، چارەسەریی دەردی کۆمەڵ بە دەرزی قەڵەم. شارەزایی کۆمەڵناسیی، لێپرسراوی پیشەیی و ئەخلاقی وەك ئەدیب.**

**گەر بگەڕێیینەوە سەر وشەی (دەرزی) دروومان، وشە بەندییەکمان لەگەڵ فەزای هونەر و رازاندنەوەدا هەیە :**

**دروومانکەر: دروومانکردن، نەخشکردن، رازاندنەوە، ووردەکاریی، سەلیقەیهونەریی ،شارەزایی هونەریی،بەرهەمی جوان،سەرنج راکێشانی بەکارهێنەرانی نەخشەکە، دەست ڕەنگینی،دەست خۆشی لێکردن، بازاڕ پەیداکردن.**

**ئەدیب: دەرزی و درووما نی قەڵەم ، وشە سازی، پیشەسازیی دروستکردن و رازاندنەوەی ما نا ، وردەکاری لە مانا و مەبەستدا، نیشاندانی سەلیقەی هونەریی، شارەزایی هونەری، بەرهەمی شیعری و**


www.dengekan.com

ئـەدەبیی جـوان، سـەرنج راكێـشانی خوێنـەر و جـەماوەر، بـرە و پێـدانیبازاڕی وشـە و هونـەر. كـاری هونەری مەزن و نەمر، هتد

تەرزێكی فەننی: واتە بە جۆرێكی هونەریی، چەشـنێكی هونـەریی. واتـە گـرنگ لێـرە دا (چەشـنە)، نەوعییـەت. هونـەریی بـوون وەك تـەكنیك و شـارەزایی و پـسپۆڕی لـە هـەردوو ماناكـەی (دەرزی) دا دەچەسپێ و راست دەكەوێ. لە ئەدەبدا، فانی دەڵێ، نابێ تەنیا مەبەست وشـە ریزكـردن بـێ لـە چـوار چـێوەی مەبەسـتی دەربڕینەكـەدا هـەر شـیعرێك، هـەر بەرهـەمێكی ئـەدەبیی، دەبـێ چەشـنبوونی هوونەریی هەبێ، دەبێ وەك هونەریش ناسراوە و بەرچاو و كاریگەر بێ. ئەگەر چی دەوری ئـەدەبیش دەورێكی ریالیستیانەو رۆشـنگەرانە بـێ و نووسـەر و وێـژەوان دەوری چاكساز و دكتـۆری كۆمەڵایـەتی ببینێ, هێشتا لایەنە پسپۆڕییەكە وەك شارەزایی قووڵ لە بابەتی باسـەكە و لایەنـە هونەرییەكـە وەك رازاندنەوە و جوانكردن و بـاڵاكردنی هونـەری بابەتەكـە یـەكجار, بـۆ سەرخـستنی پـەیامی چاكسازیی كۆمەڵایەتی, پێویست و گرنگن.

لە وشەی موداوا دا (دەرمانكردن، تیماركردن، چاكردنەوە، چارەسەر كردن) هەموو دەسـتەواژەكانی دی یەكدەگرنەوە و تەنانەت دەتوێنەوە.

موداوا: كردەوەیە، چالاكییە راستەقینەیەكە، پراكتیسە.

شارەزاییە زاستییەكە: دەستنیشاكردنی دەرد

ئامرازە تەكنییكیەكە: بەكارهێنانی دەرزی قەڵەم یان شرینقەی دەرمان

پرۆسە هونەرییەكە: پراوە و كاری زانست و هونەریی و ئەدەبی: نووسین و رازاندنەوەی بەرهەم .

ئەمانە هەموو ئەوكاتە دەبنە ئەرك، كاریگەریی، وەزیفـەی كۆمەڵایـەتی ئـەدیب كەبەشـداری كـاری راستەقینەی دەرمـانكردن و چـاكردنەوەی كۆمـەڵ بكـەن. ئـەگینا گـەر زانـست و شـارەزایی و هونـەر و بەرهەمەكە لەفەزای بوونی تایبەتیدا خۆیاندا، بمێننەوە، هەرچەندە جوان و هونەریی و زانستانە بن، ئەوا هیچ نرخی كۆمەڵایەتی و مێژوویی یان نابێ. دەبێ لەكات و سەردەمی خۆیدا بەرهەمی ئەدەیبی ـ هونەریی لە چاكردنەوەی دەردەكانی كۆمەڵدا دەور و ئەنجام و شوێن پەنجەی دیاری هەبێ.

ئەمەیە شێوەی دەست نیشانكردنی ئـەركی ئـەدیبی ریـالیزمی لای فـانی. جـا بـا ئێـستا بـە درشـتر سەرنجی تەواوی شیعرەكە بدەین :

1. ئەدیب ئەو كەسانەن كە وێنەی چرا

بسووتێنی و تەنویری دنیا بكەن

ئەدیب وەك چرا دەسووتێ و دنیا رووناك دەكاتەوە. ئەمە دەوری هۆشیاركردنەوە، دەوری رۆشنگەری و رووناكبیرانەی ئەدیب دەسەلمێنی..

2. بەرێی راستی دا بڕۆن تا دەڕۆن
لە ناراستی شەرم وحاشا بكەن.

مەرجێكی مۆراڵی (ئەخلاقی) بۆ ئەدیب دادەنێ: دەبێ خۆبەند و بیر بەند بێ بەراستییەوە. ئەمە پێوانەی ئەخلاقی ئەدیبە. دەبێ تا وەك ئەدیب دەڕۆن و دەورییان هەیە لە كاری درۆ و بانگەشە بۆ ناراستی و ساختەیی شەرم بكەن و خۆیان لەو جۆرە كارانە دوورخەنەوە.

3. نەگۆڕێن بەگەنج و نەترسن لە رەنج
لەگەڵ نامولایم مودارا بكەن

مەرجیكی مۆراڵی ترە. ئەدیب نابێ بە تەما و تامی پارە و گەنج و سامان بگۆڕێ و پەیامی مۆراڵی و نیشتیمانی خۆی فەرامۆش بكا. نابێ لە وەش بترسن كەلە ئەنجامی ئەمەدا دەبێ زیاتر ڕەنج بكێشین . دیارە كۆمەڵ و هەلومەرجی دنیاش هەموو دەم بە دڵی ئەوان نابێ. دەبێ لەگەڵ باری ناپەسەند و نابەدڵ و نەگونجاو بگونجێن و كۆڵ نەدەن و خۆیان دوورە پەرێز و پەراوێزیی نەكەن.

4. لەگەڵ موجتەمەع یەك دڵ و یەك زمان
ژیانێكی مەردانە داوا بكەن

دەست نیشان كردنی ئەركی كۆمەلأیەتی و ویژدانی ئەدیبی راستەقینەیە. لە كاتێكدا ئەدیب رەنگە ناچاربێ لەگەڵ دەسەلأت مودارا بكات , دەبێ لە كۆمەڵەكەی دانەبڕێ. یەك دڵ و یەك زمان بێ لەگەڵیدا.. بەژیانی سست و پەست و نزمی جەماوەر رازی نەبێ و گەل تێگەیەنێ و هانی داو لەگەڵیا داوای ژیا نێكی بالأتر و باشتر و شەرەفمەندانەتر بكەن..ئەدیب نابێ تەنیا خۆی بكاتە بڵندگۆ و نوێنەری كۆمەڵ و گەل، دەبێ نەك هەر بۆ كۆمەڵ ئیش بكا، لەگەڵ كۆمەڵدا ئیش بكا، بەشداری لە پرۆسەی وو‌ریا بوونەوە و تێگەیشتن و دەستنیشان كردنی دەردەكانی و دۆزینەوەی چارەسەری بۆیان.

5. لەبۆ لاوی ئایندەی نیشتمان

گەلێ پەندی شیرین موهەییا بکەن

ئەدیب پەیامبەرە. روانگەی روونی هەیە. جیهان دەبینێ و لە ئاینده پیشبینی دەکا. بۆیە ئەدیب بەتەنگ هێزی ئاینده و پاشە رۆژەوەیە کە لاوانی گەلن. بۆئەوەی لاوی ئاینده لە کۆمەڵ و کولتوور و زمان و میراتی نەتەوەیی و بیری خۆناسینی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەری دانەبڕێن، دەبێ ئەدیبان هەریەکە لەلای خۆیەوە بەندی سروود و پەندی جوان و شیرین و هونەرمەندانە بۆ نەوەکانی ئاینده ئامادە بکەن.

6. ئەگەر بابیان بێ نەزان یا برا
حەزەر کەن لە خۆیان و حاشا بکەن.

نەزان جێی باوەڕ نییە. لای فانی نەزان ماکی هەڵە و تاوان و تێکدانی کۆمەڵە. ئەدیب دەبێ بەدوای یاسا و رێسا و رێو رەسمی باوی کۆمەڵ نەکەوێ و خوێن و کەس و کار پەرستی و خزمایەتی نەکاتە بنەما و پێوانەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی. دەبێ وریا بن و خۆیان لە نەزان دوورخەنەوە و حاشایان لێ بکەن ئەگەر باب و برای خۆشیان بەشێك لەو نەزانانە بن.

7 . نەترسن لە تەنقیدی ئەهلی رییا
هەموو عەیبی ئەم دەستە ئیفشا بکەن

ریا بازان ئەوانەن گوفتار و کردارییان، ئاسمان و رێسمان لێك دوورە . ئەوان قسەی چاك دەکەن و رەفتاری خراپ دەنوێنن. بەڵێنی باش بە گەل دەدەن و لەولاشەوە کرداری خۆپەرستانە و ژەهراوی ئەنجام دەدەن. درۆکانیان بەدروشم و دوو روویی دەشارنەوە. ئەدیبی راستەقینە نابێ لە رەخنە گرتن لە دەستەی ئەو جۆرە ریاکارانە بترسێ. دەبی حەقیقەتیان بۆ گەل دەرخا، کارە دزێوەکانی بن بەڕەیان بخاتە سەر بەرە. لێیان لە هەڵلاداو هەموو عەیب و عارەکانیان دەرخا و ئابڕوویان بەرێ.

8. بەنووکی قەڵەم خائینی نیشتمان
سەرەفگەندە و خوارو و ریسوا بکەن

نووسەر تەنیا قەڵەمەکەی هەیە بەڵام نووکی قەڵەمەکەی دەتوانێ دنیایەك برووخێنێ و دنیایەك دروست بکا. مرۆڤی خائین، چ ئاسایی بێ یا سەرکردە، رووخێنەری رەوشت و ئامانج و هیوایە. نووسەر دەبێ خائینان سەرنگوون و ریسوا بکەن و بە قوڕیاندا بەرنە خوار.

9. لەگەڵ ئەهلی عیرفان و حیکمەت بژین
بە نووری زەکا دڵ موصەففا بکەن

ئەدیبان دەبێ لە دەستەی رۆشنبیر و زانا و دانای گەلەکەیان نزیك ببنەوە و لەگەڵ ئەوان بژین نەك لەگەڵ دەسەلاتداران و سیاسەتمەداران. ئەوان دەبێ دڵی خۆیان بە رووناکی و زانین و پرشنگی بەهرەوەریی پاك بکەنەوە.

10. نەدەن رێگە تا زاڵمی موفتە خۆر
هۆلاکۆ سیفەت قەتل و یەغما بکەن .

بە هەموو ئەمانەی سەرەوە، بە کارکردن لەگەڵ گەل و ریسواکردنی خائینان و پێکهێنانی بەرەی رووناکبیران و هۆشمەندان، ئەدیبان دەبێ رێگا نەدەن هیچ دەستەیەکی زاڵمی موفتە خۆری گەندەڵ و گەل رووتێنەوە، وەك هۆلاکو کوشتن و برین و تاڵان و وێرانی لەناو گەلدا بەرپا بکەن.

11. بە گوتاری بەرز و بە ئەشعاری خۆش
گەلی غافڵ و هەرزە ئاگا بکەن.

گەل زۆربەی نەزان و نەفام و بێ ئاگا و هەرزە و کاڵ و تێنەگەیی و پێنەگەیوە, ئەدیبان دەبێ بە نووسینی و تاری بەرز و بەجۆش و کاریگەر و هۆنراوەی جوان و رازاوە و سەرنجراکێش, گەلی بێ ئاگا هۆشیار بکەنەوە و راستی مەسەلەکان و رێگای راستییان نیشان دەن.

12. بە مەردیی بنووسن بەمەردی بژین
هەتا ناوی مەردانە پەیدا بکەن.

دەسکەوتی مەعنەوی بۆ نووسەر و ئەدیب زۆر گرنگترە لە دەسکەوتی پارە و پوول. ئامانجی فەلسەفیی ئەدیب دەبێ ئەوەبێ شوێنی خۆی لە ناو کۆمەڵ و ژیان و مێژوودا بکاتەوە و ناوبانگێکی

باش و ناوێکی مەردانە پەیدا بکەن. بۆ بەدی هێنانی ئەمەش نووسەر دەبێ جیا بێ. دەبێ نەترسێ. مەرد بێ. بە ئازایی بنووسێ و بەمەردیی بژیا.

13. لە نامووسی جاسووسی خائین بەرن
تەنەففور لە کرداری بێ جا بکەن

جاسووسان بێ شەرەف بکەن نەفرەت لە هەر کردارێکی دزێو و نابەجێ بکەن.

14. هەتا گەل برابن لەگەڵ یەکتری
نەشیدی برایانە ئینشا بکەن

گەل هەتا هەستی یەك نەتەوەیی و برایەتی لا دروست بێ پێویستی بە بیر و هەست و رەمز و نیشای هاوبەشە. سروودی نەتەوەیی ئامرازێکی گرنگی ئەو خۆ ناسین و یەك هەستییە نەتەوەییەیە.

15. لە تەوبیخی جاهیل نەبن بەر حەزەر
سووپاسی کوڕی ژیر و ئازا بکەن

پێوانەی چاکی و نرخاندنی خەڵکیان هەبێ. دەبێ سەرزەنشتی نەزانان بکەن و بێ پەروا و بێ سڵ کردنەوە رەخنەیان لێ بگرن و گوێ بە سەرزەنشتی ئەوان نەدەن. لە هەمان کاتدا دەبێ ستایش و سووپاسی رۆڵەی ژیر و ئازا بکەن.

16. بە دەرزی قەڵەم عیللەتی موجتەمەع
بە تەرزێکی فەننی موداوا بکەن.
پێشتر بە درێژایی ئەم بەیتەمان شیکردەوە.

17. لە زنجیرەی زوڵم و ستەم قاچی گەل
بە میفتاحی وەحدەت بەرەڵڵا بکەن

ئەمەش مەبەستێکی گرنگی دیکەیە کەفانی لە رێگای وێنەی شیعریی، سەروێنە (میتا فۆر) دەری بڕیوە.

قاچی گەل بە زنجیری زوڵم و ستەم بەستراوە. واتە گەل تووشی تاوان وستەم و زۆرداریی دەرەوە و ناوەوە بووە. ئەمە زنجیرێکی کۆمەڵایەتی ناوخۆیی دەردە کوردە و تەنیا بەیەك کلیل دەکرێتەوە.

ئەویش کلیلی یەکێتییە. بە بەکارهێنانی میکانیزمی بەراوەژوو کردنەوە لە ستراکتووری سیمانتیکی بەیتەکەدا، ئاشکرا دەبێ کە ئەو زنجیرە ئەڵقە ئەڵقەی دابەش بوون و ناکۆکی و دووبەرەکی و چەند بەرەکی کۆمەڵگای کورد خۆیەتی. بۆ کردنەوەی ئەو ئەڵقە زنجیرانەی دابەشبوون و پەرت پەرت بوونە گەلی کوردستان پێویستی بە یەك کلیل هەیە کە کلیلی یەکێتییە. دیارە (کلیل) یش میتافۆرە..کلیلێك کە هی یەکێتی بێ دەبێ کلیلێکی هەرە تایبەت بێ، موعجیزەیی بێ. دیارە ئەم کلیلە کلیلێکی بیریی (ئایدیایی) یە..

ئەم کلیلە ئایدیای کوردایەتی، ئایدیای کورد بوون و کوردستانی بوونە کەلە دەوریدا کورد یەك بگرێ.

18. لە کرداری زاڵم لەجەووری نەزان
بەتوندی حیکایات و شکوا بکەن.

ئەدیبان دەبێ هیچ کارێکی نارەوایان بەسەردا تێنەپەڕێ. کەزاڵم زوڵمی نواند و کەنەزان کاری ناشیاو و زیانبەخشی کرد، دەبێ نووسەران ئەو کردارە چەوتە ستەمکاریانە بکەن بە چیرۆك و داستان و سکاڵا لەو کارانە بکەن.

19. بەخامەی دووسەر دیدەی خامییان
لە بۆ سوودی ئایندە ئیعما بکەن

بەخامەی دووسەر دیدەی کەسانی هەرزە و تێکدەر کە بەرهەڵستن لە سەر ڕێگای ئایندە کوێر بکەن واتە فتیان بکەن و نەهێڵن لە پرۆسەی مێژوویی‌دا دەوری خراپیان هەبێ.

20. بەعیشقی وەتەن موشتەغیل بن هەبوو
بە دڵ تەرکی تەعریفی لەیلا بکەن

باهەموو ئەدیبان پێکەوە عیشقی کوردستان بکەنە کار و پیشەیان و واز لە شیعری دڵداری و پێدا هەڵدانی یارەکانیان بێنن.

لەم شیکردنەوەیەی سەرەوەدا مەودای بیرکردنـەوەی سیاسـی و رووناکبیرانـەی فـانی و تێگەیـشتنی ریالیستانەی ئەومان دەربارەی ئەرکی ئەدەب و ئەدیبان بۆ روون بۆوە.

شیعر و هۆنراوە (نەڤم)

هۆنراوەیەکی دی کە تیایدا فانی بە درێژی بیرو رای خۆی دەربارەی ئەرکی شیعر و هۆنراوە (وەك نـەڤم) دەردەبـڕێ ئـەو نامـە شـیعرییەیە کـە لـەوەرامی نامـەی محمـد فیـدا دا لـە سـاڵی 1948 دا نووسیویەتی و لەبەرگی یەکەمی دیوانەکەیدا بە ناو نیشانی خەم و نامەیەك و شیعر (چاپی 1976 ) بڵاوکراوەتەوە.

هەوڵدەدەین شیکردنەوەیەکی بیرەکانی ئـەم هەڵبەسـتەش بکـەین کـە بەشـێوەی شـەش خـشتەکی نووسراوە.

ئەی کاکە فیدا گوێ گرە لەم باس و بەیانە
ماددیی لە جیهان زلترین هیوای نەزانە
گەنجی ئوودەبا شیعری تەڕ و نەزمی جوانە
ئەو روو لە فەنا کردنە ئەم روو لە ژیانە

ماددی نییەتی مەنزیلەت و قەدری مەعانی
تەحصیلی مەعانیکە بە دڵ تا دەتوانی

ستراکتووری بیری فانی دوو دژەی یان ( دوالیزمی ) زانین / نەزانین ە

شیعرەکانی دیکەی کایەی زانگەیی ئـەم دوو دژەیـە، لـە چـەندین بـیرو بیرۆکـە و وشـە گـەلی دژ دا دێنرێنەوە. لێرەدا دوو دژە یەکی هاو مانا یان زێدە مانای ئـەو دو الیزمـە سـەرەکییە دژایـەتی نێـوان مـاددی و مەعنەوییـە، یـان مـاددە و مـەعنا. مادییـەت، بـەمانای پـارە و دەوڵـەت، گـەورەترین هیـوای نەزانـە. کەوایـە ماددییـەت بـەمانای پـارە پەرسـتی (نـەك دروسـتکردنی سـامان) وەك درێژبوونـەوەی بیرۆکـەی ئامـانجی نەزانینـە. بەرامبـەر (مەبەسـتی مـاددیی) نـەزانو فـانی(گـەنجی ئـەدەبی) ئـەدیبان دادەنێ.

ئەو گەنجی ئەدەبەش بە دوو شت دیاری دەکات :

شیعری تەڕ و نەزمی جوان. لێرەدا فانی جیاوازی لە نێوان شیعر و هۆنینەوە دەکات و دوایی زیاتر ئەم جیاوازییە روون دەکاتەوە. ئەوەی لێرەدا سەرنجی دەدەین ئەو ئاوەڵناوانەیە کە بۆ (شیعر) و (نەڤم) بەکاریان دێنێ.

بۆ شیعر ئاوەڵناوی تەڕ بە کاردێنێ (شیعری تەڕ) بەڵام بۆ نەزم ئاوەڵناوی جوان بەکار دێنێ ( نەزمی جوان). هەڵبژاردنی ئەم دوو ئاوەڵناوە گەرچی دیارە ئەنجامی بیرێکی خۆ رێژ ((عەفەوی)) یە، هێشتا گرنگە و تێگەیشتنی رەخنەیی فانی لە شیعر نیشان دەدا.

(تەڕیی) سیفەتێکە جیا نابێتەوە لە وەسفکراوەکە، چونکە تەڕی بەمانای ئاوداریی و لەزەتی ناوەوە دێ وەك میوەی تەڕ و ئاودار.. شیعری تەڕ بەم مانایە سیفەتی خۆشبەخشینی هونەریی لە ناوەوەی خۆی هەڵدەگرێ واتە دەبێتە بەشێك لە مانا و بابەتەکە، یان جیاکردنەوەی شێوە و ناوەرۆك لەکاری شیعری هونەریی بەرزدا کارێکی ئەستەمە. بەڵام نەزم (نەڤم) هۆنینەوەی شیعری verse بە جوان وەسف دەکا. دیارە (جوان) و (جوانی) دەکرێ لێکدانەوەی زەبەند و جیاواز هەڵبگرن.. بەڵام مەبەستی فانی لێرەدا دیارە کە جوانی دەرەوەیە، جوانی وەك سیفەتێك کە لە دەرەوەرا بۆی زیاد بکرێ یان رووکەشی بێ یان رواڵەتیی وەك جوانی ئافرەتێك بە هۆی ماکیاژەوە.. واتە نەڤم دەکرێ جوان بێ، ئارایشت کرابێ، رازابێتەوە، سەرنج راکێش بێ، بەلام ناکرێ (تەڕ) بێ، بە هەر حاڵ مەبەستی فانی لەم پارە شیعرییەدا ( پارە: بە مانای پارچە کە دەشێ لە جیاتی بەشە شیعرێك هەرچەند بچووك یان گەورەبێ یان لە جیاتی پەرەگراف لە نووسینی پەخشانی دا بەکاری بێنن) تەنیا ئەوەیە جیاوازی فەلسەفی نێوان ماددە و مەعنا یان دەوڵەمەندیی ماددی و دەوڵەمەندی ئەدەبیی دەربخا. یەکەمیان دەوڵەمەندییەکە, کە روو لە لەناوچوونە، دووەمیان دەوڵەت و سامانێکی مەعنەوییە, کە روو لە ژیانە، واتە تا کاتی زیاتر بەسەرا تێپەڕبێ (نرخی بوون) ی زیاتر دەبێ. لەبەرئەوە, ئەوە شتێکی بەڵگە نەویستە کە (ماددی) بەهاو پلە وپایەی (مەعانی) نییە.

2. هەر شیعرە کە رێی راستی و چاکە نیشان دا
هەر شیعرە شرینقەی ئەدەب و خوو لە نەزاندا
هەر شیعرە وەکو گەنجی موخەللەد لە جیهان دا
هەر شیعرە کەوا هێزی تەقەددوم بە گەلان دا
هەر شیعرە زەکا بەخشی دڵ و لابەری خامی
هەر شیعرە کوڕی زیندەی خەییام و نیزامی

شیعر ڕێبازی ڕاست و چاك نیشانی گەل دەدا. شیعر شرینقەی ئەدەب و خووی جوان لە نەزانان دەدا. لێرەدا سەرنج دەدەین بیری (دەرزی قەڵەم) کە لێرەدا بۆتە (شرینقەی ئەدەب) بە تەواوی دەچێتە خانەی ئاخاوتنی پزیشکییەوە.

شیعر (نەك شاعیر) کراوەتە کەسێك کە شرینقەی ئەدەب و خووی جوان لە نەزانان دەدا. واتە لێرەدا حاڵەتێ یان تەکنیکی هونەریی (کەساندن personification) هەیە. کەساندنی شیعر وەك دکتۆری ڕەوشت . بیر و هەستە جوانەکانی شیعریش دەبنە ئەو دەرمانەی کە حاڵەتی خەستەیی (بەدکاری و زبر خوویی) نەزان دەگۆڕێ بۆ ڕەوشت و کار و هەڵوێستی جوان.

دیسانەوە فانی ((نەمریی)) شیعر و مانەوەی وەك گەنجینەیەکی ئەبەدی لە جیهاندا بۆ نەوەکانی گەل و هەموو گەلان دەسەلمێنێتەوە.

شیعر وەك سەرچاوەی هێزی پێشکەوتنی گەلانیش دادەنێ. بەوەی کە شیعر دەتوانێ و دەکرێ بکرێتە هێزێکی پەروەردەیی مەزن : بۆ پەروەردەی هەست و هۆش و دروستکردنی هاو هەستیی و هاو بیریی و چێژی هونەریی لای خەڵك. بەم پێیە شیعر بەهرە و زانست بە دڵ دەبەخشێ و (خامی) واتە حاڵەتی کاڵی و هەرزەیی و خاویی ناهێڵێ .. نموونەیەکی زیندووش بۆ سەلماندنی نەمری ئەدەب بە ناو هێنانی شیعر وەك (کوڕی زیندوو) ی شاعیرانی بەناوبانگی ئێرانی (خەیام)و (نیزامی) پێشکەش دەکا.

گەر (خدری زیندە) ئەفسانە بێ، ئەوا بوونی ومانەوەی شیعر وەك (کوڕی زیندە) ی خەیام و نیزامی و معەرری و حاجی قادری کۆیی (کە ئەم دووانەی دوایی کوڕیان نەبووە) ئەفسانە نییە و ڕاستییەکی نەمرە.

3. هەر نەڤمە کەوا دانەری تەرتیب و نیزامە
هەر نەڤمە جڵەو کێشی بەرەو پێش عەیامە
هەر نەڤمە کە شیرینتری گوفتار و پەیامە
هەر نەڤمە کە چاتر محەکی پۆختەو و خامە
هەر نەڤمە پزیشکێ کە دڵی خەستە دەوا کا
هەر نەڤمە شەرابێکە بەسەر نەشئە عەتا کا

فانی جیاوازی تەواو لە نێوان پێناسە و بیری (شیعر) و پێناسە و بیری (نەڤم) یان هۆنینەوە دەکا و دیارە شارەزای ئەو جیاوازییە بووە کە رەخنە گران لە نێوانی ئەم دوو جۆرە نووسینەی هەڵبەستیان کردووە.

فانی (نەڤم) بە دانەر یا رێکخەری (تەرتیب و نیزام) دەبەستێتەوە. واتە (نەڤم) دەوری راستەوخۆی زیاترە لە رێکخستن و تەرتیب کردنی شتەکان و ستراکتووری کۆمەڵدا. ئەمیش لەبەرئەوەیە کە نە**ڤ**م وەك نووسینێکی راستەوخۆ کە دەکرێ خێراتر و ئاسانتر و بەربلاوتر بۆ کاری پەروەردەیی و رۆشنبیری بە کاربێ دەکرێ بکرێتە (جلەو کێشی خەڵك) بەرەو پێشەوە - واتە راکێشەری خەڵك بێ بۆ پێشکەوتن.بەکارهێنانی کەساندنی (جلەو کێشی) بۆ (نەڤم) لە حاڵەتی خۆ کردی و خۆرِێژیی و هێز و ووزەو جوانی ناوەوەی شیعر جیای دەکاتەوە. نە**ڤ**م دەکرێ بکرێتە (جلەوێك) و خەڵکی هەڵبەتا لەگەڵ جۆرە هێز و فشارێکیش, بۆ پێشەوە پێ رابکێشرێ.. هۆنینەوە (چ وەك هۆنراوە چ وەك پەخشان) دەکرێ وتار و پەیامێکی هەرە شیرین و سەرنج راکێشبن و خەڵك حەز لە خوێندنەوەیان بکەن. هۆنینەوە (نەڤم) دەکرێ بشکرێتە محەکێك, پێوانەیەك، بۆ دیاری کردن و دەسنیشان کردنی ئەوانەی کاڵ و کرچن لە ناو کۆمەڵدا.

فانی دیسانەوە ئاخاوتنی پزیشکی دوبارە دەکاتەوە و (کەساندنی) نەڤم دەکا وەك پزیشکێ .بەڵام ئەمجار وەك پزیشکێك هۆکارو شێوازی رۆتینی (بێ تەرزی هونەری و دەرزی قەڵەم) بۆ چارەسەر کردنی دڵی خەستە بەکاردێنێ.

دەشکرێ لە ئاستێکی جوان و شیرینی وا دارِێژرێ کە وەك شەراب سەران مەست کات.

لە بەشێکی دیکەدا فانی دێتەوە سەر دەوری کۆمەلأیەتی و نیشتمانی شیعر بۆ بەرەو پێش بردنی (مەسلەحەتی زل زلی میللەت) .ئەو شیعرە دەبێ بەم جۆرە بێ:

4. شیعرێ کەقەلأی جەهل و نەزانی برمێنێ .
داوی تەمەعی موستەبیددان هەڵبوەشێنێ
تۆوی شەرەف و یەکێتی و چاکە بچێنێ
لاوانی جەفا دیدەیی گەل پێبگەێنێ
ئەم شیعرەیە چاتر لە هەموو گەنجی نەزانە
ئەم رابەری رێکییە, ئەو کانی زیانە

فانى لێرەدا جەخت لەسەر دەورى شيعر لە دژايەتى كردنى جەهل و نەزانيى و رماندنى قەلاَكەى دەكا ....داوى تەماع و نيازى خراپى ستەمگەران هەلّدەوەشێنێتەوە (بەئاشكراكردنىنهێنيەكانيان)و تۆوى شەرەف و يەكێتى و چاكە دەچێنێت .ديسان جەخت لەسەر دەورى شيعر لە تێگەياندن و پێگەياندنى نەوەى نوێى لاوان دەكا .

فانى و قوتابخانەى بيرى نەتەوەيى حاجى قادر

فانى تەواوكەرى قوتابخانەى بيرى نەتەوەيى ڕەخنەيى شۆڕشگێڕى حاجى قادرى كۆيى نەمرە لە هەموو ڕوويەكى كۆمەلاَيەتى، ڕۆشنگەريى، ستراتيژى نەتەوەيى و سەربەخۆيى خوازىو خەبات بۆ كۆمەلّێكى شارستانى كە لە سەر بنچينەى زانست و هۆشيارى و هاوتێكەلّى لەگەلّ پرۆسەى جيهان بووندا، دامەزرابێ. لە هۆنراوەيەكدا بۆ لاوى كوردستان لە سالّى 1950 دا فانى ئاوا باسى حاجى قادر دەكا:

حاجى قادر شاعيرى مەشهورو دەولّەت خواهى كورد

شيعرەكانى شاهيدن بۆ فيكرو بەرزى فيترەتى

هەروەكو باوكێكى موشفيق چۆنە بۆ ئەولادى خۆى

دەرحەقى كوردانى گێتى وا بوو رەحم و شيفقەتى

بۆ ئەوەى ئيرشادى كوردو نەشرى سەربەستى بكا

دايە سەر شيعرو ئەدەب تا رۆژى مردن ئولفەتى

حاجيا حەيف و تەئەسوف ميللەتى نادانى تۆ

بەم هەموو بەندانە جاهيل ما نەگۆڕا حالّەتى

گەڕ لە ناوقەومێكى زانا بايە حاجى بێگومان

تا زەمانى ئاخرەت دەكرا سوپاس و مەدحەتى

بيرى وردى فانى وەسفێكى ووردى خانى وەك :

ڕێبەرێكى ئايدۆلۆژى و نەتەوەيىمەزن ، بەرهەم دێنى: حاجى (شاعيرى دەولّەت خوا) بوو, دەولّەتى كوردستانى دەخواست، هەموو كوردى بە ڕۆلّەى خۆى زانيوەو شيعرو ئەدەبى كردۆتە خوو-و پەيامى خۆى بۆ ڕێنوێنى كورد و بلاَوكردنەوەى بيرى ڕزگاريخوازى بە كارهێناوە. سەيرە

دوای ئـەو بـیرە بەرزانـەی حـاجی کـە قوتابخانـەیـەکی تـەواوی بـیری نەتـەوەین ، کـورد نـەگۆڕاوە و کەڵکی لە ئامۆژگاری و بیرەکانی وەرنەگرتووە. گەر حاجی لە ناو هەر مێللەتێکی تری دنیا دا بایـە ، دەکرا بە کەسێیتیەکی هەرە بەناوبانگ  و نەمر و تا ئەبەد نرخی دەزانراو سووپاسی دەکرا.

هۆنـراوەکـەی (فـانی) ش بـۆ شـاعیری کـوردی فارسـیی نـووس (عیـشقی) بـە شـێوەیەکی رەخنـەیی ئاشـکرا فەلـسەفەی فـانی دەربـارەی پـەیامی شۆڕشـگێرانەی شـیعری بـەرز, روون دەکاتـەوە نـاوەرۆکی هۆنـراوەکە ئاشکرایەو بە پێویستی نازانم شی بکەمەوە.

## بـــــــەشی چوارەم:

### بیری فە لسەفی و ڕەخنەیی فانی

1. جیهان : لە ڕوانگـەی ڕاسـتەقینەی ژیـن و مەرگـەوە، جیهـان فەزایەکـە بـۆ پێـشکەوتنی مرۆڤـزاد.. بەڵام هەر لەو کاتیشدا دەشـێ بڵێین کوشـتارگەیەکی مـرۆڤ و لـە ئاکامـدا گۆڕسـتانی بـە کۆمـەڵی هـەر نەوەیەکی مرۆڤە :

بزانە ئەم جیهانەی تۆی  لە ناوی
کوشندەی پاکیی ئەبنائی جیهانە

ئەجەل دەگرێ یەخەی شاهو گەدامان
ئەگەر ئەم خەڵکە پاشا یا شوانە
کەوا بێ بۆ بەشەر گەنجی دوو عالەم
لە عالەمدا بەخۆشیی خۆی ژیانە
نەڕێژی وەك نەزانان ئابڕووی خۆت
لە ژینا بەهرە ئەخلاقی جوانە

2. ژیان : ژیان وەکو شتێکی رەها ئەبەدیی نییە، ئەمـە بۆشـاڵێکی ( بۆشـخەیاڵ ـ وەهـم) ی مرۆڤـە کە بۆخۆی دروستکردووە، ژیان  لە  ڕێژەی تەمەندا هەیەوهیچی تـر ، بۆیـە ژیـان وەك تەمـەن دیـاری

**کراوە، ئەمانەتە لامان ، کاتێکی خواستراوە کە دەبێ بیدەینەوە بە شێوەیەکی ڕەها هیچ کەس لەم دادوەرییەی پێشبڕیارەی دانەوەی قەرزی ژیان بەدەر نییە ، کەس نازانێ کەی خاوەن قەرز لە دەرگات دەدات :**

**خەتایە ئەم هەموو جەورو جەفایە**
**لە گێتی بۆحەیاتی موستەعارێ**
**وەکو تۆ بوون چە فیرعەون و چە قاروون**
**بە نامەردی بە گڵدا چوونە خوارێ**
**لە دەوڵەت ئیستیفادەی ئەو کەران چییە؟**
**لەعنەت، لە خۆیاندا خەسارێ**

**3. کات : لای فانی کات دوو شێوەی هەیە کاتی دەرەوە و کاتی ناوەوە ، یان کاتی جیهان/ سروشت و کاتی مرۆڤ و تەمەن. کاتی دەرەوە شتێکی ئەبستراکت نییە ... کات وەك هەر سەرچاوەیەکی دی سەرچاوەیەکی بە کارهێنانە بۆ مرۆڤ, سەرمایەیەکی خۆڕایی‌یە ، کات کەرەسەیەکی خاوە تەنیا ئەو کاتە دەبێتە بەرهەمی‌ماددی کە بە کاربێت ، گەر بە کار نەیە بەفیڕۆدەڕوا . بەم مانایە کات لای (فانی)**

**( زیوی خاوە ) وکانیاوێکە بێ وچان دەڕوا ، هەر بەشە ئاوێك,بەشە کاتێك, کە لەم کانیاوە رۆیی و بەکارت نەهێنا کاتی لە دەست چووە ، بەرهەمی فەوتێنراوە سامانی بە فیڕۆ دراوە جیاوازی شارستانی لە نێوان میللەتاندا لە شێوەی کات بە کارهێنان و سوود وەرگرتنیانە لە کات**

**. ئەم وەختە زێوی خاوە، بێگانە بەو پیاوە**
**مانندی کانیاوە، دەڕوا بە بێ وچانی**

**لەم ئاوە تا نەنۆشی، بێ هۆش و گۆش و جۆشی**
**شێتێکی بێ پەرۆشی، کوێرێکی شارەزا نی**

**لەم وەختە کۆمەڵی کورد، زۆر بێ بەشن زل و وورد**

**هەر کەس کە وەختی ون کرد، نێزیکە مل شکانی**

**کات زیوی خاوە. وڵاتانی بێگانە بوونە گەورە و سەروەر و دەسەڵاتدار  بە سەر  گەلانی دیکەدا چونکە ئەو کاتە، ئەو زیوە خاوەیان، وەك سامانێکی بێ بن بۆ خۆیان بەکارهێناوە.**

**کات وەك کانیاوێکە، وەك رووبایێکە، کەوایە گرنگ خێرایی و دەست و بردییە لە بەکارهێنانی کات بۆ ئەوەی نەیدۆڕێنیٚ.**

**گەر تۆ فریا نەکەوی و لە و ئاوەی کاتە نەنۆشی، واتە بەکاری نەهێنیٚ و نەکەیتە بەرهەم و دەست کەوت بۆ خۆت، ئەوە لە مانای ژیان تیٚ نەگەیشتووی و مرۆڤێکی بیٚ هۆش و جۆش و گۆش و کار و دەست و بردت نییە.**

**کورد بیٚ بەشە لە کات چونکە کات-ناس و کات زان نییە و ناتوانیٚ بیکاتە سوود و دەستکەوت. کات ون دەکا. هەموو بەرهەمە بەرزەکانی مرۆڤ و بناغە ئەقڵییەکانی ژیان ئەنجامی پرۆسەکانی کاتن، لە زیوی خاوەوە، لە ئاوەوە، بۆ دەستکەوتی ماددی و مەعنەوی بەرچا و و بەر دڵ :**

**دەفتەری فەرهەنگ و زەکا وەختە بەس**

**گەنجی بەش و ئاوی بەقا وەختە بەس**

**تاجی هونەر، زللی هوما وەختە بەس**

**دەرخەری تەحسین و هوما وەختە بەس**

**وەختە بناغەی خێرەد و ژینی تۆ**

**وەختە خیای چاوی جیهان بینی تۆ**

2/3- **کاتی ناوەوە کاتی مرۆڤ :**

**وەك چۆن کات لە دەرەوە بیٚ پەروا دیٚ و دەروا و گەر بەکاری نەهێنی ون دەبیٚ و تووشی کوێریی و ملشکانت دەکا، کاتی ناوەوەش هەروا دیٚ و دەوەریٚ. کاتژمێری بایۆلۆژیی بێپەروا لێدەدا و بەرنامەی خۆی دەگەیەنێتە خاڵی کۆتایی. بۆیە بیرۆکە و باسی وەك (گەنجێتی) وەك بیرێکی گشت و ئەبستراکت بیٚ مانایە. لاوێتی مانای (وەختی لاوێتی) .. وەك  ئاوە رۆیشتووەکە ، ئەو (کانییەی) ناوەوەش بیٚ**


www.dengekan.com

پەروا دەڕوا.. کەواتە گەنجێتی ((گەنجی وەختە)) سەرمایەی وەختەکە بە دەستەوەیە یا باشی بەکاردەهێنی، یا خەساری دەکەی، یا لە کاری بە دو نابەجێدا سەرفی دەکەی.

گەنجە گەنجییت گەنجی وەختە رۆژ و شەو نەیکەی خەسار
حەیفە زۆر ئەو گەنجە بکرێ سەرفی بەدفیعلی و قوومار
شەو مەنوو رۆژ دامەنیشە کەسبی ئینسانی بکە
دڵ بە نووری رۆژی زانین پاك و نوورانی بکە.

سەرمایەی کات کاتی ناوەوە و دەرەوە ئەو کاتە بەرهەم دێنن کەپێکەوە کار بکەن. کاتی ناوەوە بە(رەنج) بەکار دەهێنرێت ئەو (رەنجە) مرۆڤییەش کار لە کاتی دەرەوە دەکا و دەیگۆڕێ بە(کەسبی ئینسانی) واتە بە بەرهەم دەستکەوتێك کە قازانجی مرۆڤی تێدایە.

4- شوێن / زەمین / خاك

شوێن / سروشت / وەك کات حاڵەتی ماددەیە. شوێن، وەك کات، بەڵام بە شێوەیەکی بەرچاو تر، سەرچاوەی ماددی ژیانە. بەڵام گرنگ بۆ مرۆڤ بەشە پەنهانەکەیەتی. خاك پڕە لە کانگە، بەڵام بە هێزیی هۆشیاریی مرۆڤ کە زانینە ئەو سامانە پەنهانە دەبێتە سەرمایە و سەرچاوە و سامانی ماددی. بە بێ زانین زەبەندی سروشت بە شاراوەیی دەمێنێتەوە:

ئەم خاکی نیشتمانە دەشتێکی پڕ لە کانە
تا گەل وەها نەزانە، گەنجێکە زۆر نیهانی

زەمین بۆ هەموو کەسە. دایکی راستەقینەی مرۆڤە. وەك چۆن دایك شیر دەبەخشێ، زەمینیش مەمکی شیری بۆ هەموو کەس هەیە. بەڵام کەسێ ئەو مەمکە ناخاتە دەمتەوە. دەبێ بەزانین و رەنجی خۆت مەمکێ ببینیەوە و شیری لێ بمژی.

برا دایکی حەقیقیمان زەمینە
بەشەر لەو دایکە پیشەی شیر مژینە
ئەگەر کوێر و سەقەت نی چوستو جۆ کە
لە کەس مەخوازە خۆت مەمکێ وەبینە

5. زانین :

زانین خەستەی پەرەسەندنی مێشکی مرۆڤ و هۆشمەندی خڕکراوەی بوونی مرۆڤایەتییە زانین کلیلی کردنەوەی قفلەکانی تەبیعەت و ژیانە. زانین ئامرازی بەکارهێنانی کات و دەست بە سەراگرتنی شوێنی بە وجودی سروشتی و گەردوونی ئەودیو زەمینەوە جیاوازی دەسەلات و بێ دەسەلات لە جیاواری پلەی زانین دایە.

زانین قوودرەتی بێپایانی هۆشمەندیی مرۆڤە و بۆی دەلوێنێ مەحاڵەکانی ئەمڕۆ بکاتە بەدی هاتووەکانی سبەینێ:

ئەوانەی وەك هەڵۆ دەفڕن بەجەودا
لە زستانا، لە بارانا، لە شەو دا
لە فەیزی عیلم و زانست و زەکایە
کە ئەو بێ باڵە وەك باڵندە وایە
بە نووری عیلمە رووناکی لە شەودا
بە باڵی عیلمە هاتوچۆ بە جەودا

زانین لە ئەنجامی خڕبوونەوەی ئەزموون و تەجروبەدا بەدی دێت. هەر کاتێ زانین بە دەست هات، توانای ئیشکردن و فەرمان بەجێ هێنان دەدات بە مرۆڤ و ئەزموونەکەی دەوڵەمەندتر و دەوڵەمەند تر دەکات:

**فانی دنیای زۆر دیوە، تەجرەبیاتی پەچنیوە**
**ئەم ئیشەی باش زانیوە: زانین، توانین، فەرمان خۆش.**

**6. مرۆڤ :**

**مرۆڤ ئاژەڵە و دەشێ وەك زیندەوەرانی دی بەردەوام لە حاڵەتی وەحشەتگەریی و ژیانی سەرەتاییدا بمێنێتەوە، ئەزموونی شێوە ئاژەڵیانەی مرۆڤ سنورداره و زۆر جار لە حاڵەتی سەره تایی حەیوانی تێناپەڕێنێ.**
**تەنیا ئەوکاتەی مێشکی مرۆڤ بۆ ئاستی هۆشیاریەکی باڵا بەدەست دێنێ، ئەوسا مرۆڤ دەتوانێ بەسەر کات و سروشتدا زاڵ بێ و وەك سەرچاوەی ژیان و سەرمایەی پێشکەوتن بەکاریان بێنێ. ئەو مرۆڤانەی کۆمەڵەکەیان دەگاتە ئەو ئاستە پێشکەوتوون. ئەوانەی نەگەیشتوونەتە ئەو ئاستەی کار و باری ژیان و کۆمەڵ و نیزامی خۆیان بە زانین و زانست ڕێك خەن، بەم شێوە ژیانێکی سەرەتایی مرۆڤانەشیان هەبێ، هەر لە حاڵەتی دواکەوتوویی و دابڕاوی و پارچە پارچەیی و خۆخۆریدا دەمێننەوە. کورد یەکێکە لەو میللەتانەی کە لە ڕۆژی خەلقەوە نەگۆڕاون و بە خۆخۆری ماونەتەوە چونکە لە بەهرە و بە کار بردنی زانین بێ بەری بوون. گەر ئادەم زیندوو بێتەوە سەرسام دەمێنێ کە کورد چۆنی بەجێ هێشتوون نەگۆڕاون و لەبەری زانستیان نەخواردووە.**

**دەزانێ ئەو کوڕانەی هیچ نەزانی**
**نەیان دیوە لە داری مەعریفەت بەر**
**وەك خۆی چۆن بەجێی هێشتوون لە گێتی**
**وەها برسین و حەیران و قەلەندەر.**

**تا ئەم دەماری جەهلە لە لەش ڕانەکێشنە دەر**
**وەحشین و وەحشیانە هەموو شت خەرا دەکەن**

**<u>مێژوو:</u>**

کات یان مێژوو خۆی لە خۆیدا قۆناغ و حەتمیەتی پێشکەوتنی نییە. کۆمەڵێ لە زانین و بێبەشی و دابڕا و دەشێ سەدان و تەنانەت هەزاران ساڵ بە دوا کەوتوویی بمێنێتەوە. بەڵام هاتنی زانستی گەلانی پێشکەوتوو و ئەو (جیهانی بوونە) ی بەهۆی زانین و زانست و تەکنۆلۆژیاوە یان دەسەڵاتی سیاسیەوە دروست دەکەن، دەشێ کار بکاتە سەر گەلانی دیکە و بیان جووڵێنێ.

جیهانی بوون:

جیهانی بوون لە دوو ڕێگاوە دێتە دی:

یەکەم: تەکنۆلۆژیا. ئەمە یەکسەر شۆڕشگێڕانە سنوورەکان دەسڕێتەوە و جیهان وا لێك نزیك دەکاتەوە هەر وەك کۆڵانی یەك شاربن.

فانی نموونەی بەهێز و کاریگەری (رادیۆ) بۆ سەلماندنی ئەم شۆڕشە گەورەیەی جیهانی بوونە بەکار دێنێ و ئەم وەسفە جیهانکارییەی رادیۆ دەکات :

چاوی ناترسێ لە مردن رادیۆی شیرین وتار
پەند دەرێژێ، حەق دەبێژێ، چی بەسەر سوڵتانەوە

رادیۆ دنیای وەکو باخی بەهەشت رازانەوە
شادومانی و بەختیاری خستە ناو هۆزانەوە

ئەمریکا و ئەورووپا و ئەفریقا و ئاسیای
کردە شارێکی وەها کۆڵان بەسەر کۆڵانەوە

میللەتان ئاگا لە رەنج و بەختیاریی یەکترن
دەنگی ئەمریکایی لاتین دێتە کوردستانەوە

بەشخوراوانی هەژاری خستە سەر ڕێگەی خەبات
خوێنمژانی موفتە خۆری بردە ناو زیندانەوە

ئەمە وەسفێکی جوان و بەهێزی هێزی جیهانگیری رادیۆیە :

1 . رادیۆ وەك ئامێرێکی تەکنۆلۆژی بچووك و سادەی بێ گیان، بەڵام خاوەن دەنگ و وتاری شیرین، ناترسێ و هەرکەسێ دەستی بگاتە دوگمەی، خزمەتی گەورە و بێ پایان و پاداشتی خۆی پێشکەش دەکا. رادیۆی نەترس هەق چۆن بێ و لە هەر کوێ بێ دەیبێژێ و گوێ ناداتە هەڵوێست و هەڕەشەی سوڵتانەکانی دەسەڵات.

2. رادیۆو بەرنامە جۆر بە جۆرەکانی لە هەواڵ، هونەر، مۆسیقا، گۆرانی، داستان، گاڵتە و گەپ، گفت و گۆ، دایەلۆك و لێکدوان و ، هتد..
دنیای کردۆتە بەهەشتێکی رازاوە و مایەی بەختیاری بەتایبەتی بۆ ئەو مرۆڤ و گەلانەی لە نیعمەت و دەستکەوتە گەورەکانی دیکەی تەکنۆلۆژی بێ بەشن.

3. ئیستا دنیا هەموو بەکیشوەرە مەزنەکانی ئەمریکا و ئەوروپا و ئاسیا و ئەفریقاوە هەمووی وەك کۆڵانی بەسەریەکەوەی یەك شاری لێ هاتووە. دنیا بۆتە شارێکی بچووك بەهۆی رادیۆوە. هەر ئێزگەیەکی رادیۆ ئەوەندە بە ئاسانی لە پاڵ یەکەوە دەبیسترێن وەك گەڕەکێکی شارە بچووکەکە وایە.

4. جاران زەحمەت بوو مرۆڤ وا بەئاسانی گوێی لە دەنگ و باسی دراوسێکەی خۆشی بێ. ئێستا بەهۆی رادیۆوە میللەتان لە خۆشی و ناخۆشی و رەنج و بەختیاری یەکدی بە ئاگان. ئێستا دەنگی گەلانی ئەمریکای لاتینی دێتە کوردستانەوە و هەواڵی خەبات و قارەمانێتی ئەوان کوردان هۆشیار دەکەنەوە.

5. بەم هەواڵ و باس و خواسە خۆشی و شۆڕشگێرییانە کە رادیۆ ئازادانە و ئازایانە دەیان هێنێ، بەشخوراوانی گێتی لە یەکتر فێر دەبن و ئیلهام بەیەکتر دەبەخشن و لە ئەنجامدا هەموو گەلانی مافخورا و ریچگەی خەبات و شۆڕش دەگرنە بەر.

ئەم لێکدانەوە فراوان و زیرەکانە نیشانەی تیچگەیشتنی (فانی) یە هەر لە چلەکان و پەنجاکانەوە تەکنۆلۆژیا لە دیاردەی (جیهانی کردن) دا.

دووەم: هۆکاری گەورە و دووەمی بەهێز جیهانی کردن لای فانی ((لافاوی سیاسەتە))..سیاسەت واتە بەر بەرەکانی دەسەڵات لە ئاستی جیهانیدا, وەك لافاوێك وایە کە رۆژ لە دوا رۆژ گەورەتر و گەورەتر و بەربڵاوتر دەبێ تا هەموو دنیا دەگرێتەوە و چارەنووسی گەلانی گەورە و بچووك دیاری دەکاتن ئەوانەی نەزانن و لەم دیادەیەی ئەم سەردەمەی جیهان بوونە ناگەن دەبنە قووربانی و دەفەوتێن : لە هۆنراوەیەکدا کە لە ساڵی (1951) دا نووسیویەتی دەڵێ :

ئەم عسرەیە عەسرێکە کەلافاوی سیاسەت بۆ خەونی نەزانان لە هەموو لاوە دەدا جۆش رێکیخە لە زانست و عەمەل کەشتی و پاپۆڕ خۆ دەربەرە لەم گێژە وەکو عالەمی تر تۆش دیارە هەردوو دیاردە و میکانیزمەکەی (جیهانی بوون) واتە تەکنۆلۆژیا و دەسەڵاتی سیاسی و ئیمپریالیستی یەکتر تەواو دەکەن .. بەهۆی زانین و سەرکەوتنی تەکنەلۆژیایەوەیە کە ئەوروپا و (دوایی ئەمەریکا) وەك سەردار و خاوەن دەسەڵات و فەرمانڕەوا بە دنیا دا بڵاوبوونەوە فانی لە چلەکاندا دەنووسێ :

چۆن دەبوو بۆ کەسێ موبەسسەر تێکەڵاوی شەرق و غەرب
نووری زانین گەر نەبایە پێشەوا ئەی نیشتمان
زانین ئامراز و میکانیزمی دەسەڵاتی جیهانی واتە جیهان بوونە :

ئێستا دەیبینی کە ئەوروپا نشینان یەك بە یەك
نەهەنگی شتن و شابازی فەزا ئەی نیشتمـــــان

گەرچی ئەوروپایە ئەسڵی مەرکەزی ئەجدادییان
چوونە ئەمریکا و دێنە ئاسیا ئەی نیشتمـــــان

حـــــاکمی بەحر و بەڕن سوڵتانی خاوەن ئیقتیدار
بچنە هەر جێ گەورەن و فەرمان رەوا ئەی نیشتمان

چەکی ئەتۆمی

لایەنێکی دیکەی گرنگی جیهانی بوونی سیاسەت و پاشەڕۆژی هەموو مرۆڤایەتی دەرکەوتنی چەکی ئەتۆمە لە ماوەی دوای شەڕی جیهانی دووەم. فانی بە ووردی لە هۆنراوەیەکی سیاسی زۆر


www.dengekan.com

زیرەکانـە دا راسـتی جیهـانی بـوونی ئـەو چـەکەو مـەترسـییەکەی و بەربـەرەکانی و پێکدادانی نێـوان رۆژهەڵات و رۆژئاوا لێك دەداتەوە: لەکاتی کێشەی نێوان سۆڤیەت و ئەمریکا لە ساڵی 1962 دا فـانی هەست بە مـەترسی شەڕی ئەتۆمی دەکاو دەنووسێ:

لەگەڵ یەك ( جۆن) و (نیکیتا) ئەگەر سازش نەکەی دنیا

بە نووری زەڕڕە سەر تاپا وەکو کەشتی لە سەر ئاوە

جیهانی بـوون لـەوە زیـاتر دەبـێ چ بـێ ؟ شـەڕی ئـەتۆمی هـەموو دنیـا خـاپوور دەکـا و وەك تاقـە کەشتیە شکاوێکی لێ دێ بە سەر دەریاوە.

هەروا (فانی) ئـەو ناکۆکییـە جەوهەرییـە دەرك پـێ دەکـا کـە لـە خـودی دیـاردەی جیهـانی بوونـدا شاراوەتەوە:

لە لایێ عیلم و زانایی خەریکی کەشفی ئەکوانە

لە لادیێ حیرص و نادانیی خەریکی جەنگ و رووداوە

بەشەر گەر ئاسمان بگرێ بە باڵی عیلم و بینایی

بەشەڕ هەر ئارەزوومەندە و شەرابی خۆشی خوێناوە.

کارەساتی سروشت:

ئەو هەڵبەستەش کە فانی بۆ (بارەش) ی نووسیوە دەکرێ بخرێتـە خانـەی جیهـانی بوونـەوە، وەك هەرەشەو کارەساتێکی سروشتی کە کار لە هەموو وڵاتان و گەلان دەکاو پێویـستی بـە چارەسـەرییەکی زانستی هەیە. رامکردن و کپ کردنی بەڵای بارەش بەهۆی زانستەوە ,سوودی هەموو گـەلانی جیهـانی تێدا دەبێ.

## بەشی پێنجەم:
## کوردناسیی فانی

لە هۆنراوەیەکدا کە پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد فانی دەڵێ:

باسی رەوشتی میللەتم، ئیشمە، خوومە، عادەتم
هەر ئەمەیە حیکایەتم، هەر ئەمەیە شیعاری من

لە کۆتایی هۆنراوەی (نالەی شێرانی برسی) شدا دەڵێ:

خامەیی حەق بێژی من خالۆ زمانی میللەتە
داستاننووسێکی بێ فێڵی ژیانی میللەتە

ئـەم چـەند دێـڕە هـۆنراوە راسـتی پـەیامی مێـژوویی ژیـانی فـانی ڕووندەکەنـەوە.وەك ئـەرکێکی پێغەمبەرایەتی، یان قەدەرێکی تراژیدیایی ئەوە بە فانی بڕاوە لە گەلەکەی بۆ لەحزەیەکیش دانەبڕێ , لەگـەڵ هـەموو دەرد و داوا و ژان و تێـشکانێکیاندا بـژی. شـارەزایی رەوشـت و خوویـان بـێ، بەچاوی زانین سەرنجیان بدا ئەوسا خامەکەی بکاتە داستاننووسێکی بێ فێڵی ژیانیـان، ئاوێنـەی مایکرۆسـکۆبی بخاتە بەر دەمیان و وێنەی خۆیان وەکو و هەن و وەکو و دەشێ بىن نیشان بدات و بەراوردی جیهانی سەردەمییان بخاتە بەر هۆش و دڵ.

دەڵێم بیلێم و ناوێرم

ئەم هۆنراوەیەی فانی لە سییەکاندا نووسراوە و لە سەرەتای چلەکاندا پێیداچۆتەوە. بەڵام یەکێکە لە یەکـەمین هۆنراوەکـانی سـەرەتای شـاعیرێتی. بـە زمـانێکی سـادە و ڕەوان و کـیشی کـوردی خۆمـاڵی هەشت بڕگەیی نووسراوە.. دوای هەرسێ دێرە شیعرێکی هەشت بڕگەیی سەروادار, لە دێڕی چوارەمدا رستەی ((دەڵێم بیلێم و ناوێرم)) دووبارە کراوەتەوە.. ئەم دووپاتەیە خۆی زیاتر سەرنجی خوێنەر بۆ ناوەرۆکەکە و مەترسی ئاشکراکردنی پەیامەکەی رادەکێشێ.

لەو هۆنراوەیەدا فانی زیـاتر نـەکارەکانی((نێگەتیڤـەکانی)) کۆمـەڵی کوردەواری بـاس دەکا، تێیـدا ژیاوە و لەوە زیاتر چاکەی بەدی نەکردووە.

فانی هەر لە سەرەتای دەستنیـشان کردنـی (دەردەکـانی کۆمـەڵ) دوە, وەك پزیـشکێکی دڵسۆز یـان بـاوکێکی میهرەبـان و نیگـەران بـۆ خەسـتەیی کوشـندەی کـوڕ و کـچەکەی، (نـەزانیی، بـێ سـەوادیی، نەخوێندەواریی) وەك دەردی کوشندەی کۆمەڵ دەست نیشان دەکا :

بێسەوادیی : ماکە، گەرایە, میکرۆبخانەیە، سەرەتانە

هـەموو دەردەکـانی دیکـەی کوشـندە لـە نەزانینـەوە سـەرهەڵدەدەن : دواکـەوتن، دووبـەرەکی، خۆخۆریی..هتد.


www.dengekan.com

فانی له (دەڵێم بیڵێم و ناوێرم) و کۆمەڵە هۆنراوەیەکی دوای ئەوە, کە هەموو ناواخنی (تیمی) نەزانیی و بێسەوادییان هەیە،جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە ئەو دەردی نەزانییە تەواوی کۆمەڵگای کوردەواری گرتۆتەوە بە هەموو چین و توێژ و دەستەیەکیەوە، کردوویەتی بە کۆمەڵێکی نەخۆشی داوەشاوی خۆکوژ، کۆمەڵێ کە هیچ کۆ بەند و یاسا و رێو شوێنێکی شارستانی و رۆشنبیرانەی تێدا نییە و دوورە لە هەموو بەها و رەوشتێکی چاکە خوازیی گشتی و بەرژەوەندی گەل و نیشتمان ..بۆیە فانی دەست ناپارێزێ و هیچ گرۆ و دەستەیەکی کۆمەڵ لە رەخنە کۆمەلایەتییەکەی بەدەر ناکا:

قسێکم دێتە سەر زاری　　　دەڵێم بیڵێم و ناوێرم
لە باسی کورد و کرداری　　　دەڵێم بیڵێم و ناوێرم

دز و جەردە و ریا کارن　　　نەزان و گێژ و بێ عارن
لەگەڵ یەکتر دەڵێی مارن　　　دەڵێم بیڵێم و ناوێرم

ئەوەی ئێستاکە زۆردارە　　　خەریکی جەور و ئازارە
ئەوەی بێ زۆرە غەمبارە　　　دەڵێم بیڵێم و ناوێرم

ئەگەر ئاغایە بەدکارە　　　ئەگەر کوێخایە مەککارە
ئەگەر مسکێنە بێ عارە　　　دەڵێم بیڵێم و ناوێرم

دوو سەد خەرمانی میللییەت　　　بەیەك جۆ ناکڕێ میللەت
وەفا رۆیی , نەما غیرەت　　　دەڵێم بیڵێم و ناوێرم

ئەوەی فانی وینەی دەکا (داوەشانی کۆمەڵایەتییە)، لێکهەڵوەشانی بەها و رەوشتە، سەروەریی نەزانی و درۆزنیی و رییا کارییە، نەبوونی هەستی نەتەوایەتی و پەرۆشی میللیە.

دیارە دەشێ فانی لەبەر ئایدیالی بەرزی نەتەوەخوازیی و چاکەخوازیی و خەونی کۆمەڵگای شارستانی بەنیزام و ررناکبیر، زیاتر لایەنە نەکارەکانی ژیانی کوردی نیشان دابنز بەلام بیری فانی لە ناخ و راستەقینەیی ژیانی کۆمەڵەوە هەڵقوولاوە و وەسف کردنی خۆی بە ((داستان نووسێکی بێ فێڵی ژیانی میللەت)) تەواو لە جێی خۆیدایە. وەك لە دواتردا پتر شی دەکەینەوە فانی (کۆمەڵی نەزان) وەك کۆمەڵێ کە بە ژیانی ئاژەڵی راهاتووە و رازییە، سەیر دەکا و دەیەوێ بەیەك زەبری کوشندە لە نەزانیی دان, گەلەکەی پۆتێنشیاڵی مەزنی بەهرە و توانا و جوانەمەردیی و زانایی خۆی بەدی بێنێ و بگاتە ریزی گەلانی پێشکەوتووی سەردەم.

**هۆنراوەی بەسەرهاتی (مەرگە لە ژێر حوكمی دەرەبەگدا) شارەزایی فانی لە شێوەی ژیان و كار و رەنج و كێشە و خەون و خولیای هەموو دەستە و گرۆهی خەڵكی كورد نیشان دەدا، لە ئاغا و كوێخاوە، تا بازرگان و مەلا و شێخ، تا پینەچی و ئاشەوان و دارتاش و مسگەر و باخەوان و جوڵا و ئاسنگەر و كرێكار و شوان. (سەیرە لە پەنجاكاندا هەموو ئەم پیشە زانانە لە گوندێكی وەك مەرگە هەبوون، ئێستاش دوای سێزدە ساڵ حوكمی كورد خۆی و بلیۆنەها دۆلار، برۆ سەیری حاڵی مەرگە كە)... لەو هۆنراوەیەدا بە سۆز و پەرۆش و پێزانینەوە خاسێتە چاكەكانی مرۆڤی كورد و كاسبكاری كورد باس دەكا.. زۆر بە سەختی جەخت لەسەر ئەوە دەكات كە دەوری گەورەی كورد، نا تەواوی گەورەی كورد، كێشەی گەورەی كورد هەر نەزانینەو نەزانیی... ئەگینا كورد گەلێكە خاسێتی نەتەوەیی باشی زۆرن و بە ژیانی سادە رازییە و دەكرێ ئەو خاسێتەچاك و خۆماڵی و سروشتكردانەی كوردەواری ببنە بنەمای كەسێتییەكی نەتەوەیی بەهێز و كۆمەڵێكی رێك وپێك و یەكگرتوو- و سەركەوتوو .. فانی روو دەكاتە دۆستی گەورەی ((مەلا حەسەن)) ی مەرگە و ئەم بیرانە دەردەبڕێ:**

**مەلا هەر جەهلە صنددی زیندەگانی**
**زیانی گیانە بۆ كۆمەڵ نەزانی**
**لە گێتیدا رەقیبی ئێمە جەهلە**
**دەنا كوردی قەڵەندەر ژینی سەهلە**
**لیباسی بوزووە، نانیشی جۆیە**
**كراسی جاوە، پشتێنی پەڕۆیە**
**لەلایان وەك ئوتێلە ژینی ئەشكەوت**
**بە تاریكی دەژین نەشبێ ئەگەر نەوت**
**بە عەییاشی و زیننەت ئاشنا نین**
**ئەبەد جۆیایی دیز داشەو عەبا نین**
**نیانە مەیلی ئارایش ئەمانە**
**دەڵێن ئەسبابی زیننەت بۆ ژنانە**
**لیباسی رۆژ و شەویان پەشم و جاوە**


www.dengekan.com

دەڵێن گورجی و زۆریی بۆ پیاوە

لە گەرمایی چلە و سەرمایی زستان

نیانە باك و قەت نابن هەراسان

کولێرەی ئاردی جۆ نادەن بە بسکیت

بە هێز و سالمن  وەك نێرە عیفریت

لە جێی بیرە و شەراب و ویسکی و مەی

لەگەڵ خۆشاوی مێوژ شەو دەکەن نەی

بەڕوو- و گوێز دەخۆن ئەغلەب کە شەو هات

دەڵێن بردوویە نامووسی چوکلیات

گەزۆ و کشمیش و لەتکە و گوێز و هەنجیر

مرەببابیانە پێیان شادن و ژیر

نە بەنگین و نە تریاکی و نە مەستن

هەوای نەفسی خۆیان ناپەرستن

لە سەختیدا هەیە سەبر و ڕەزایان

نەگریاون لەسەر مەیتی برایان

بەها دوڕن و ڕەشید و پاڵەوانن

بەڵێ کوردن، بەڵام گوردی جیهانن

لە مەیدانی هەرادا شێری مەستن

بە چالاکی پەلی دوژمن دەبەستن

هەموو راوچین و تیرەنداز و ئازان

لە رەزما گورگی لاکی هێزی ئەعدان

لەجێی پۆتین لە پێیاندایە کاڵە

عەدووی پۆتین لە پێیان لا گەماڵە

ئەگەر دوژمن هەزارە کوردەکان شەش

هەزار دەشکێ پەرێشان و موشە و وەش

لە مەیدانی هەرادا شێری نێرن

هەموو بێ باکن و چالاك و دلێرن

لەگەڵ تورکا کە لێیان بۆتە کێشە

له چاویان هەڵچەقیون وەك درێشە
قەڵای ئاساری ئاسووری کە وردە
ئەوەش زەڕبەی قوڵنگی قەهری کوردە
لە بەربێ دەفتەریی یەك یەك سەرەی کورد
لەگەڵ خۆی ناوی خۆی بۆ ژێری گڵ برد
دەنا مەعلوومە عالەم شارەزایە
لە مەیدانی هەرا کورد ئەژدیهایە
ئەگەر پەروەدە بکرێ میللەتی کورد
قەڵاتی زۆری بەدخواهان دەکا ورد
کەریم خان و سەلاحەددین وکاوە
زەمانە ناویان نانێ بەلاوە
دلێر و قانیعن کوردی پەرێشان
نەزانی ماڵی ئێمەی کردووە وێران
لە بەر زۆری نەزانی بوونە جانی
هەموو مردووی رەقابەتن و نەزانی
ئەگەر بێت و بە زانین ئاشنابن
برنجن ژێر چەپۆکی ماش نابن
بەڵام تا وا نەزان و بێ شعوورن
لە سەرکەوتن لە هیوای چاکە دوورن
دزی و کینە و عەداوەت کارییانە
قسەی شێتانە وردی زارییانە
لە دڵیان دڕکی بەدبەختی رواوە
لە ملیان پەتکی نادانی کراوە
نەسیحەتیان لە بەر گوێ دەنگی زەنگە
بویێژیان لا وەکو قەومی فەرەنگە
وەکو و قاوانی کاوێسە لە لایان
سەدای ناڵەی رەفیقان و برایان

**مەلا هەستە و بە سۆزی دڵ دوعاکە**

**هەموو شەو روو لە قاپی کوبریا کە**

**لە بۆ قەومت کە سەر تا سەر زەلیلن**

**لە پەنجەی دێوی جەهلا  جوملە دیلن.**

**ئـەم هـۆنراوە (هاوتـایی) بـیری فـانی دەربـارەی کۆمـەڵگای کـوردەواری دەردەخـا..فـانی (دلێـری و قانیعی) واتە ئازایی و جەسووری و رازی بـوون بـە شـێوەیەکی ژیـانی سـادە و خۆمـاڵی خـۆی, بـە دوو خاسێتی سەرەکی کۆمەڵگای کورد دادەنێ. وەك کەسێتییش کورد کە پەروەردەی هـەبێ دەکـرێ ببێتـە هێزێکی گەورەی ئازادی و پێشکەوتن و قەڵای ستەمگەران و ورد و خاش بکا وەك چۆن قەڵای سـتەمی ئاسووریان تەخت کرد. گەر بەزانین ئاشنا بن کورد (برنجن ژێر چەپۆکی مـاش نـابن). بـەڵام نـەزانیی بۆتە(دڕکی بەدبەختیی)  لە دڵیان رواوە و بۆتە (پەتکی نادانیی) لە ملیان کراوە.**

**(نەزانی) کلیلی لێکدانەوەی ستراکتووریی کورد و کۆمەڵگای کورد**

**کەوایە (نەزانیی) لای فانی چەمکێکی گشتگرە کە کلیلی کردنەوەی مەتەڵی دواکـەوتوویی کـورد و کەسێتیی خۆکوژی ئەو بە دەستەوە دەدا.**

**(نـەزانی) بـە مانـا گـشتییە فراوانەکـەی و فـەزا زانگەییەکـەی (مەعریفییەکـەی) . لـە سـەر ئـەم چـەمکە یا بیرۆکـە بنەمایی‌یـە فـانی کۆمەڵـە بیرێکـی دژ هەڵدەچـنێ کـە سـیمای کۆمـەڵگای کـوردی و کەسێتی ومرۆڤی کورد پێناسە دەکەن.**

**نەخوێندەواری – خوێندەواری**

**بێ سەوادی – رۆشنبیری**

**مەکتەب – تەکیە و خانەقا**

**راستی – ریا**

**پاکی – ناپاکی**

**رەنجدان  - مشەخۆری**

**زانینی نرخی کات – کات کوشتن و بە فیڕۆدان**

**ئازایی – ترسنۆکی**

**خۆبەخت کردن – خۆفرۆشتن**

نیشتمانپەرستی – نیشتمانفرۆشی

پێشمەرگەی راست – جاش و جاسووس

خزمەتکاری گەل – بەرتیل خۆرو گەندەڵ

پێشکەوتن- دواکەوتن

ئازادیی – ژێر دەستەیی

ژیانی سەردەم – ژیانی سەرەتایی و وەحشیەت

یەکگرتن – ناکۆکیی و خۆ خۆریی

سەرکردەی رێبەر نموونە- سەرکردەی خۆپەرست و خۆ فرۆش

دەتوانین زۆر دژە بیر و دژە مانای دیکە کە درێژبوونەوە و پەل و پۆی رەگی (نەزانی) ن لە هۆنراوەکانی فانی دەستنیشان بکەین.

بۆیە فانی لەگەڵ خۆشەویستی و پەرۆشی بێپایانی بۆ نەتەوەکەی بە ئەرکی ویژدانی و نەتەوەیی و رووناکبیری خۆی دەزانێ کە حەقیقەتی کەسێتی مرۆڤی کورد لە روانگەی راستی نەزانیی و بێسەوادیی و دواکەوتوویی زانستیی و رووناکبیریی کوردەوە شی بکاتەوە و بینرخێنێ و بیخاتە روو.

کورد کێیە

بە سادەیی کورد لای فانی مرۆڤێکی ئازایە، دلێرە، قەناعەتکارە، سادەیە، توانست و بەهرەیەکی گەورەی هەیە بۆ پێشکەوتنی بێ سنوور...بەلام لەبەرئەوەی بە نەزانیی ماوەتەوە و دواکەوتووە، بۆشە، خۆخۆرە، لاف و گەزافی نەزانانەی زۆرە بەلام کار و کردەوە و بەرهەمی راستەقینەی کەمە.. نرخی کات نازانێ، بیر و بەرنامەی بۆ ژیان نییە، لە گۆڕانەکانی دەوروبەری و سەردەمی بە ئاگا نییەز زوو فریو دەخوا. زۆر جار دەبێتە قوربانی کارەساتەکان یان دار دەستی بێگانە و خاوەن دەسەلاتەکان .

سەرکردەکانی بەزۆری مێشك پووت و خۆپەرستن و بێ بیر و پرۆژەی نەتەوەیین. لەبەرئەوەی نەزانە کورد قەدر و نرخی گەورە رووناکبیرانی پێشەوای وەك حاجی قادر و خانی نازانێ, گوێ بۆ ئامۆژگاری و پەندی چاك راناگرێ، سوورە لەسەر هەڵە و رێبازی خۆکوژانەی خۆی.. بەلام پرۆگرامێکی رۆشنبیرکردن و هۆشیارکردنەوە دەشێ بە زوویی هەموو ئەم خاسێتانە بەراوەژوو کاتەوە و کورد بگەیەنێتە ئاستێك لە سەرووی گەلانی دیکەوە بێ.

هەڵوەشاندنەوەی کەسێتی گەزافی کورد و

دەربڕینی کەسێتی راستەقینەی کورد

**مەبەستم لە کەسێتی (گەزافی) کەسێتییەکە کە لەسەر لاف و گەزاف، لەسەر درۆ، لەسەر ساختەیی و بیری خورافی هەڵچنرابێ. فانی بە بەکارهێنانی بیرۆکەی (زانین) هەموو ئەم ئەفسانانە و گەزافانە هەڵدەوەشێنێتەوە.**

**1. کورد شارستانی نییە. کورد وەحشییە چونکە جاهیلە. تا وا نەزان بێ هەر وەحشی دەمێنێتەوە:**

**تا ئەم دەماری جەهلە لە لەش را نەکێشنە دەر**
**وەحشین و وەحشییانە هەموو شت خەرا دەکەن**

★★★★

**مەعلوومن بەم قسانە وا قەومی بێ سەواد**
**وەحشین و بێ مەزییەتن و شێتن و لەگا دەکەن.**

★★★★

**ئەی کوردی بێ ئەمان و بەش, ئەی جاهیلانی چارە رەش**
**خۆزگە و بە جوولەکە و حەبەش, یان وەحشییانی بەربەری**

2. کورد پێشکەوتنی شلرستانی بە خۆیەوە نەدیوە چونکە نەبۆتە کۆمەڵگایەکی خوێندەوار و زانست و هونەر پەروەر. هەر شێوەی دواکەوتووی کۆمەڵگای پاتریارکی رەچاو دەکا , نیزام و عەقڵ و دەستوور و یاسا لای ئەو نەباوی هەیە نە نرخ. گەر ئادەم زیندوو بێتەوە وەحاڵی کورد بپرسێ، دەبینێ چۆنی بەجێ هێشتوون وەك خۆیانن و لە بەری هەموو دارێکی فیتنە و نەگبەتییان خواردووە، داری زانست و هونەر نەبێ:

دەزانێ ئەو کوڕانەی هیچ نەزانی
نەیاندیوە لە داری مەعریفەت بەر
وەکو خۆی چۆن بەجێی هێشتوون لە گێتی
وەها برسین و حەیران و قەلەندەر
وەکو و وەحشین لە جێگەی چەنگ و نینۆك
لە بەریان دایە بەد بەختانە خەنجەر

بەرابەر یەك هەموو یان شەڕ فرۆشن
کەڕو بێ چیز و داماون لەبەر کەڕ
نییانە جووڵە گەر کونکا عەدوویان
دەماری گیانی شیرینیان بە نەشتەر
بەڵا بۆ فەوتی یەکدی گورج و گۆڵن
وەکو شێر و پڵنگ و بەور و ئەژدەر

3. کوردەواری کۆمەڵگایەکی مردووە چونکە (زانست) شوێنی خۆی تێدا نەگرتووە:

کوردەواری بەدەردی بێعیلمی
وەکو مردووی زەمانە فەوتاوە

4. هەرچی کورد دەڵێ دەیکا و گەزاف دەکا بە دەستی دێنێ راست نییە.

چونکە بێ شعوور و بێئاگا و بێبیر و بەرنامەیە، هەرچی بیەوێ بیکا، لە ئەنجامدا بە نەکراوی دەمێنێتەوەز

میللەتی بێ شعوور و بێ ئاگا

هەرچی ویستی کرابێ نەکراوە

خۆراگرتن لە کاراو لە خەباتاو لە جەنگا بەبێ هێزی زانین مەحاڵە. نەزان زوو دەبەزێ:

چونکە سەبر و سیباتی قەومی نەزان

وەکو بلّقی زەعیفی سەر ئاوە

5. کوردی نەزان ناتوانێ نیشتمانپەروەربێ. نەزان خۆی بەلاّو ئافەتە لە هەر شوێنێك و پلەیەكدا بێ. لە ئاکامدا نەزان هۆشیاری نەتەوەیی راستەقینەی نابێ و زوو زوو بەرە دەگۆڕێ و خۆفرۆش دەردەچێ:

نەزان بێ بەش لە نووری عەقلّ و هۆشە

هەمیشە گەلفرۆش و خۆ فرۆشە

گەلی کوردیش لەبەر دەردی نەزانی

دزو دەروێشە یا سیخوڕ و جانی

*****

بۆ نەمانی میللەتی بێ هێز و بۆ فەوتانی تۆ

جاهیلانی نیشتمانن ئەژدەها ئەی نیشتمان

6 ەدوترێ کورد نفووسی زۆرە و ئەوەش هێزە بۆ کورد. ژمارە خۆی لە خۆیدا نرخی نییە. چەشن (نەوع) نرخی هەیە. زۆریی نفووسی گەلی جاهیل بە چ دەچێ:

کە جاهیل بی کەمە زۆری نفووست

نفووسی جاهیلان بێ ئیعتیبارە

***

ئەگەر زانا سەدە و تۆ سەد هەزار بی

لە ژێر دەستی سەدا ئەم سەد هەزارە

★★★★

زۆرە کوردی بێ قەڵەم تیعدادیان ئەمما چ سوود

ناگرێ رێی گورگی کارامە لە بەدکارانی من

7. گەلێکی نەزان کە نەزان سەرکردەی بێ ستراتیژی نەتەوەیی نییەو ستراتیژی دوژمنانی جێبەجێ دەکا:، ئەگەر لاشی وا بێ خەباتی نەتەوەیی دەکا و وولاتەکەی رزگار دەکا, راستی لەبەر نەزانی و ئاگا نەبوونی لە ستراتیژی سیایی جیهان, ئەو دوایی هەر دەبێتە داردەستی ئەو دوژمنانەی گوایە دژی ئەوان خەبات دەکا و ئەوان چیان پێ باش بێ بۆ خۆیان (و خراپ بۆ کورد). ئەوە ئەنجام دەدەن ، وەك شەڕی ناو خۆیی،

ئەو کوردە بێ سەوادە کە دایم هەرا دەکەن

پاکی لەسەر خەتایە شەڕی بێ خەتا دەکەن

ماددی پەرست و بێ خەبەرن دوژمنانی وان

چۆنیان بەلاوە باشە ئەوانیش وەها دەکەن

8. راستە کورد ئازایە . وەك عیفریتە. لە جەنگا بەلایە. بەڵام ئازایەتییەکەی کەرانەیە بەبناغەی ژیر و عەقڵ پاڵپشتی نەکراوە. بۆیە زەڕبە هەرە مەزنەکانی کە وەشاندوونی لە خۆی داون. ئازایەتی بێ زانایی نەك هەر بێسوودە بەلایە.

کوردە بە شەجاعەت وەکو و عیفریتی بەڵام

هیچە، هەر زەڕبە وەشاندووتە لە خۆتت داوە

9. براشت گەر نەزان بێ دۆستت نییە. هەروا ئەفسانەیە کە بڵێی برام ، چونکە برامە دۆستمە، پاڵپشتمە، قەلای تەنگانەمە، گەر براو باوکیشت (نەزان) بن، گەر لەسەر بناغەی زانین و هۆشیاری باڵا هاو هەست و هاوبیر و هاو ئامانج نەبن، ئەوە دڵنیابە براشت دۆست و ئاشنات نییە و دەشێ بۆ بەرژەوەندیەکی خۆپەرستانەی کەم پشتت بەر دەدەن :

هەتا زانین نەبێتە ئاشنامان
مەحاڵە ئاشنا دەرچێ برامان
★★★★
نەکەی دەرچی لە ڕێ بە قسەی نەزانان
براو باب و کەست عیرفانە، عیرفان

10. کە برای خۆت لەبەر نەزانی نەبێتە برات و برایەتی تەنیا برایەتی بیر و بەها و رەوشتی بەرز و تێگەیشتنی زانستانەو رووناکبیرانەی جیهان و پەیامی مرۆڤ بێ لە ژیاندا، چۆن دوژمن و داگیرکەری خاکەکەت و وێرانکەریی وڵات و کولتوورت، بکوژی ماڵ و مناڵت، فڕانکەری نەوەکانت، چۆن ئەوانە دەبنە برا ؟ لە عەقڵی بەربەری و دواکەوتووی کورد بەو لاوە, چ میللەتێك بە بکوژ و داگیرکەر و فڕانکەری خۆی وتووە برا و برای گەورەش و وەك نۆکەر بەدواشیان کەوتبێ !!
دوای سەدان و هەزاران ئەزموونی تاڵ و تامی ژەهراوی کێ بە جێنۆسایدکەران دەڵێ برا و باوەڕیان پێ دەکا ؟
یان مووی زۆر لەو ماستە ڕەشەدا هەیە ؟
یان لەبەر ئەوەیە دوژمن لە کات و ساتی سەرکەوتنی کوردا پوول و پارەی بێ سنوور و ئەژمار دەڕێژێ! ئەی نابێ لەو هەموو تاقیکردنەوانەی مێژوو فێربین؟

بروا نەکەی بەلاقی عەدوو هەر درۆیە بەشی
نادا لە کاتی سەغڵەتییا دەستە باری من

پەندێکی زۆر بەکەڵکە بەسەرهاتی پێشەوا
بۆ رۆڵەکانی ژیر و کوڕی هۆشیاریی من
★★★
قەت بە تەفرەی دوژمنی خوێنمژ لە رێگا دەرنەچی
پوول و پارەی دوژمنان بۆ ئێمە دانە و داوە بەس

ئەو کەسەی بۆ دوژمنانی ئاگری شەڕ خۆش دەکا
هەروەك و پەروانە ئەو دێوانە خۆی سووتاوە بەس
گوێ لەلافی دوژمنان گرتن خەتایەکی زلە
لافی دوژمن بۆ زیانی ئێمە وەك لافاوە بەس
شێر و رێوی لا وەکو و یەك وایە دوژمنی پاك و پیس
هەرچی ناوی کوردە دەیکوژێ خەریکی راوە بەس
★★★
غایەیان هەر خوێن مژینی هۆزی کوردە و بەس هەموو
ئاشنایانی بەڕێز و دۆستانی باوەفا
دۆستیی رۆم و عەجەم سەد ساڵە سوودێکی نەبوو
دادڕین و خوێنمژینە ئیشی گورگ و ئەژدەها
ئای چە لاوانی بەنرخ و شێرە مەردانی نەبەز
چوونە ژێر سێدارە, مردن بێ گوناه و بێ خەتا

11. تەمانیی زۆر کورد عاقڵ ناکا. هەر چۆن میللەتان با هەزار ساڵیشە هەبن کە دوور لە بن لە رووناکی زانست و دوورە پەرێز بن لە جیهانی پێشکەوتن، دەکرێ وەك وەحشی بەربەری لە چیاو بەندەن و دەشتەکانیاندا بمێننەوە و بەبێ خوێندن و بەدەستهێنانی ئامرازی بیر کردنەوەی فەلسەفی و کاریی زانستی و بەرهەمی تەکنۆلۆژی هیچ پێشنەکەون, ئە ئاواش مرۆڤێکی تاك هەر لە خۆیەوە بە تێپەڕبوونی کات و کەڵەکە بوونی ساڵەکانی تەمەن فێر نابێ نابێتە مرۆڤێکی دنیادیدەی هۆشمەند

.. دەبێ چرای زانینت پێ بێ تا کون و قوژبنەکانی ژیان و جیهان شارەزابێ و هەر ڕۆژە و حەفتە و ساڵە لە تەمەنت شتێکی تازە فێر بی و لەئەنجامدا زانابی ئەمجا توانابی.

نەزان با تەمەنیشی زۆر بێ دەخڵەفێ و مناڵ دەبێتەوە و وەك کۆرپە ڕەفتار دەکا و هیچ لە دەور و بەرو ئەرکی ژیان و زەمانی نوێ تێ ناگات، سەر چ سوودێکی هەیە گەر (میشکی) تیانەبێت:

(( سەر کە موغزێکی نەبێ سوودی نییە)) و گەشتی هۆشیاریی نەزان گەرانەوەیە بۆ دواوە (بۆ منالّیی) نەك پێگەیشتن و کامڵیی هوش و تەمەن:

کاکە جاهیل گەر بگا عومری بە صەد

گێلە صەد چەندانە ئیشی کاڵ دەکات

★★★

خاڵۆ کەلە حەفتا دەدرێ ساڵی حەیاتی

جاهیلترە ئێستاکە لە دەورانی منالّی

★★★★

گەر تاجی سەرت لەعلە لەگەڵ تەختی تەلایی

بێ نووری زەکا جاهیل بێبەش لە کەماڵی

12. زۆر دەوترێ کورد گوردە، پاڵەوانە، مەردە، سەر لەبەر دوژمن دانانەوێنێ. ئەمانە لە ئەفسانەوە نزیکترن لەوەی لە ڕاستی.

ڕاستییەکەی ئەوەیە کورد هەژارە، کەساسە، نەزانە. تووشی نەگبەتی سەرانی دواکەوتوو و خۆپەرست و کۆنەپەرست هاتووە کە هەموو شتێ بۆ خۆیان (ئیحتیکار) دەکەن و میللەت چەواشە دەکەن و ڕێگەی ڕاستی لێ تێکدەدەن.

کورد گلّی خاوە، کەرسەکە، بە جۆرە ئاوێ دەبێتە قوورِ و بەپێی ڕێبوارانەوە دەنووسێ:

ئەگەر وەك من گەلی خۆتان دەناسن

دەزانن چەند بە جێماو و کەساسن

نە وەرشۆن و نە پۆلان و نە ئاسن

**گڵی خاوەن بە کەرسەکیان بناسن**

**بە چۆڕێ ئاو شل یەك یەك دەنووسێن**

**بە قاچی رێبواراندا دەنووسێن.**

**هەتا کەی تۆ دەڵێی ئەم کوردە گوردن**

**لە مەیدانا نموونەی دەست و بردن**

**زەمانێ ئیشی زل زلیان دەکردن**

**ئەوان خوایان لەگەڵ بێ جوملە مردن**

**ئەمانی ئێستە رەجعی و ئیحتیکارین**

**خەریکی زوڵم و زۆر و نا بەکارین**

**کورد ئیستاش وەك منالٚ وایە: ئێمە ئێستەش بێ خەبەر وەك کۆرپە ساوای باوەشین.**

## دەردە سەرەکییەکانی کورد

**1. دەردی دەردان : نەزانی**

**وێرانکەری نیشتمان و دارزێنەری مرۆڤی کوردە. قفڵی زمانە. زنجیری دەستی داگیر کەرانە، کورد دەکا بە خۆ خۆر، بە دەرویش، بە گا و گۆلٚ، بە ژێردەست، هتد.**

**نەزانیی دوژمنی خوێنڕێژی گەلتە**

**نەزانیی لابەری گەنجی ئەمەلتە**

**نەزانیی بۆتە هۆی قفڵی زمانت**

**نەزانیی تێکی داوە نیشتمانت**

**نەزانیی رێگرە بۆ رێگەی بەرەو پێش**

**نەزانیی کوردەکانی کردە دەروێش**

**نەزانیی نیشتمانی تۆی خەرا کرد**
**نەزانیی کوردی گوردی بێ نەوا کرد**
**نەزانیی ئاگری بەردایە ماڵت**
**نەزانیی بوو شکانی قاچ و باڵت**
**نەزانیی جەرگی کوردی کردووە کون کون**
**نەزانیی خستیە ژێر چاپۆکی دوژمن.**

**فانی روونی دەکاتەوە مەبەستی لە نەزانیی نەزانی تەنێ نەخوێندەواری و بێ سەوادی نییە. دەشێ کەسێ خوێندەوار بێ، مامۆستا بێ، نووسەر بێ فسفسپاڵەوانی سیاسەت و مۆدێلی بیر بێ، یا پێشمەرگە بێ بەڵام هێشتا نەزان بێ. وەزیرێك کە شارەزاییی لە کارەکانی وەزارەتەکەیدا نەبێ , نەزانە. سەرکردەیەك ستراتیژ و بەرنامەو بەهرەی نەبێ, نەزانە, بەرێوەبەرێ کاری بەرێوە بردن نەزانێو نەزانەو هتدز**
**زانایی لای فانی جیهانبینی یە.**
**ناسینی خۆت و کۆمەڵ و جیهانە.**
**بوونی روانگە و بەرنامە و ستراتیژی ئاشکرایە بۆ سەربەخۆیی وڵات و شارستانیکردنی کۆمەڵ.**
**گەر زانین و رۆشنبیریی بەم ئامانجانەوە نەبەسترێنەوە و نەبنە هێز و پاڵنەر بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە واتە نەبن بە(کاریگەریی) پراکتیکی و بیریی بەرامبەر بە دەسەڵاتی داگیرکردن و کۆنەپەرستیی، ئەوە زانین و رۆشنبیری نییە, ئەوە نەزانینە. نەزانانیش چی بکەن و چی بڵێن هەر کوێرن و خۆشیان و گەلیشیان بەرێگای نەهات و کوێرەوەریدا دەبەن:**
**لاوی نابینا لە رێگەی هەوڵ و مەیدانی خەبات**
**چی بزانی، چی بنووسێ، چی پەیدا کا، چی بکات**
**، هەروەك و کوێرێکی بە ستەزمانە رۆژی کارەسات**
**رێبوارن جاهیلان ئەمجا لە سەر رێگەی نەهات !**

ئەگەر میللەت هەمووشی پێشمەرگە بێ و چەك هەڵگرێ، ئەوە نرخی نییە ئەگەر بەدوای سەرۆكانی جاهیل یان خائین بكەوێ و خۆشی نەزانێ چۆن و بۆچی دەجەنگێ. چەكی میللەتی جاهیل چاكەو بەرژەوەندی هێزی داگیركەرانێتی:

تفەنگ و خەنجەری كۆمەڵ لە بۆ كوشتاری خۆیە و بەس
سیلاحی میللەتی جاهیل، صیلاحی هێزی ئەغیارە.

2. تایەفە تایەفەگەری و قەبیلایەتی و ناوچەگەریی وخۆخۆریی كوردی ژێر دەستەی بێگانە و خاكی دابەش كردووە :

تایەفە تایەفەیە كوردو هەمووی صنددی یەكە
واسیتەی جەهلە كەوا جوملە لەیەك هاڵاوە
*******
ئەم قەبیلایەتییە تێكیدا بناغەی كوردییەت
یەك دەبێژێ سوێسنیم و یەك دەبێژێ مامەشین
لەم رەفیقانە ئەگەر یەكیان بفەو تێنێ عەدوو
جەژنی شادیمانە یەك یەك وەك درەختی بێگەشین
وا لەسایەی تەربیەت بێگانە چوون بۆ ئاسمان
ئێمە ئێستەش بێخەبەر وەك كۆرپە ساوای باوەشین
وا لەبەینی (ع وع و تێ ) دا لەبەر زۆری نیفاق
ئێستە سەر گەردان و بێ دەرمان و دابەش دابەشین
******
مەبەست لە ع وع و تێ :عەرەب و عەجەم و توركە.

3. سیستمی دەرەبەگایەتی و ئەو جیاوایە چینایەتیە گەورەیەو بێدادیی وناهەقییەی بەرامبەر خەڵكی چەوساوە و درووستی كردووە:

لەبەر زەوتی زەوی و دێبەر لە خاکی کوردەوارییدا
یەکێ دارایە نۆسەدیان رەواڵ و رووت و ئاوارە
لە باغی کامەرانیدا گەلان گوڵ چین و کوردی من
هەتا سینەی قوڕی زیللەت , هەتا سەر نەشتەری خارە.

4. سەرانی نەزانی کورد گەورەترین بەڵاو ڕێگری پێشکەوتن و دادو شارستانێتی و سەربەخۆیی کوردستانن:

هەر گەلێ سەرکردەی نەزان و خۆپەرست و ئیحتیکاری بێ, بەشی دواکەوتن و ژێردەستی بێگانەیە فانی باسی تاکە تاکەی سەرۆکان ناکا, باسی مودێل و (چەشنی) سەرۆکانی کورد دەکا کە نەزانی و خۆپەرستی و تەماع گومڕاکەریانە:

مەپرسە مایەیی پەستی ژیانی گەل کێیە
لغاوی ئەسپی ریئاسەت بە دەستی نادانە

★★★★★

نێزیکە لەسەر حیرصی سەرۆکانی گەلی کورد
یەکجارە لە کوردان بدرێ بەرقی فەنایێ

★★★★★★

ئەی مەرد گەرچی سەرۆکی ئێمە حوکمی نافیزە
ڕۆژ هەتا شەو غەدرە پیشەی, بۆچی شەو تا ڕۆژ دزە

★★★★★★

سەرۆکی ئێمە رۆژ وشەو نەزانی و جەهلە مەنزووری
کەسێ ناکەس وەزیری بێ وەکو عیفریتی لاسارە

★★★★★★★

چەرچڵ و ڕۆزفلْت خەریکی ڕاوی غایەن ڕۆژ و شەو

گەورەکەی ئێمەش بەبێ خەم پرچی پوور نەخشینی گرت

★★★★

بەتایبەتی لەم سێ بەیتەی خوارەوە دا فانی سێ سیفەتی چەشنی ئەزەلی لە بەناو سەرکردانی کوردا دەسنیشان دەکا:

1. داوایی ئینفیراد: واتە خۆ جیاکردنەوە وەك تاکە سەرۆك و قبووڵ نەکردنی هیچ یاریدەر و سەرکردایەتییەکی بە کۆمەڵی دیموکراتی.

2. ئەنجامی ئەمە ئەوەیە باڵ و قۆڵی گەلیان شکاندووە و خستوویانەتە ژێر دەستی دوژمنەوە .

3. زۆر جار ئەوەندە بێ ویژدان و بێ کەرامەتن کە بۆ سوودی شەخسی خۆیان ئامادەیی ئەوەیان هەیە گەلی خۆیان تێکبەردەن و شەڕی ناوخۆیی بەرپابکەن و هەزاران بکەنە قوربانی شەڕی زەعامەتی خۆیان.

4. ڕێگای هیچ جەدەل و دایەلۆگێی دیمۆکراسی نادەن و هەمیشە لافی ئەوە لێ دەدەن کە ئەوان هەر خۆیان هەن و گەلی نەزان و خۆنەناسیش دەخەنە ناو گێژاوی ئەو ئاخاوتنە گەلکوژەی خۆیانەوە:

پۆلی سەرۆکی ئێمە بەداوایی ئینفیراد

قۆڵی ژیانی ئەم گەلەیان خستە ژێری قەل

بۆ سوودی شەخسییە کە لەهەر لا سەرۆکی کورد

دێنێ بە نووکی گوللەی جەور , ئینقیراچی گەل

دایم بە لاڤ من هەم و کەس غەیری من نییە

ئەم قەومە خۆ نەناسەیە هەستاوە بۆ جەدەل.

4. نەبوونی ئاشتی و ئاسایشی کۆمەلایەتیی و سیاسیی:

ئاشتی و ئاسایش یەکەم مەرجی ژیان و زەمینە و سەرمایەی پێشکەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریی و زانستی گەلانن. کورد لەوەتی هەیە بە دەردی نەبوونی ئاسایش گرفتارە و ئەمەش ڕێگەی دەمەزراندنی بناغەکانی شارستانێتی و پێشکەوتنی شاریی و کولتووریی و زانستی لێگرتووە و

له جوغزی دواکەوتن و دووبەرەکی و خۆخۆریدا هێشتوویەتیەوە. نە دواکەوتن و ڕێگای تەبایی و هاوکاری و یەکێتی نەتەوەیی داوە، نە داگیرکردن بواری ئازادبوون و دروست بوونی ژێرخانی ئابووری و کولتووری سەربەخۆی داوە. جگە لەمەش کۆلۆنیالیزمی داگیرکەر بۆتە هۆی کوشتن و بڕین و لەناوبردنی بە کۆمەڵ:

ژیانی بێ ئەمن و ئاسایش لەسەرشانی ژیان بارە
دریغا کوردی بێ **گالع**، بە ئەم ژینە گرفتارە
گوتم قانوون گوزاری عەدل وئاسایش کوا ؟ چی بوو؟
دەڵین گۆڕاوە ئەم قانوونە دەوری جەوری زۆردارە

5. داگیر کردن و کۆلۆنیالیزم :
فانی هەر زوو تەماعی دەوڵەتە بەهێزەکان بۆ دەستبەسەراگرتنی سامانی نەوت بەهێزێکی جیهانیکار دادەنێ. لەبەر ئەوەی کوردستانیش پڕ لە نەوت و کانگەی سروشتییە ئەوە بۆی بۆتە بەڵاو داگیرکەران لەدەوری خڕدەکاتەوە، هەر وەکو چۆن ڕێوی کەوڵی خۆی لێ دەبێتە بەڵا :

هەر وەکو ڕێوی کە کەوڵی خۆیەتی دوژمن بەخۆی
نیشتمانی پڕ لە کانی کوردە بۆ کوردان بەڵا

هەر ئەم هەوڵەی گەلانی دەسەلاتدار و ئیمپریالیستی دنیایە بۆ گەڕان بە دوای سەرچاوەی ئابووری و بازاڕدا کە لە سەردەمی ( سەدەی بیست دا) لافاوی سیاسەتی کردە دیاردەیەکی جیهانی کە هەموو گەلانی بێ کەشتی زانست و کار دەبنە قووربانی:
ئەم عەسرە عەسرێکە کە لافاوی سیاسەت
بۆ فەوتی نەزانان لە هەموو لاوە دەدا جۆش

**کوردستان خاکێکی خۆش و پڕسامان و بەرهەمە. بەڵام کۆلۆنیالیزم ((داگیر کردن)) هەموو جۆرە پیشکەوتنێکی کۆمەڵگای کوردی وەستاندووە. لەماوەی سەدان ساڵی داگیر کردنی عوسمانیو دوایی عەرەبیدا باشووری کوردستان هیچ ڕێگە و قوتابخانە و خەستەخانە و ئاو و کارەبا و بەرنامەی یارمەتی کۆمەڵایەتی و دەستگرتنی هەژارانی , بە خۆیەوە نەدی:**

**ئەم نیشتمانە خۆشەی پڕ نەوتی وەك تەلایە**
**هەر لادەچی زەمینی وەك باخی دڵ گوشایە**
**لێی نێژراوە تووتن گەر دەشتە گەر چیایە**
**خۆ گەنم و جۆ و برنجی مەشهووری ئاسیایە**

**کوا بۆ ژینی ئێمە لەو گەنجە بێ ژمارە**
**چی دانراوە تەنیا هەر ئاخە هەر جەخارە**

**کوا ڕێگە، کوا مەداریس، کوا ژووری خەستەخانە**
**کوا ئاو و کارەبا، کوا دەستگرتن و ئیعانە**
**مردن هەموو بەلاتیی ئەم کوردە قارەمانە**
**هەر مەینەتە و کەشاکەش هەر ژانە ئەم ژیانە**
**نامەوێ لەمەولا بەم جۆرە رابوێرین**
**گەر ئاشتی نەما شەڕ کوردین و بەچکە شێرین.**

**<u>بنەما و بەها بەرزەکانی خەباتی نەتەوەیی:</u>**

1. **سەربەخۆیی خواستن :**

**بەبێ سەربەستی نەئاشتی و ئاسایش دەبێ، نەزانی کەرامەتی تاك و گەل. گەلێ ئازایەتی ئەوەی نەبێ ناوی ئازادی بێنێ و بێ پێچ و پەنا بۆ ئازادی و سەربەخۆیی وڵاتەکەی بجەنگێ هەر لە ژێر پۆستاڵ و بەزەیی داگیر کەری بێ بەزەییدا دەمێنێتەوە :**

ژین بەبێ نووری حورریەت مەرگە خاڵۆ بێ درۆ
ژینی وا هەر عارە ئەی دڵ تۆش بفەرموو با نەبێ

واتە: بمرە، بەڵام بەبێ ژیانی سەربەستی مەژی، چونکە ژیانی عار و سەر شۆڕییە. ئازادی و مانەوە یەك شتن.

★★★★

دڵ نەخۆشە, پێی دەڵێم ئەی دڵ چییە دەرمانی تۆ
پێم دەڵێ دەستناکەوێ: سەربەستییە دەرمانی من!

★★★★★

ئاوی ئازادی لەگەڵ ئاوی بەقا یەك ئاوە بەس
هەر گەڵێ نۆشیویە لەم ئاواتە باقی ماوە بەس

هەر کەسێ بێ بەش لە ئاوی جامی ئازادیی کرا
بێبەش و گەردن کەچ و حەیران و لێقەوماوە بەس

قبووڵکردنی نائازادی مانای دروستکردنی کەسێتییەکی لاواز و لەرزۆکی مرۆڤە، نائازادیی مرۆڤی گەردن کەچ و سەرشۆڕ و سەرلێشێوا و و داماو و سەرگەردان دروست دەکات.

2. کوردستانێتی یان کوردستانیزم:

واتە هەموو کورد نەتەوەت بێ و هەموو کوردستان وڵاتت، ڕێگە نەدەی عێراقچێتی و ئێرانچێتی تورکچێتی جەستەی خاك و زمان و کولتوور و گەلت
دابڕ دابڕ و پارچە پارچەکات.

دڵ ئارەزوو دەکا وەکو سائیری میلەل
مان و نەمانی پێکەوە بێ کوردی بەد عەمەل

★★★★★

ئەم کوردستانە هەمووی یەكماڵە

میکرۆبی ناوماڵ کوشتنی حەڵاڵە

★★★★★

بڕوای فانی ئەوەیە: کورد یەك نەتەوەیە، کوردستان یەك خاکە. هەر دابەش دابەشکردنێکی ناوچەیی، دایلێکت, مەزەبی و حیزبی خیانەتەو تاوانە و خزمەتکردنێکی ڕاستەوخۆی نەخشە و پیلانی داگیرکەرانە. لە ساڵی 1959 کە بەناوی ئایدیۆلۆژیەتەوە هەوڵی دابەشبوونی کورد درا فانی دەنووسێ:

پارتی، شیوعی، سۆران، بادینان

بۆ بنێشتە خۆشە لەبنی ددان

چیت لە من داوە لەسەر کام دینم

یا چییە و چۆنە بڕوا و ئاینم

منیش وەکو تۆ کوردستانیمە

کوردستان جێگای جاویدانیمە

ئەمە سەرەتاگەیەکی گرنگی کوردستانیزمە: جیاوازی لە چوار چێوەی یەکێتی نەتەوەیی کوردستانیدا. با بیر و باوەڕ, مەزەب، حیزب، ناوچە، بیرکردنەوەی سیاسیی جیاواز بن, دەبێ ئازادی ڕەهای ئەو جیاوازییانە هەبێ بەڵام نابێ ئەوە ڕاستی کوردستانیبوونی هەموومان وهۆکارو هاوخەباتی نەتەوەیمان بشێوێنێو تێکی بدا.

کورد دەبێ کورد بە براگەلی خۆی بزانێ نەك بێگانە:

کوردە ئەتۆ کوردی براگەلتە کورد

شووشەیی ڕێکی مەکە شێتانە ورد

پشتی گەلی دوو دڵ و ناڕێکە پرد


www.dengekan.com

قەومی گوزەشتەت هەمووبەم دەردە مرد.

تا کورد ڕێگە ی خەباتی کوردستانی و هاوکاری نەتەوەیی نەگرێتە بەر و چاکەی هەموو ڕۆڵەیەکی خۆی بە شێت و ژیرەوە نەویٚ لە پەت و قەنارەی داگیرکەرانی رزگاری نابیٚ:

کوردە تا دەستت لە دەستی دۆستانی خۆ نەکەی
ڕوو لە چاکەی شێت و ژیری کورد زمانی خۆ نەکەی
تەرکی گوێگرتن لە لافی دوژمنانی خۆ نەکەی
گیان فیدای ئاوو هەوایی نیشتمانی خۆ نەکەی

هەروەها بێبەش دەژیت و شین و شیوەن کارتە
کۆت و نجیر و قەنارەی دوژمنان سەربارتە

تا بەکەی سستی و پەستی نابەکاریی تا بەکەی
باسی سەربەستی و ئازادی بەزاری تا بەکەی
دوو زمانی و دوو دڵی و کینە و نەیاریی تا بەکەی
ملکەچیی و بیٚ قیمەتی و رووتی و هەژاریی تا بەکەی

گرتن و لێدان و کوشتن بۆ گەلی بێکارەیە
ئەی گەلی بێکارە هەوڵیٚ، ڕاپەڕینت چارەیە.

3. ڕەوایی مەسەلەکەمان و باوەڕبوون بە ڕەوایی مەسەلەکەمان بۆ سەرکەوتنی دەبێیی (حەتمی) مان:

کوردەکان زۆریی لەکەس ناکەن لە ژووری نیشتمان
مافی شەرعی خۆ دەپارێزن لە هەر چوار لاوە بەس

**جوولەکەی بێ نیشتمان و زەنگییانی هیچ نەزان**
**مافی خۆیان سەندو مافی ئێمە ژێر پێ ماوە بەس**

**شەڕ لەسەر هەق بێ لە سەرکەوتن شکی تێدا نییە**
**هێزی ناهەق هێزی هیتلەر بێ سەری دۆڕاوە بەس**
*******

**دانەڕیچەم لێدەکا دوژمن بە قارو قینەوە**
**غەیری حوببی نیشتمان چیدی نییە تاوانی من!**

**4. لە مێژوو فێر بە. با مێژوو مامۆستای هەموو رۆژێکت بێ:**

**ئۆستادی گەورە مێژووە بۆ عەزم و بۆ سیبات**
**ئەم گەنجە پڕ بەهایە لە بەر دیدە لامەبە**

**مێژوو بکە بە مامۆستای مەزنی خۆت . هەمیشە پەند و دەرسە بەنرخەکانی مێژووت لە دڵا بن تا هێزی خۆڕاگرتن و سەرکەوتنت بداتێ.**
**دەبێ مێژووی شکۆی خۆمان بۆ خۆمان بستێنینەوە:**

**کاوە و سەلاحەددین، رۆستەم لەگەڵ کەریم خان**
**ئێستەش بەوانە ئاوا سەربەرزە میسر و ئێران.**

**لە مێژووی خەباتی گەلانەوە فێر بە. تەنیا کاتێ گەلانی وەك جەزایر, راپەڕین و ئاشتییان بەژێردەستی نەویست و خەباتیان بۆ سەربەخۆیی کرد، ئەوسا جیهان پێیان زانی و ئازاد بوون:**

سەد و سێودووساڵی ڕەبەق جەزائیر
لە ژێر چاپۆکی دوژمن موبتەلا بوو
هەموو باخ و بەراو و شارەکانی
بەبێ سووچ و بەهانە لێ بڕابوو
لەبەر گوێی کاربەدەستانی فەرەنسە
گرین و شین و ڕۆ ڕۆیان خەتا بوو
هەتا کڕیاری سوڵح و ئاشتی بوو
لە ڕێگەی ئاشتی تووشی سزا بوو
هەقی خۆیان درایە دەستی خۆیان
گەلی ئازا لەمافی دڵنیا بوو.

مێژووی کوردیش پڕە لە خوێن و خیانەت، لە هەڵخەڵەتاندن و بەشوودان. پەندی گەورە ئەوەیە: باوەڕ بە داگیرکەر مەکە، تا ئازادی و مافی بڕیاردانی چارەنووسی خۆت بەدی نەهێنی، بە هیچ بەڵێن و پەیمان و پارە و پوولێك هەڵمەخەڵەتێ.

بەتایبەتی دەبێ لە مێژووی ئەورووپاوە فێربین. مێژووی ئەوان گرنگە چونکە بە چەکی زانین دەسەڵاتیان پەیدا کرد و بوونە سەروەریی دنیا. نموونەی ئەورووپا نیشانمان دەدا هەرچەند کورد دواکەوتووە، نارێکە، خۆ خۆرە، ئەمە حاڵەتێکی مێژوویییە جیاوازییەکەی نەزانین و زانینە. گەلی خوێندەوار و زانا دەبێتە ئەورووپایی. لە پێشدا ئەورووپاش ئەوا دابڕ دابڕ و دواکەوتوو و خۆ خۆر بوون زانین رزگاری کردنو کردنییە سەروەری خۆیان و گەلانی تریش:

لە پێشوودا ئەورووپایی وەکو تۆ لائوبالی بوون
لە سایەی عیلمە پێگەیون، دەخۆن ئەم نانە بخوێنە
ئەگەر چی حەزرەتی شێخیش دەڵێ دنیا خەرابوونە
ئەبەد بڕوا نەکەی، غەفڵەت لە بۆ نادانە، بخوێنە

5. رێکی، زانین –کار  بکە دروشمی رۆژانە و کۆمەڵگای شارستانی یەکگرتووی پێ دامەزرێنە:

رێکی و زانین و کار ئاساری بەرزی کۆمەڵە
ئەی خودا لەم سێ شتانە ئێمە بۆ بێبەشین
موکری و پیران و مامەش، سویتنی و ئاکۆ و رەمك
تەن بەتەن کوردین لەگەڵ یەك دوژمنی دڵ پڕ شین
******
سەروەت و سامانی عالەم زادەیی عیلمە و عەمەل
گەنجی بێ رەنجی نەدی کەس بێتە ناو دامانی کەس.
*****
عیلم ئاوێکە هەر کەس لێی بنۆشێ
هەتا مردن لە سینەیدا دەجۆشێ
دەزانێ قیمەت و قەدری وولاتی
بە بێگانە و نەیاری نافرۆشی.
*****
نەزانی تێك شکێ، دوژمن شکاوە
بە تیرێ دوو نیشانم بۆ بکەن وورد

6. نموونەی رەوشتی بەرز بە. درۆزن مەبە. ریاباز مەبە.
ماستاو و مەرایی بۆ کاربەدەست و دەسەڵاتداران مەکە. کەسێتیت سەنگین بێ. بۆ پارە خۆت مەفرۆشە، سەرت بەرز بێ. ژیانی ماددیت بەلاوە هەموو شت نەبێ. ناوی مەردانەو چاکەی گشتی و بەرژەوەندی گەل بکە بیر و بەرنامە و خووی رۆژانەت. ژیانی مەعنەویت بەلاوە گرنگ و جەوهەری بێ.


www.dengekan.com

7. سەروەری قانوون راگرن:

ئەگەر قانوون کرداری بەشەر بێ
نییە باوەڕ بەشەر نزیکی شەڕبێ

لە هەرجێ هەیبەتی قانوون نەمێنێ
نەزان تۆوی بەدکاری دەچێنێ

ئەوە پارێزگاری نیشتمانە
ئەوە هەوساریی زۆرداریی نەزانە

8. کەرکووك جەرگ و دڵی کوردستانە لە دەستی مەدەن :

کەرکووك بووکی کوردستانە
لە ناو جەرگەی نیشتمانە
★★★★★★
کەرکووك ئەی شاری دێرینی کوردان
تۆ شاری دەریای ئاڵتوونی رەشیی
سەرت لە شیمال پێت لە جەنووبە
هەروەکو و دڵ وای لە ناوەند لەشیی.

بەشی شەشەم

چارە چییە؟ ئەگەرو مودێلەکانی خەباتی رزگاریخوازیی.

**مودێلی یەکەم: رەحمی خودا,هاواربەستن لەخودا بەشکا رەحمێ بەم گەلە نەگبەتە بکات...**

**خوداوەند بە لوتفی بێ ژمارت**

**بە نووری مانگ و رۆژی شوعلەدارت**

**بە بەحری جوودو چاکەی بێکەنارت**

**بکەی رەحمێ بە کوردانی هەژارت**

**لە چاڵی جەهل و پەستی سەر دەرێنن.**

**چڕو چێڵی نەزانی تێك شکێنن.**

★★★★★

**خودا کوردانی نووستوی ژووری غەفڵەت**

**بە صوتی رەحمەتت کەی جوملە بێدار**

**لە قاپی تۆ بە ئەنواعی تزرع**

**گەلی کوردان دەکەن بۆ چاکە هاوار**

**ئەمەل وایە لە دارووی ئیلتیفا تت**

**نەبێ بێ بە هرە کوردی دڵ بریندار**

**لە بۆ سەر کەوتنی ئەم کوردە(فانی)**

**بپاڕێوە لە قاپی بەرزی سەتتار.**

★★★★★★★

**ئەی مەلائیك, ئەی فەلەك, ئەی ئاسمان**

**ئەی خودای بەرز و گەورە و لاسەکان**

**ئەی بەشەر, ئەی دۆستدارانی جیهان**

**ئەی گرۆهی زاڵمان و خائینان**

**کەی رەوایە هۆزی کوردی بەشکراو**

**قەت نەبینێ رۆژی ئازادیی بە چاو.**

★★★★★



www.dengekan.com

له سەرەتادا(فانی) هاواری زۆر بۆ یەزدان دەکا,بەڵام موخابین هیچ هەواڵێ نابیستێ و دەردەکوردەکەشی گرانتر دەبێ.

مودێلی دووەم: پشت بەستن بە چیا کان:

چیاکانمان: پشتیوانمانن, قەڵای خۆراگریمانن, سەرچاوەی ژیانمانن:

کوردان کێوەکان پشتیوانیانن

جێگەی ناشتنی دوژمنا نیا نن

لای فانی چیاکان قەڵای سەخت و نەبوو بێی (موعجیزەی) کردگارن, لوتکەی سام و هەیبەت و جوانین, بنکەی شارستانی کۆنن, بنەمای هەستی ئیستا تیکی و خۆنازیی نەتەوەیین, سەرچاوەی ژیان و شێوەژیانی تایبەتی کوردەوارین, رەمز و وێنە و نموونە و نوێنەری خۆڕاگرتنی کوردان و گۆڕستانی داگیرکەرانن. ئەماتە چەند دێرێکن لە هۆنراوەی چیای نیشتمان:

سلاّوم لە تۆ ئەی چیا ی نیشتمان — بە بەرزیی بژی تابمێنێ جیهان
ئەتۆ سێبەری خۆشەویستی خودای — لە بۆ کوردی ئازا بە بەش دانرای
بە تۆ شادە ئێستا دڵی کوردی گورد — لە ژێر پێتە بەرزیی قەڵای دەستکرد
بە تۆ لاوەکان چوست و چالاك بوون — لە هەنگاوی تەنگانە بێباك بوون
ئە تۆ ئەو قەلاّتەی کەوا جاویدان — دەمینێ,لە تۆ دوورە باکی نەمان
وەك ئەستێرە بەرزە سەرو شانی تۆ — هەموو داری بەردارە دامانی تۆ
گەلێ دیمەنی جوانە و ا ئاوی سەرد — سەرەو لێژە رێگەی بەبێ تۆز و گەرد
بژین ئەو چیا یانە بۆ هۆزی کورد — لەوێ لاوەکان دەبنە سەربازو گورد
فڕۆکە و گەڕۆك و دەبابە و رەشاش — لەئەو جێیە بێسامە وەك هێزیجاش

وەسفەکانی فانی بۆ چیاکانی مەرگە, قووڵی تێگەیشتنی ستراتیژی مێژوویی (فانی) و شانازی بە مێژووی بەرگری کورد بەرامبەر داگیرکەران دەردەخا.

ديارە فانی هەر وەك لە زۆربەی هۆنراوەكانی روونی دەكاتەوە, چيا بە شێوەيەكی رووت و دابڕا و لە كەسێتی و ئازايەتی و زانايی گەلی كورد بە بناغەيەكی پتەوی خەباتی سەربەخۆيی دانانێ. وەك راستييەكی بابەتی مێژوويی (چياكان پشتيوانی كورد) بوون و گۆرستانی دوژمنانيان بوون. بەلاّم هێشتا چياكان نەبوونە هۆی پێشكەوتن و رزگار بوون. كورديیان لە حاڵەتی دواكەوتوويی بەربەريی و دابەش دايبەشی قەبيلايەتيدا هێشتۆتەوە. بۆيە رێگای چارەی يەكەم و دووەم و دەيەم و كۆتايی لای فانی هەر خوێنداواری و زانين و زانستە.

مۆدێلی سێيەم : (قارەمانی رزگاركەر) : واتە دەركەوتنی رزگاركەرێك، پاڵەوانێكی نەتەوەيی ناوخۆيی. فانی وایدادەنێ كە لەئەنجامی خڕبوونەوەی ئەو هەموو كارەسات و عەزابە مێژووييە، هەر دەبێ لەناو كورد خۆيدا، لە ناو جەرگەی جوگرافيای برينەكانيدا، قارەمانێكی مێژوويی پەيدا بێ و هەلومەرجی مێژوويی و دنيايی تێبگا و بەرنامەی رزگاری كورد و گەلە ستەمديدەكەی پيادە بكات..

فانی لێرەدا بير لە دەركەوتنی (لينين) ێكی نەتەوەيی دەوڵەتخوازی كورد دەكاتەوە (لينينی) ێك كە فرمێسكی چاوی خاكەساران و هەناسەی هەژارانی كورد دروستی بكات:

ئەی كۆمەڵی هەژاران، ئەی چاوی خاكە ساران
بڕژێنن ميسلی باران، فرمێسكی ئەرخەوانی
تەڕكەن بە خوێنی چاوتان، چۆغەی شڕ و دڕاوتان
تا بەڵكە بێتە ناوتان، مەردێ بەميهرەبانی
ئەم حاڵە تاڵە لادا، ئەم زوڵمە زوو بە با دا
رووكا بە لای گەدا دا، رۆشن بكا ژيیانی
حەيفێ نييە (لينين) ێ، كورديش وەها ببينێ
تاوداتە شيری قينێ، وەك شێرەكەی شەڕانی

مۆدێلی چوارەم : كۆلۆنياليزمی بەربەری شەڕانی:

زۆر گەل و گرۆ كە ولاّتەكەيان ژيانی كۆمەڵگای خۆيان دابين نەكردووە چاويان بڕيوەتە سامان و خاكی گەلانی دی و وەك گرۆ و لافاوی بەر بەری هێرشيان بۆ ولاّتانی دی كردووە و سامانيان تالاّن

کردوون، خاکیان داگیر کردوون و گەلیان ژێر دەست کردووەو دەسەڵات و زمان و سیستمی خۆیان بەسەردا سەپاندوون، عەرەب، مەغۆل، تەتەر، تورك، لەوانە بوون.

فانی لە هۆنراوەی (بۆ جافەکان) کە یەکێکە هەوەڵین هۆنراوەکانی و لەکاتی لاوێتیدا لە ساڵی 1932 دا نووسیویەتی بیری بۆ ئەمە دەچێ و بەجافەکان دەڵێ بۆ لەسەر زەوی و زاری بێ ئاو و رەق و تەق کە دادی ژیانیان نادا ئازایانە دەجەنگن و یەکتر دەخۆن، بۆ ئەو ئازایەتییە وەك مەغۆل و تەتەر بۆ پەیداکردنی زەوی و زار و سامان لە وڵاتانی دیکەدا بەکار ناهێنن !!..

هۆلاکۆ جەنگاوەری هۆزەکانی خۆی بەکارهێنا بۆ شاڵاوی داگیر کردنی ولاتانی دیکەو ئێران و بەغدای داگیرکرد:

جافەکان دەرحەق بە یەکتر بەس جەفاکاریی بکەن
بەس برێژن خوێنی یەکتر بۆ تەماعی دونیەویی
وەك لە قەتلی یەکتری ئازان ئەگەر ئازا دەبوون
کەی دەبوون رازی بە شاخ و داخی بێ ئاو و زەویی
قەت (هۆلاکۆ) خان میسالی ئێوە جەنگانی نەبوو
ئیستیلای ئێران و بەغدای کردوو بەرزایی و نەوی !

مۆدێلی پێنجەم : شۆڕشی رۆشنبیریی لاوەکان .

مۆدێلی دووەم هیچ. گەلی نەزان هەرخەریکی خۆ خۆرییە و ناپرژێتە سەر هیچی دی. لەبەر ئەوەی فانی دەردە کورد، دەری نەزانی و دواکەوتوویی و کۆنەپەرستی ناخۆیی و هۆکاری (دوژمنی هاو خانە)، بە دەرد و هۆکاری هەرە سەرەکی کوێرەوەریی و تراژیدیای مێژوویی کورد دەزانێ، لە هۆنراوەیەکی زوویدا ئەو بیر و باوەڕە گرنگ و رادیکالی و پێشکەوتنخوازی دەردەبڕێ و کە تەنیا و تەنیا بە راماڵینی بت و بتگەدەی واتە بتپەرستخانەی کۆنەپەرستیی و نەزانیی لە ناو کۆمەڵا، کۆمەڵگای کوردەواری دەرگا و دەرووی ئازادی و پێشکەوتنی لێدەکرێتەوە. فانی ئەمە بە مەرجی مێژوویی و ئایدیۆلۆژی سەرەکی و جەوهەریی، پێشەکی و پێشوەختی هەر بزوتنەوە و شۆڕشێکی نەتەوەیی رزگاریخواز دەزانێ :

**تا ئەم دەماری جەهلە لە لەش نەکێشنە دەر**
**وە حشین و وەحشییانە هەموو شت خەرا دەکەن .**

★★★

**میللەتی بێ شعوور و بێ ئاگا**
**هەرچی ویستی کرابێ نەکراوە**
**چونکە سەبر و سیباتی قەومی نەزان**
**وەکو بلّقی زەعیفی سەر ئاوە**

★★★★

**لەم عسری تەرەققی بە شەڕ و بۆمبی ئەتۆمدا**
**هەر ئەحمەقی پیێشوویی و نەگۆڕاوە خەیاڵت.**

★★★★★★

**روو لە زانین گەر نەکەی تۆ پەشمە تیعدادی نفووس**
**بۆ درینی ورگی گا گەل، بەس کە گورگێ قینی گرت.**

**کە وایە شۆڕش بە گەلی نەزان ناکرێ، کە لەگەڵ یەکەم تەقەدا، یەکەم بۆمباباران یان یەکەم دەرکەوتنی دەبابە دا، وەك بلّقی سەر ئاو بتوێتەوە . یان خۆی بخاتە باوەش داگیرکەرێکی ترەوە. شۆڕش بە بیر و زانست دەکرێ، بە تەکنۆلۆژیا و چەکی نوێ. بۆیە تا هەلو مەرجی بابەتی بۆ ئەم پێشکەوتنە مێژووییە و دروستبوونی کۆمەڵگای بیرو زانست بڕەخسێ، دەبێ دەستەی رووناکبیرانی کورد(گەنجی پقافی ) ببنە رێبەری شۆڕشێکی رۆشنبیری بت و بتخانە شکێن:**
**فانی ئەم بانگەوازە گرنگە بۆ شۆڕشی رۆشنبیری لاوانی رووناکبیر دەکا:**

**تا تێکنەدرێ بتگەدەی کۆنەپەرستی**
**دەڕۆن گەل و سەرگەل بە خودا روو بە شکەستی**

**تا پاچی زەکا دەست نەدەنێ (گەنجی پقافی )**


www.dengekan.com

ئەو بتگەدە بێ سەر نییە یەك لەحزە تەنافی !

★★★★★

زانین سەرۆكی مەسڵەحەتی مڵك و میللەتە
گەورەی نەزان و هەرزە گرفتاری زیللەتە

لەم سێ بەیتەدا فانی تەواوی گرێبەندیی (ئیشكالی) مێژوویی كورد و چارەسەرییەكەی دەستنیشان دەكا:

سەرۆك نابێ (كەسی) شەخسی بێ.

سەرۆك دەبێ (زانین) بێ، كردە و پراكتیكی زانین خۆی دەبێ سەروەر و رێبەری بەرژەوەندی وڵات و گەل بێ. ئەوسا گەلی ئازاد و كۆمەڵگای شارستانی خۆی دەكەوێتە سەر سكەی پیشكەوتنی خۆی. بەڵام كەس، شەخس، لەوێنەی (گەورەی نەزان) تەنیا خۆیان و گەلیان گرفتاری زیللەت و نیشتمان تووشی وێرانیی و سەرگەردانیی دەكەن.

(زانین) یش نابێتە سەركردە گەر دەستەی لاوی رووناكبیر نەیكەن. ناتوانن زانین بكەنە رێبەری بەرژەوەندی گەل و نیشتمان گەر هەموو بتخانەكانی كۆنەپەرستی بە باجی زانست و زیرەكی و هۆشیاری خۆیان تێك و پێك نەدەن. مانەوەی بت و بتخانەكان مانای ئەوەیە كە ئەو سەرگەلە نەزانانە و گەلیش بەرەو شكستی و هەرەسی دەچن.

مانای ئەوەشە كەوەك مێژوو نیشانی داوە بە مانی سەركردەی نەزان و خۆپەرست و بتخانەكانی كۆمەڵ، بۆ یەك لەحزەش ئەو بتگەدانە بێ پێشكەشكردنی قوربانی نابن: قوربانی كوشتن، بڕین، لەسێدارەدان، كوشتنی ناوخۆ، كوشتنی ژنان، كوشتن بە رووداوی ناخۆش، كوشتن بەنەخۆشی و دواكەوتن، هتد.

رێگەی دروستی پێشكەوتن و سەركەوتنی كورد ئەوەیە كە دەزگای تاكە كەس
بڕمێندرێ و نەفی بكرێ و لەجێی ئەو (دەزگای زانین) دامو دەزگا و دامەزراوەی كۆمەڵگای شارستانی جێی بگرێتەوە.

مۆدێلی شەشەم : تەقینەوەی كورد بە رووی داگیركەراندا لە ئەنجامی هێرشی داگیركەراندا:

لەم مۆدێلەی راپەرینی کوردا، گەلی کورد دووره پەرێز و (وەحشی) یان خاوەن شێوە ژیانی ئۆتۆنۆمی خۆیەتی و, قەناعەتی بە ژیانێکی سادە و ساکار بەڵام سەربەخۆ لە شاخ و کێوەکانی خۆیدا کردووە. بەڵام داگیرکەران، هەڵبەت لەبەر تەماعی کانگە و سامانی وڵاتەکەیان هەر بۆ دەسەڵاتکێشانی ئیمپریالیستانە و کۆلۆنیالیستانە، لەو شاخستان و کێوەڵانەش وازی لێ ناهێنن، دەستدرێژییان دەکەنە سەر، هێرشیان بۆ دەبەن، شێوە ژیانی کوردانەیان لێ دەشێوێنن. لەئەنجامدا هەستی نەتەوەیی و نیشتمانی ئەوان بەرامبەر (ئەوی دی) زیاتر دەبێ، وەك شێری ناو لانە لە دوژمن رادەپەڕن و دەست دەکەنەوە. ئەوکاتە دوژمنانی کورد حاڵی دەبن چ هەڵەیەکی گەورەیان بە هەستاندنی کورد لە خەوی غەفڵەتیان کردووە. خاکی عالەم بەسەر خۆیاندا دەکەن و پاشەکشێ دەکەن و ناچار دەبن مافی سەربەخۆیی کورد بسەلمێنن. ئەوسا ئاڵای سەرکەوتن و یەکبوونەوەی پارچەکان و سەربەستی کوردستان لە ئاسماندا بە بەرزی دەشەکێتەوە:

ئەو شێرو پڵنگانە لەناو لانە خزاون
بۆ کەس نییە هەرگیز نەزیان و نەزەرەریان
دوژمن لە خەوی غەفڵەتیان را دەپەڕێنێ
هەڵدێ بە غەزەب دیدەی پڕ کینەیی شەڕیان
دەڕژێنە سەر و پێی نەیارانی دڕندە
خاکی هەموو عالەم دەکەن ئەوساکە بە سەریان
ئەم خاکی گەلی کوردە کەوا بەش بەشە ئەمڕۆ
وەك دۆزەخی لێ دێت و دەگۆڕێ سەقەریان
هەق دێتەوە دەستی خاوەنی هەق عاقیبەتی کار
دەڕوا بە سەما دا عەلەمی فەتح و زەفەریان .

******

بورکانی ئاگرینە ئەم شاخ و داخە بەرزە
گەر بێت و گر بسێنێ گێتی دەخاتە لەرزە
با تێبگەن بە چاکی داگیرکەرانی هەرزە

ئێسقان و خوێنی کوردە ئەم خاك و ئاو و ئەرزە

★★★★★★

ئاگری گەرمی هەناسە و خوێن و ئاوی چاوی کورد

دێتە جۆش ئاخر دەبینیٚ و کاری سەد بورکان دەکا

★★★★

لایەنێکی دی ئەم مۆدێلەی تەقینەوە وەك دەبینن گۆڕینی چەندێتییە (زۆری ستەمگەری و زۆرداری) بە چەشن (تەقینەوەی بورکانی، شۆڕش)

6. مۆدێلی حەوتەم : چاوەڕوانکردنی دەرفەتی جیهانیو خێرا قۆستنەوەی ئەو هەل و دەرفەتە:

فانی بەبیر کردنەوەی ورد و ئەزموونی دەوڵەمەندی ژیانی لەناو کۆمەڵ و جوگرافیای کوردستان دا، هەر زوو ئەوە تێدەگا کە بەبیٚ سازبوونی دەرفەتی رۆژگار و هەلومەرجی لەباری جیهانی، هەر هەوڵێکی بەرگری و شۆڕشی چەکداری، کارێکی هەڵەشە و هەڵە و مایە پووچ و کودرکوژانەیە. دەبیٚلە پێشەوە (جگە لە رۆشنبیرکردنی گەلەکەت و چاککردنەوەی قەیاغە شڕەکەی بە هونەر و زانست) دەرفەت و باری جیهان لە بەرژەوەندی تۆدا بن ئەگینا بانگاشەی ئایدیۆلۆژیی و گەزافی شۆڕشگێڕانەی بیٚ پشتیوانی جیهانی و هەلومەرجیرۆشنبییری گەل, شتێکی بۆش و بێهوودەیە. لەگەڵ ئەوەش کە بە گشتی کورد ئیختیاری کەمەو رۆژگار دژییەتی, کورد نابیٚ بێهیوابیٚ و ببەزیٚ و دەبیٚ بۆ دەرکەوتنی دەرفەتی مێژوویی ئامادە بیٚ:

تا هەل نەیاتە پێش و گەلان نەبنە هەلشوناس.

بیٚ سوودە لافی زل زل و راسانی بیٚ ئەساس

ئێستا لەبەر موخالەفەتی چەرخی کەچ مەدار

زۆر دوورە دەستی ئێمە لە دامێنی ئیختیار

ئەمما بە زین خەتایە دەبیٚ زۆر بە عەزمەوە

راکەینە بەزمی کێشەوە یا دەشتی رەزمەوە

وەك پێشتر ئاماژەمان پێ کرد فانی جیهان بوونی لە رووی سیاسیەوە وەك هەڵسانی لافاوی سیاسەت دەبینێ. دەبێ خۆت بۆ ئەم لافاوە ئامادە کەی تا بەبێ قوربانی، یان دەرفەت وەرگری گەر هات و ئەم لافاوە لە بەرژەوەندی تۆ بوو و دوژمنەکانتی رامالی:

ئەم عەسرەیە عەسرێکە کەلافاوی سیا سەت
بۆ فەوتی نەزانان لە هەموو لاوە دەدا جۆش
رێکی خە لەزانست و عەمەل کەشتی و پاپۆڕ
خۆ دەربەرە لەم گێژە وەکو عالەسی تر تۆش.

کورد دەبێ دەرفەتناس بێ بۆ ئەوەی دەرفەتی مێژوویی لە دەست نەدات. بەڵام زۆر جار سەرکردە نەزانەکانی جاهیلانەو نائینسانانە شەق لە دەرفەت هەڵدەدەن و لە کاتی بێ دەرفەتیشدا (راسانی بێ ئەساس) دەکەن و کورد بە لەناوبردن دەدەن:

ئەم لە هەل هەڵدانە ئیشی جەهل و نائینسانییە
داخەکەم بێئیختیارن ئێستا لێزانانی من

زانست و نەخشەدانان و کارکردن لای فانی بنچینەی ستراتیژی سەرکەوتنن. وەك لە هەڵوێستی فانی بەرامبەر بزوتنەوەی چەکداری ئەیلوولی 1961 دا روونمان کردەوە, فانی لای وایە گەر هەلی جیهانیش بێتە پێش دەبێ تۆ لە رووی زانست و ستراتیژی سیاسی و شێوەی ڕاستەقینەی خەباتی سەردەمەوە ئامادەبی, دەنا

قایەغ ئەگەر شکستە و بێکەڵك و کون کونە
پێی نەچیە ئاوی زۆرەوە بیناسە دوژمنە
ئەم قایفە شکستە گەلی کوردە بێ درۆ
هەر کوردە بۆتە خاوەنی, خنکاوە, ڕەنجەڕۆ

ئیسلاحی ئەم سەفینە هەتاکو نەکەی بە قەن

قەت نەچیە ناوی, گۆڕتە, ئەی شێری ناو دەوەن !

7. مۆدێلی حەوتەم: عەتفی جیهانیو دادپرسی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان:

ناکرێ ئینکاری حەق لەم کۆمەڵە

مەرکەزە بۆ داد و حەللی مەسئەلە

کۆمەڵی یەکگرتوو بۆ هەر کۆمەڵێ

حەق دەنووسێ، حەق دەبێژێ، حەق دەڵێ

گەر وەهایە حەق دەسێنن بۆ بەشەر

بۆچی وا یەخسیرە کوردی دەربەدەر

من سەرم سووڕماوە لەم رووداوە بۆ

هەر بەتەنیا کوردە تەنیا رەنجەڕۆ

کوردی بیست ملیۆن نفووسی بێ نەوا

رێی نییە لەو کۆمەڵە شکوا بکا

کەوایە بۆ گەلی هەژار و بێ نەوا کۆمەڵەی گوایە دادپرس و حەقسێنی دنیا داد نادا، کورد دەنگی نایگاتێ و بۆی نییە سکالای خۆی پێ بگەیەنێ، لە شیعرێکی تردا دەڵێ:

کۆمەڵە یەکگرتۆکانیش دەستی عاجز ناگرن

وا لە روویانا دیارە رەنگەکەی بۆیەی ریا !!

کەوایە کورد دەبێ خۆی دەسەڵاتدار کات بۆ ئەوەی دەنگی بگەیەنێتە نەتەوە یەکگرتۆکان.

8. مۆدێلی هەشتەم : شۆڕشی چەکداریی.

ئەو مۆدێلانەی پێشوو هەموو هی پێش 1958 یان 1961 بوون. فانی لای وا بوو وادەی شۆڕش نەهاتووە و بەتایبەتی شۆڕشی رۆشنبیریی و چاوەڕێکردنی هەل و دەرفەتی جیهانی دەبێ پێش هەر هەنگاوێکی شۆڕشی چەکدارانە بن.

بەڵام زۆر بوونی ستەمی راستەوخۆی رژێمی عێراقی عەرەب دوای 1958 و دەرکەوتنی رووی راستی ناسیۆنالیزمی رەگەزپەرستی عەرەب و داوای ( **الپوره**) ی بەعسی بۆ توانەوەی کورد، فانی زیاتر ترسان و هەستی شۆڕشگێڕی خرۆشا. لەلایەکی دیکەشەوە بە هۆی رادیۆ-وە ئاگاداری شۆڕشەکانی ئەمریکای لاتین و جەزائیر و ڤێتنام بوو، ئەوانەی وەك شۆڕشی خۆی و مۆدێلی خەباتی شۆڕشگێڕانەی گەلەکەی دەژماردن. دواییش  کە بزوتنەوەی چەکداری 1961 روویدا و بە ناچاری وەك (شۆڕش) بەسەر هەموو گەلی کوردا سەپێندرا و زۆر و ستەمی رژێمی عێراقی زیادی کرد و وەك داگیر کەرێکی نەتەوەپەرست کەوتە کاولکردنی کوردستان و بەکۆمەڵ کوشتنی کورد، ئەوسا (فانی) چاری نەما بەهەموو هەست و کوڵ و دڵ و هێزی رۆحی یەوە باوەشی بە شۆڕشی بەرگری گەلەکەیدا کردوو شیعرەکانی کردنە تۆمارێکی رۆژانەی خەبات و خوێنی گەلەکەی و چەندەها شێوە و تەکنیکی و هاندان و قەناعەت پێکردنی شۆڕشگێڕانەی لە شیعرەکانیدا داهێنان.

وەك پێشتر لەنموونەی (جەزائیر) دا باسمان کرد، فانی گەیشتە ئەو باوەڕەی کەوەك چۆن جەزائیر بە ئاشتی هیچی دەزگیر نەبوو و بە شۆڕشی ئازادیخوازیی سەرکەوت و رزگاری بوو, کوردیش دەتوانێ بەعەزم و خۆراگریی لاوەکانی بۆ سەربەخۆیی بجەنگێ و سەرکەوێ... هەر چۆنی بێ بەردەوامبوونی رێبازی ئاشتی و خۆبەدەستەوە دان لەگەڵ رژێمی داگیرکەری عەرەب هیچ دادێك نادات.

بۆیە ئاخری بانگەوازی شۆڕش و بەرگری و چەك هەڵگرتن تا سەرکەوتن دەکات {بەبێ ئەوەی دوو مەرجی شۆڕشی رۆشنبیری و هەلومەرجی جیهانی بۆ شۆرشی کورد دروست بووبن کە ئەمەش دوایی بووە هۆی هەرەس و ئاشبەتاڵ }

گەلی کوردی دلێریش ساڵەهایە

لە رێگەی ئاشتی ماڵی خرا بوو

هەژاری و بێ سەوادی و دەردەداریی


www.dengekan.com

بەهەر گۆشەی وڵاتی ئاشنا بوو

هەموو داهاتی خاکی نیشتمانی

لە بۆ داگیرکەرانی ڕۆکرا بوو

★★★

بەڵام نرخی نەبوو دوژمن بە ئاهو ناڵە چا نابێ

بە بێ شەڕ ئاشتی هەرگیز لە ناوانا پەیا نابێ

★★★★★★

پاڕانەوە و مودارا لەم عەسرە پارە ناکا

شۆڕشی نەبێ لەمەولا ئەم دەردە چارە ناکا

★★★★★

شۆڕشە عەیبی گەلان دەشواتەوە

شۆڕشە دەتبا بەلای ئاواتەوە

★★★★

بەیانی جەوری داگیرکەر بەدەرخا گەر زمانی من

هەزاران دەفتەری گەورەی دەوێ یەك داستانی من

وەتەن وەك لالە ڕەنگینە بە خوێنی کوڕانی من

نەماوە ڕێگە بۆ کوردی دلێر و قارەمانی من

بە شۆڕش خاکی پاکی خۆی لە دوژمنی هەرزە دەستێنێ

بەسەر ئەم خاکەدا خوێنی بەناوی تۆڵە دەڕژێنێ

★★★★★★

ئیدی فانی بە دەیان هۆنراوەی شۆڕشگێڕی ئاگرینیبۆ پێشمەرگە و فیداکاری گەلەکەی نووسیون.

9. مۆدێلی نۆیەم: تەکنیکی هۆشیارکردنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەل بۆ بەردەوامی خەبات تا سەرکەوتن.

فانی چەندەها تەکنیك و تاکتیکی شۆڕشگێڕانە بۆ چوونە ناو ژیان و دڵی میللەتە و هاندانیان بۆ شۆڕش و فیداکاری و دروستکردنی یەکریزی گەل و یەك ئامانجی خەباتەکەی بەکار دەهێنێ .. پێویست بە نموونە هێنانەوە ناکات چونکە لە هۆنراوەکانی دوای (1961) ی ئەو بانگەواز و پەند و ئامۆژگاری و هاوار و نموونەو بەراورد و دایەلۆگانە ئاشکران. هەندێك لەو تەکنیکانە ئەمانەن .

- دەستنیشانکردنی دەردو گرفتەکان
- هوشیار کردنەوە
- بانگەواز و وتار
- روون کردنەوەی کێشەکان
- نموونە هێنانەوە
- وانەی مێژوویی بەهێز
- ئەزموونی گەلان و خەباتیان
- چیرۆك و ئەزموونی تاکەکەسانی کورد
- پەندو دەرسی خیانەت و جاشەتی و ریسوایی
- رەخنە گرتنی سازندە
- سەر زەنشت کردنی باوکانە و رێبەرانە
- هەجووی توند و بڕندە
- هاندان
- دان بە تاواندا هێنان و خۆ تاوانبارکردن و پەشیمان بوونەوە لە تاوان وەك:

ئەمن سیخوری پیسی دوژمنانم
لە ژێر باری خەتا وێنەی کەوانم
بە دیناری دەبەخشم نیشتمانم
نەزانی رووت و قووت و زەردی کردم
نەزانی پەیڕەوی نامەردی کردم

- ستایش کردن و دەسخۆش لێکردن
- پیرۆزبایی لێکردن

- یادکردنەوەی شەهیدان و نەمرکردنیان
- پەرۆشی بۆ دادپەروەریی و ڕێبازی ڕاستی شۆڕش
- هەجووی لادەران و گەندەڵان و خائینان
- بانگەوازی بەردەوام بۆ شۆڕشی زانین و ڕۆشنبیریی

## لە جیاتی ئەنجام

هەندێ کەس دەبن: دەخۆن, دەخۆنەوە ,دەنوون, هەڵدەستنەوە, سبەینێیان ئەمڕۆیە, ئەمڕۆیان دوێنێ. فانی گوتەنی (نووستن و نۆشین) ئامانجی ژیانیانە.

هەندێ دەبن: دەیانەوێ مانایەك بۆ ئەم ژیانە خواستراوە بدۆزنەوە. تێدەگەن، دەدۆزنەوە، دەخوازن، دەگۆڕن، دادەمەزرێنن، دانامەزرێن تا ئامانجی بەرزی ژیان دیاری دەکەن و دەقیقە و ساتی تەمەنیانی بۆ تەرخان دەکەن. ئەمانە دەستەی پەیپێبەر و پەیامبەرن. خاوەنی نامە و پەیامن. نووسەری کتێبن و تۆمارکەری داستانن.

گەورە دەبن، بەبوونیان بە بەشێك لە کەسانی دی کۆمەڵەکەیان،لە مرۆڤایەتی.

شوێن پەنجەی خۆیان لەسەر گەڵا وەریوەکانی تەمەن و چیا و چۆڵە سەختەکانی گەردوون جێ دێڵن.

ئەوانە دەستەی دروستکەری مێژوون : مێژووی بیر، مێژووی ڕەنج، مێژووی هیوا.

فانی لەم دەستەیەیە. ئەو بۆیە وا ژیا کە ژیا چونکە وای هەڵبژارد.

بە خواستی خۆی, بەهێز و وزەی بیر و بیرکردنەوەی خۆی, هێز و گۆڕی نوێی بۆ خۆ ڕاگرتن و بەردەوامی دەدۆزیەوە. زانینی کرد بە چاوگەی لەبننەهاتووی

دەسەڵاتی زەینی و بیریی بەسەر کارەسات و سوورانی نالەباری چەرخی چەپگەردا. لە بەرامبەر هەر کۆسپێك، قاڵدرمەیەکی زانگەریی نوێی سەرکەوتنی بۆ پلەیەکی باڵاتر دەنەخشاند. فانی دەشیا خۆش بژی، ئەوپەڕی خۆش بژی، کە (ئەویش) وەك (ئەوانی دی) بایە. گەر بە وەزعییەتی ئاغایەتی رازی بایە، بە ریابازیی بژیایە و ژیانی ئاژەڵیی ( عەیش و نۆش) ی بێ ناو و ناواخنی مەعنەویی و هزریی هەڵبژاردایە. گەر خۆی وەك (کوردێکی قەلەندەر) قبووڵ نەکردبایە و بیویستیایە بێتە ناو ئاغا نەك کوردێکی ئاسایی نائاسایی و مسکێنێکی ناو مسکێنانی گوندەکەی و وڵاتەکەی.

(ناز) فانی هێنایە دنیاوە و (تراژیدیا) پەروەردەی کرد. ئەوەی نەبووبێ یا (موعجیزە یەکی سەر سوڕهێنەرە ئەوەیە فانی بۆ پەنجا ساڵی رەبەق ئەم هەموو ورە و وزە بێ بنەی لە کوێ هێنا ؟ چۆن لەگەڵ ئەم هەموو ئازار و رەنج و تێشکان و بێهیوابوون و کۆسپی نەزانیی و نرخ نەزانین و هەراسانکردن و هەڕەشەی مەرگ... تەنانەت بۆ یەك سانیەیەکیش، تەنیا یەك سانیەیەکیش، کۆڵنەدانی نەزانی و بێ هیوایی‌و رەشبینی چۆکی پێ دا نەدا ! تەنیا لەدوا ساڵەکانی ژیانیدایە، کە بێهومێدی و ەشبینی لە وەزعی کورد و عەقڵی بە ناو رێبەرانی، تووشی (گۆشەگیری) مەبدەئییانەی دەکا، نەك خۆ بەدەستەوە دان و قبوولکردنی ئاخاوتن و پاکتیسی کوردکوژانەی دەسەڵات و دەسەڵاتداران.

فانی بیرەوانە، هۆنراوەکانی خەرمانی ئارەق و رەنج و بیر و بەرنامەی نەتەوەیین.
فانی فەرهادی رەنج و (خانی و حاجی قادری) بیر و ئەندێشە و شیعرە.
تەواوکەری قوتابخانەی بیری نەتەوەخوازی رەسەنی حاجی قادری کۆییە.
هەموو هەست و بیر و مەبەستەکانی زادەی تێکەڵکاری تێگەیشتن و ئەزموونی خۆی و بار و چلۆنایەتی و هەلومەرجی کۆمەڵگای کوردەواری و باری جیهان و سەردەمن.
فانی رۆشنبیرێکی گەورە و خۆکردە، بەو مانایەی خوێندنەوەیەکی بەردەوام و فراوانی هەبووە, ئەوسا لە رادیۆ وە بەردەوام ئاگاداری وەزعی جیهان بووە، بیرو بەرو بەرهەمی پێشکەوتنی سەردەمەکەی هەزم کردوون، کردوونی بە چەمکی لێکدانەوە و ئامرازی شیکردنەوە و ئاسۆی نوێکردنەوە و چەکی خەبات. ئەوسا بۆ رەخنە کردن و هەڵسەنگاندن و هەڵتەکاندنی کۆمەڵی خۆی بە شێوەیەکی سەربەخۆ و خۆکرد و خۆ خواز بەکاری هێناون.


www.dengekan.com

فانی (بۆشایی رۆشنبیریی) کۆمەڵگای کوردەواری لە ئەنجامی داگیرکردن و دابەشکردن, دواکەوتنی شارستانیی، کێونشینیی، نەزانیی، سیستمی قەبیلایەتی و دەرەبەگایەتی, باش حاڵی بووە و بە ناخیدا چۆتە خوار.
بەڵام نەهاتووە بیری قوتووی بێگانە بۆ واقیعی کوردستان بخوازێ و بیسەپێنێ، بەهەندێ (مەقولات) و (بیرۆکە) ی نامۆ بە میکانیزم و دەمار و جومگەی بنیاتی کوردی خۆی بکاتە فس فس پاڵەوانێکی فیکری و کورد دابەش دابەش کا و فەلسەفەی کوردایەتی و کوردستانی بوون و یەکبوون و پرۆژەی ژیاندنەوەی نەتەوەیی کورد بکاتە قوربانی بیری بێگانە و نەخشەی نەتەویی و داگیرکەران.
فانی دکتۆرە، مامۆستایە، پەروەردکارە، کۆمەڵناسە، مێژوو ناسە، جوگرافی ناسە، ئەنترۆپۆلۆجیستە، بیرەوانە، رۆشنگەرە، تیئۆرەوانە،مێژوو نووسە، تاکتیك زانە، پارێزەرە، خەتیبە، رێبەری حیزبە، وتار نووسە، سەرکردە و رێبەرێکی نموونەیی‌یە.

وەك مرۆڤیش رەنجدەرە، مسکێنە، جووتیارە، عەشیرەتییە، راستە، پاکە، دڵسۆزە، خەمخوارە، خۆ بەختکەرە، بوێرە، نەترسە, یاخی و شۆڕشگێڕە.

لەو رۆژەوە چاوی بینین و هۆشی ناوەوەی پشکوت، لەگەڵ گەلەکەی و بۆ گەلەکەی ژیا، گەرچی گەلەکەی لە دەریای ئازار و دەرد و تراژیدیا و بێ ئومێدی و نرخ نەزانیی بەولاوە هیچی پێشکەش نەکرد.
بەڵام فانی قەناعەتی بەو دنیا ئازادەی ناوەوە هەبوو کە بۆ خۆی دروستی کردبوو، دنیای شیعرەکانی. لەو دنیایەدا خەیام و فیردەوسی و عیشقی و **حافف** و **نیڤامی** و جامی و مەولەوی و خانی و حاجی قادر و مارکۆنی و ئەدیسۆن و گاندی و چەرچل و رۆزفلت. هتد  هاودەم  و هاوبیر و هاورێ و هاو خەم و هاوخەباتی بوون.
فانی دەفەرموێ:

سەعدی، **نیڤامی**، خەیام و فیردەوسی
هەموو وەك من بوون غەمبار و برسی

لەمەش زیاتر خەونە گەورەکەش بۆ سانیەیەکیش لێی جیا نەبۆوە , خەونی ئەوەی زەمانێ بێ کورد ببینێ نەك بە رواڵەت و بە بۆشی (ئازادە), بەڵکو خوو و عادەتی گەلانی شارستانی و پێشکەوتووی سەردەمیی وەرگرتووە:

خودا فانی بژی تاکو زەمانێ دێ بە ئاشکرا
دەڵێن کوردیش بە زانایی رەوشتی میللەتانی گرت.

واتە گەلێکە دەخوێنێ، دەخوێنێتەوە، دەنووسێ، دەناسێ، دەخوازێ، دروست دەکا، دادەمەزرێنێ. گەلێکە زانین و رووناکبیری کردۆتە مەرج و مەوداو مەڵبەندی ژیان و تێکۆشان و سەرکەوتنی.

هێشتا زۆری ماوە ئەو خەونەی فانی بێتە دی. هێشتا ئەو هێزە کۆمەڵایەتیە و ئەو سەرە گەندەڵانەی (فانی) وا بە راشکاوی و ئازایی وەك رێگری پێشکەوتن و ئامرازی دواکەوتن و داگیرکردن دەستنیشانی کردوون، هێشتا لە کار دان. بەڵام وەك فانی دەڵێ ((لافاوی سیاسەت)) ی جیهانی گەیوەتە کوردستان.
ئەوانەی تێدەگەن و هەل وەردەگرن پێدەگەن و سەردەکەون.
ئەوانەی بە چاوی جەهالەت و دڵی کوێری تەماع و خۆ پەرستی و پێشوازی دەکەن و بە نائینسانیی ئەم دەرفەتی ئازادبوونە دەفرۆشن, ئەوانە درەنگ یا زووو دەبنە هاورێ و هاونشینی سەددام و عودە و قوصەی.
دنیا هەموو شتێ قبوولْ دەکا درۆ و وەستان و نەگۆڕان نەبێ.

ئەوەی گرنگە و فانی لە گوفتار و کرداریدا بەدرێژایی ژیانی بەرجەستەی کردووە، لەگەڵ ئەو هەموو بێدادییەشدا پەیامی کۆڵنەدان و نەبەزینە بۆ لاوی کورد لە پێناوی بەدیهێنانی سەربەخۆییدا:

ئەگەر چی زۆرە زەغت و بێ مرادیی
ئەگەر چی زۆرە بێرەحمیی تاوانکەر

دەبێ خۆ راگری ئەی لاوی ئازا
کەسەربەستی نەما نرخی کوا، سەر
ئەگەر سیی ساڵە شەو رۆژی نەدیوە
دەبێ هەر بێتە دەر رۆژی مونەووەر
بەسەر خاکا بکێشێ نووری هیوا
نەهێڵێ تۆوی میکرۆبی ستەمگەر

دوا سەرنج :

لە 16 ی مایسی 2005 تا 7 ی تەمووزی 2005 بەسەردان گەڕامەوە کوردستان. یەکەم ئەرك و پرۆژەم چاپکردنی دیوانی فانی باوکم بوو لەگەڵ نووسینی پێشەکییەك بۆی. بەداخەوە وەك چاوەڕێم دەکرد دیوانەکە بە تەوای نەنووسرا بۆوە... زۆر کاتم بە هەڵەچنی کۆمپیوتەرنووسەکە بەسەر برد. زۆربەی کاتیش بۆ ئەرك و سەرقاڵی کۆمەڵایەتی و میوانداریی رۆیشت.. کاتێکی کەمم لە بەر دەستا مایەوە، خەریکی نووسینی پێشەکییەکە بم کە ئەم باسەی لێ دەرچوو. دیارە ناتەواوە و بەو شێوە نییە کەخۆم دەمویست و دەمەوێ. زۆر بابەت و لایەنی شیعریی فانی باس نەکراوە. بەڵام بڵاوکردنەوەیم بە باشتر زانی لەوەی دیسان دوا بکەوێت و دەرفەتێکی ئاوام بۆ هەڵنەکەوێتەوە. بێگومان کتێیب و لێکۆڵینەوەی دی بەدوادا دێن.
لەبەر سەرقاڵیم بەم ئەرکە سەزەکییەو بەچاپگەیاندنی چەند کتێبێکی دیکەی خۆم نەمپرژایە سەر ئەوەی تەنانەت سەردانی براو خوشك و کەس و کارو خزم و دۆستانم بکەم و ماوەیەك لەگەڵیان بەسەر بەرم. ئێستا کە پاکانەکەم کەدەزانن، دەخوازم وهیوادارم بمبەخشن.

هەروا نەمتوانی وەك ئارەزوی دڵم بوو بەخاکی جوان و رازاوە و ئازاد و پان و بەرینی کوردستانەکەمدا گەشت و  گوزار بکەم. بەڵام بەختەوەرم کە تۆزێك لە ئازاری ویژدانم بەرامبەر (فانی) مەزن کە نەك کەمال ومناڵەکانی تری, بەڵکو (وەك حاجی قادر) هەموو کوردی بەرۆڵەی خۆی دەزانی، کەم کردەوە.
سڵاوی دڵ لەوانەی رێبازی خانی و حاجی قادر و فانی بەرنادەن.

سووپاسى زۆريشم بۆ خوارزاى خۆشەويستم كاك كارزان شەريف كە ئەركى پەلەى بۆ نووسينەوەى ئەم باسە كێشا و بۆ كاك ئاگر و كاك ئازاد لە دەزگاى چاپ و پەخشى قانيع كە لەخۆبوردووانە و دڵسۆزانە بۆ خێراكردنى نووسينەوەى ديوانەكەو ديزاينەكەى, ئەركێكى زۆريان كێشا.

كەمال ميراودەلى
كارێزە وشك- سلێمانى
2005 \7\ 2

==========================

جۆيايى نەمانى گەل و گريەى زوعەفا نيم
ناكەم  بە درۆ مەدحى نەزانان لە حزوورا
ناحەز بە ريا بازم و رازى بە ريا نيم
خوو نادەمە خەو بۆچى ؟ لەبۆ كەسبى زەكاوەت
گەنجى ئەبەدى هەر ئەدەبە شێتى غينا نيم

ئەمەى دواييان جياكردنەوە ئايديۆلۆژى و رەوشتيارييەكەيە كە بناغەيەكى فەلسەفيى هەيەز لاى فانى ژيان كاتدار و بەسەر چووە، بۆيە ئەو شێتى دەوڵەمەندى و سامانى دنيا نييە. لاى ئەو گەنجى (واتە خەزنە و سامانى) ئەبەديى و نەمر هەر : ئەدەبە، واتە شيعر و وێژە.. ئەمەيە فەلسەفە و هێزى خۆناسينى شاعير.
لە هۆنراوەيەكى ديكەدا بەناوى (من) فانى زياتر فەزاى خۆناسينى خۆى بە جياكردنەوەى كايەكانى بير و رەوشت و رەفتار و كردارى خۆى لە كايە زانگەيى و بيرييە باوەكانى كۆمەڵەكەى, دەسەلێنێ:

نە ئاغام و نە كوێخام و نە شێخم

ليباسی موفته خۆرانم له بەر پێ
بەسەر مەستی و پەستی رابوێرم
سەرم وەك بەردی رێگا بێ خەبەر بێ
لەگەڵ دوژمن به دیناریێ بسازم
ولاتم گەر هەموو زێڕ و زەبەر بێ
هەژاریی لات و گریانی هەژاران
نەکەم سەیر و له دڵما بێ ئەسەر بێ
هەموو غایەم له گۆشەی نیشتمان
بەدەست هێنانی ماڵ و عیلمی جەڕ بێ
له چاکەی هاوزمانان چاو و گوێچکەم
هەتا گیانم لەبەر بێ کوێر و کەڕ بێ
به ناو خەڵکا گەڕانی من به تەنیا
لەرێگەی دەست بڕین و فێڵ و گەڕ بێ

له هۆنراوەیەدا جیاکردنەوەکەی فانی له رووی (ئامانج و مەبەستی بوون) ە وەیە. ئەگەر مرۆڤ بوونرایی هەبێ، نەك تەنیا بوون (واته شوێنی له بوون هەبێ Being نەك هەر بوونێکی رێکەوتی له سەر زەمین Existence) ئەوە دەبێ پەیام و هۆی بوونەکەی ئاشکرا کا: لای فانی کەسانی کۆمەڵەی بوونیان هەیە: بوونی ماددی دوور له پەیامی مرۆڤایەتی و نەتەوە خوازیی که لێرەدا جەختیان لەسەر دەکاز ئەوان هەن وەك : بەردی رێگا، وەك کوێر و کەڕ و بێخەبەر و بێ ئاگا له ناڵەی خاکه ساران و هەستی نیشتمانپەروەریی. ئەو (فانی یە، جیایە، چونکه هیچ کام لەوانه نییە، بەشێك نییە لەو کۆبەندی وشه و مانا و رەفتار و کردار و نیاز و ئامانجانه. لەبەرئەوە لەم هۆنراوە یەدا (منێتی) جیاوازی خۆی بۆ ئاست و پلەی سیمانتیکی مرۆڤایەتی و نیشتمانپەرستی بەرز دەکاتەوە، (من) ی فانی دەبێتە (من) ێکی نموونەیی بۆیە (گشتی) دەکا و بناغه و پایەیەکی سیمانتیکی جیاواز بەرامبەر (منی باو/ ئەوان ) بنیات دەنێ و کۆمەڵه مەرج و نیشانه و پێناس و وەسف و رێوشوێن بۆ (منی) نیشتمانی له وێنەی (لاوی شەرافتمەند و ئازا) دەستنیشان دەکا:

**دەبێ لاوی شەرافەتمەند و ئازا**

**وەکو باخێکی پڕ سایە و سەمەر بێ**

**(باخی پڕ سایە و سەمەر) بەراورد کە لەگەڵ (بەردی رێگای بێ خەبەر) .**

**لەرەفتار و کردار و زمانی**

**هەموو کەس شادمان و بەهرەوەر بێ**

**بەراوردی کە لەگەڵ :**

**هەژاری لات و گریانی هەژاران**

**نەکەم سەیر و لە دڵما بێ ئەسەربێ**

**لە رێی پارێزگاری نیشتمان**

**زمانی نەشتەر و سینەی سووپەر بێ**

**بەراوردی کە لەگەڵ :**

**لەگەڵ دوژمن بەدیناری بسازم**

**وڵاتم گەر هەموو زێڕ و زەبەر بێ**

**بەرامبەر لاوەکانی کوردی ئازا**

**لە خا نەی خۆشەویستیدا پدەر بێ**

**واتە: لەخانەی ماڵی خۆشەویستیدا بەرامبەر هەموو لاوێکی کورد وەك باوك وابێ. ئەمە بەراورد کە لەگەڵ:**

**لە چاکەی هاو زمانان چاو و گوێچکەم**

**هەتا گیانم لەبەر بێ کوێر و کەڕ بێ**

**بەکورتی (فانی)، دەیەوێ خۆناسینە جیایەکەی خۆی بکاتە دروستکەر و بەرهەمهێنەری کۆمەڵە**

وشەگەل و پەیڤ و بیرۆکەیەکی نوێی پەروەردەیی کە نەوەیەکی تازە بەپێی ئەو بیرە نوێیانە لە قوتابخانەی کوردایەتی و نیشتمانپەروەریدا پێ بگەیەنێ.

**بەشی سێیەم: فانی و فەلسەفەی ئەدەب**

وتمان کە فەلسەفە و بنەمای بیریی و میکانیزمی خۆناسین و خۆ جیاکردنەوەی (فانی) باوەڕبوونی بەهێزیەتی بە دەڵەمەندیی و کاریگەریی و تەنانەت ئەبەدێتی و نەمریی ((ئەدەب)) وەك هێزێکی مەعنەوی کە تەنیا و تەنیا ئەو هێزەیە دەتوانێ هەم مرۆڤ دروست بکا و پۆتێنشیاڵی مرۆڤانەی بەدی بێنێ، هەم کۆمەڵان پایەدار و سەروەر بکا، هەم لە رووی بێ هودەیی و عەبەسییەتی ژیانێکی کاتی پڕ ئازار و رەنجدا، بمێنێتەوە و هەمیشە نەمر و پایە داربێ و نەوە دوای نەوەی نەتەوە و مرۆڤایەتیش سوودی لێ ببینن.
لە لایەکی کەشەوە هەموو رووناکبیرانی گەورەی گێتی کە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی گەلەکەیان و پێویستی مێژوویی سەردەمەکەیان دروستیکردوون، بەئاگایی‌یەوە کاردەکەن و هۆشیارییان سەبارەت بە کۆمەڵەکەیان، خۆیان،دنیاکەیان، سەردەمەکەیان و پەیامی خۆشیان و ئەو ئامڕاز و چەکەی بۆ جێبەجێ کردنی ئەو پەیامە بەکاری دێنن هەیە و زۆربەشیان ئەو تێگەیشتنەی خۆیان خستۆتە سەر کاغەز واتە تیۆراندوویانە(یان تەنزیریان کردووە). (فانی) ش وەك مەزنە رووناکبیرێکی سەدەی بیستی نەوەی کورد لەم یاسایە بەدەر نییە.
وەك پێشتر روونمان کردەوە فانی هەر لە سەرەتاوە دەوری خۆی وەك بەکارهێنەری نوتق (ئاخاوتن) ، چەکی شیعر و فەزای ئەدەب و رۆشنگەریی، بۆ چاکسازی و پێشخستن و سەرکەوتن و رزگاری گەلە دواکەوتوو و ژێر دەستەکەی دەستنیشان دەکا .. دیارە ئەمە لە پرۆسەی کار و خەباتەکەیدا، بەشێوەیەکی سروشتی وای لێدەکا سەرنجی ئەوەش بدا بە راستی دەوری ئەدەب و شیعر چییە و تا چ رادەیەك شیعر کاریگەریی هەیە و لە ئەنجامدا بیر و بۆچوونی فەلسەفی و رەخنەیی خۆی سەبارەت بە ئەدەب و شیعریش دەربڕێ. لە دوو هۆنراوەدا کە یەکەمیان (شێوەی ئەدەبی راستەقینە) لە 1951 دا نووسراوە و ئەوی تر کە نامەیەکی شیعرییە بۆ محمد فیدا لە 1949 دا فانی بەروونی و

کارامەیی فەلسەفەی خۆی دەربارەی دەوری ئەدەب و شیعر روون دەکاتەوە. بۆیە هەوڵ دەدەین بیرەکانی شاعیر سەبارەت بە ئەدەب و شیعر لەم دوو هۆنراوەیەدا شی بکەینەوە:

شێوەی ئەدیبی راستەقینە.

لەم شیعرەدا بەیتێکی زۆر گرنگ هەیە کە دەشێ بەگەوهەری ناسینی ئەدەبی ریالیزمی راستەقینەی دابنێین. فانی دەوری رۆشنگەریی (ئەدیبی راستەقینە) ئاوا دەناسێنێ:

بە دەرزی قەڵەم عیللەتی موجتەمەع

بە تەرزێکی فەننی موداوا بکەن.

بە راستی کە هەر یەکێك لە تیۆریستەکانی ریالیزمی سۆسیالیست دەوری ئەدیبی ریالیزمی سۆسیالیستییان ئاوا بەکورتی و بەپوختی و بە شارەزایی لە یەك رستەدا دیاری بکرایە، پێویستی بەو هەموو بگرە و بەردە و کێشەیە نە دەبوو کە سەبارەت بە ریالیزمی سۆسیالیست هەر لە دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەرەوە پەیدا بوو.

لە سەرەتاوە هەر لە ناونیشانەکەوە کە فانی ناوی (ئەدیبی راستەقینە) دێنێ، بۆ ئەوەیە لە (ئەدیبی نا راستەقینەی) جیا بکاتەوە. هەموو ئەو وەسف و پێناسە سەرەکییە جیاکەرەوانەش لەو بەیتەدا بە شێوەیەکی چڕ و سەرنج راکێش کۆکراونەوە. فانی دەوری راستەقینەی ئەدیب وا دەبینێ کە:

4. عیللەتی موجتەمەع ببینن و دەستنیشانی بکەن.
5. دەرزی قەڵەم بۆ چارەسەریان بە کار بێنن.
6. ئەم دەرزی قەڵەمە بە شێوەیەکی (تەرزێکی) هونەری بەکاربێنن.

با جارێکی دیسەرنجی فەزای بوونی ئەم چوار دەستەواژەیە بکەین:

- دەرزی قەڵەم
- عیللەتی موجتەمەع
- تەرزی فەننی

- **موداوا کردن**

**دەرزی قەڵەم : بێ گومان مێتافۆڕە واتە ( سەر وێنە) یا ( بریوێنە) یە بریوێنە واتە وێنەی شتێك بۆ شتێکی تر وەردەگری و یەکسەر ئەمیان دەکەی بە ئەو, هەردووك دەبن بە وێنەی یەکتر. لێرەدا قەڵەم دەبێ بە دەرزی و دەرزی دەبێ بە قەڵەم, هەردوو سیفەتی خۆیان دەپارێزن و بەگونجاوی دەیدەن بە یەکترز (سەر وێنە) جیایە لە لێك چوواندنز لە لێکچوواندندا دەڵێین : قەڵەم وەك دەرزی وایە، یان دەڵێی دەرزییە، یان لە دەرزی دەچێ، یان بە وێنەی دەرزییە، هتد..واتە لایەنێکی لێکچووانەکە، خاسیەتێکی، ئەرکێکی وەردەگرین، کە لێرەدا ئەرکی هەردووکیان بە چاککردنی دەردی کۆمەل دەبوو. بەڵام لەم ((سەر وێنە)) یا مێتافۆڕە دا، قەڵەم دەبێتە دەرزی، دەرزی دەبێتە قەڵەم.**

**وشەی (دەرزی) دوو مانای جیاوازی هەیە:**

**دەرزی شرینقە- ئەو دەرزییەی دکتۆر و برینپێچ بەکاری دێنێ**

**دەرزی دروومان –ئەو دەرزییەی هەر بەهرەدارێك بۆ دروومان و نەخش و رازاندنەوە (بە بەکارهێنانی دەزووی نایاب و رەنگا و رەنگ و خام و قووماش، هتد) دەشێ بەکاری بێنێ.**

**لە بە کارهێنانە مێتافۆرمییەکەی (فانی) دا هەر دوو مانا کە لە کاردان و یە کتر تەواو دەکەن و دەبنە وێنە و ئامرازی پاڵپشتی دوو دەستەواژەکەی دی :**

**(موداوا) کردن و (بە تەرزی فەننی).**

**دەرزی شرینقە کاری موداوا کردن، واتە دەرمان کردن و چارەسەر کردنی (دەردی کۆمەڵ) ئەنجام دەدا.**

**دەرزی دروومان کاری (جۆری هونەری)، نەخش و رازاندنەوەی وشە و مانا و وێنە، ئەنجام دەدات.**

**دەستەواژەی دووەم : (عیلەلی موجتەمەع) زاراوەیەکی کۆمەڵناسییە. هەموو کۆمەڵێك دەرد و نادروستی و ناتەواوی و کەم و کوڕی لە هەموو روویەکەوە هەیە.. هەر بە ناساندن و دەستنیشانکردنی (دەردەکانی کۆمەڵ), فانی ئەو مانابەندییە پێشەکییە دادەمەزرێنێ کە ئەدیب بە شێوەیەکی بەدیهی دەبێ ئاگادار و دەستنیشانکەری (دەردی کۆمەڵ) بێ، دەبێ کۆمەڵناسێکی باش بێ.**

له لایەکی دیکەوە هەر لەو دەستەواژەدا وێنە یا سەروێنەکی دیکەی شاراوە بەلاّم تێگەیشتراومان هەیە: ئەویش ئەوەیە کە ئەدیب : دکتۆرە و دەرمانسازە .

وشەبەندیی ئەم فەزای ئاخاوتنی پزیشکی یە وشەی (عیلەل) واتە دەردەکانە ..مەبەستەکە ئەوەیە هەروەك چۆن دکتۆر (نەخۆشی و دەردی لەش و دەروون) ی تاکە کەس دەستنیشان دەکا، ئەویش دکتۆرێکە (یان دەبێ دکتۆرێك بێ، وەك گریمانێکی پێشینەیی قبوولکرا و) کە دەردەکانی لەشی کۆمەڵ دەستنیشان دەکا. لێرەدا بنیات و ستاکتووریی سیمانتیکی، دەستەواژەکان بە پەڕینەوەیان بۆ کایەی ئاخاوتنی پزیشکی فراوان دەبن:

پزیشك: دەردی فیزیکی, (دەرمانکەر) , چارەسەری فیزیکی

دەرزی و شرینقە بۆ چارەسەری نەخۆشی. شارەزایی و پسپۆڕی زانستی, لێپرسراوی پیشەیی و ئەخلاقی وەك دکتۆر.

ئەدیب: پزیشکی کۆمەلاّیەتی، دەرد و ناتەواویی کۆمەلاّیەتی, چارەسەریی دەردی کۆمەڵ بە دەرزی قەڵەم. شارەزایی کۆمەڵناسیی، لێپرسراوی پیشەیی و ئەخلاقی وەك ئەدیب.

گەر بگەڕێیینەوە سەر وشەی (دەرزی) دروومان، وشە بەندییەکمان لەگەڵ فەزای هونەر و رازاندنەوەدا هەیە :

دروومانکەر : دروومانکردن، نەخشکردن، رازاندنەوە، ووردەکاریی، سەلیقەیهونەریی ,شارەزایی هونەریی,بەرهەمی جوان,سەرنج راکێشانی بەکارهێنەرانی نەخشەکە, دەست ڕەنگینی,دەست خۆشی لێکردن, بازاڕ پەیداکردن.

ئەدیب: دەرزی و درووما نی قەڵەم , وشە سازی, پیشەسازیی دروستکردن و رازاندنەوەی ما نا , وردەکاری لە مانا و مەبەستدا, نیشاندانی سەلیقەی هونەریی، شارەزایی هونەری، بەرهەمی شیعری و ئەدەبیی جوان، سەرنج راکێشانی خوێنەر و جەماوەر، برە و پێدانیبازاڕی وشە و هونەر. کاری هونەری مەزن و نەمر، هتد

تەرزێکی فەننی: واتە بە جۆرێکی هونەریی، چەشنێکی هونەریی. واتە گرنگ لێرە دا (چەشنە)، نەوعییەت. هونەریی بوون وەك تەکنیك و شارەزایی و پسپۆڕی لە هەردوو ماناکەی (دەرزی) دا

دەچەسپێ و ڕاست دەکەوێ. لە ئەدەبدا، فانی دەڵێ، نابێ تەنیا مەبەست وشە ڕیزکردن بێ لە چوار چێوەی مەبەستی دەربڕینەکەدا هەر شیعرێك، هەر بەرهەمێکی ئەدەبیی، دەبێ چەشنبوونی هوونەریی هەبێ، دەبێ وەك هونەریش ناسراوە و بەرچاو و کاریگەر بێ. ئەگەر چی دەوری ئەدەبیش دەورێکی ریالیستیانەو ڕۆشنگەرانە بێ و نووسەر و وێژەوان دەوری چاکساز و دکتۆری کۆمەڵایەتی ببینێ, هێشتا لایەنە پسپۆڕییەکە وەك شارەزایی قووڵ لە بابەتی باسەکە و لایەنە هونەرییەکە وەك ڕازاندنەوە و جوانکردن و باڵاکردنی هونەری بابەتەکە یەکجار, بۆ سەرخستنی پەیامی چاکسازیی کۆمەڵایەتی, پێویست و گرنگن.

لە وشەی موداوا دا (دەرمانکردن، تیمارکردن، چاکردنەوە، چارەسەر کردن) هەموو دەستەواژەکانی دی یەکدەگرنەوە و تەنانەت دەتوێنەوە.

موداوا: کردەوەیە، چالاکییە ڕاستەقینەیەکە، پراکتیسە.

شارەزایییە زاستییەکە: دەستنیشاکردنی دەرد

ئامرازە تەکنییکیەکە: بەکارهێنانی دەرزی قەڵەم یان شرینقەی دەرمان

پڕۆسە هونەرییەکە: پراوە و کاری زانست و هونەریی و ئەدەبی: نووسین و ڕازاندنەوەی بەرهەم
.

ئەمانە هەموو ئەوکاتە دەبنە ئەرك، کاریگەریی، وەزیفەی کۆمەڵایەتی ئەدیب کەبەشداری کاری ڕاستەقینەی دەرمانکردن و چاکردنەوەی کۆمەڵ بکەن. ئەگینا گەر زانست و شارەزایی و هونەر و بەرهەمەکە لەفەزای بوونی تایبەتیدا خۆیاندا، بمێننەوە، هەرچەندە جوان و هونەریی و زانستانە بن، ئەوا هیچ نرخی کۆمەڵایەتی و مێژوویییان نابێ. دەبێ لەکات و سەردەمی خۆیدا بەرهەمی ئەدەیبی/ هونەریی لە چاکردنەوەی دەردەکانی کۆمەڵدا دەور و ئەنجام و شوێن پەنجەی دیاری هەبێ.

ئەمەیە شێوەی دەست نیشانکردنی ئەرکی ئەدیبی ریالیزمی لای فانی. جا با ئێستا بە درشتتر سەرنجی تەواوی شیعرەکە بدەین :

6. ئەدیب ئەو کەسانەن کە وێنەی چرا

بسووتێنی و تەنویری دنیا بکەن

ئەدیب وەك چرا دەسووتێ و دنیا رووناك دەكاتەوە. ئەمە دەوری هۆشیارکردنەوە، دەوری ڕۆشنگەری و رووناکبیرانەی ئەدیب دەسەلمێنی..

7. بەرێی راستی دا بڕۆن تا دەڕۆن
لە ناراستی شەرم وحاشا بکەن.

مەرجێکی مۆراڵی (ئەخلاقی) بۆ ئەدیب دادەنێ: دەبێ خۆبەند و بیر بەند بێ بەراستییەوە. ئەمە پێوانەی ئەخلاقی ئەدیبە. دەبێ تا وەك ئەدیب دەڕۆن و دەورییان هەیە لە کاری درۆ و بانگەشە بۆ ناراستی و ساختەیی شەرم بکەن و خۆیان لەو جۆرە کارانە دووربخەنەوە.

8. نەگۆڕێن بەگەنج و نەترسن لە ڕەنج
لەگەڵ نامولایم مودارا بکەن

مەرجیکی مۆراڵی ترە. ئەدیب نابێ بە تەما و تامی پارە و گەنج و سامان بگۆڕێ و پەیامی مۆراڵی و نشتیمانی خۆی فەرامۆش بکا. نابێ لە وەش بترسن کەلە ئەنجامی ئەمەدا دەبێ زیاتر ڕەنج بکێشین . دیارە کۆمەڵ و هەلومەرجی دنیاش هەموو دەم بە دڵی ئەوان نابێ. دەبێ لەگەڵ باری ناپەسەند و نابەدڵ و نەگونجاو بگونجێن و کۆڵ نەدەن و خۆیان دوورە پەرێز و پەراوێزیی نەکەن.

4. لەگەڵ موجتەمەع یەك دڵ و یەك زمان
ژیانێکی مەردانە داوا بکەن

دەست نیشان کردنی ئەرکی کۆمەڵایەتی و ویژدانی ئەدیبی راستەقینەیە.  لە کاتێکدا ئەدیب ڕەنگە ناچاربێ لەگەڵ دەسەڵات مودارا بکات , دەبێ لە کۆمەڵەکەی دانەبڕێ. یەك دڵ و یەك زمان بێ لەگەڵیدا.. بەژیانی سست و پەست و نزمی جەماوەر رازی نەبێ و گەل تێگەیەنێ و  هانی داو لەگەڵیا داوای ژیا نێکی باڵاتر و باشتر و شەرەفمەندانەتر بکەن..ئەدیب نابێ تەنیا خۆی بکاتە بڵندگۆ و

**نوێنەری کۆمەڵ و گەل، دەبێ نەك هەر بۆ کۆمەڵ ئیش بکا، لەگەڵ کۆمەڵدا ئیش بکا، بەشداری لە پرۆسەی ووریا بوونەوە و تێگەیشتن و دەستنیشان کردنی دەردەکانی و دۆزینەوەی چارەسەری بۆیان.**

**5 . لەبۆ لاوی ئایندەی نیشتمان**
**گەلێ پەندی شیرین موهەییا بکەن**

**ئەدیب پەیامبەرە. روانگەی روونی هەیە. جیهان دەبینێ و لە ئایندە پیشبینی دەکا. بۆیە ئەدیب بەتەنگ هێزی ئایندە و پاشە رۆژەوەیە کە لاوانی گەلن. بۆئەوەی لاوی ئایندە لە کۆمەڵ و کولتوور و زمان و میراتی نەتەوەیی و بیری خۆناسینی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەری دانەبڕێن، دەبێ ئەدیبان هەریەکە لەلای خۆیەوە بەندی سروود و پەندی جوان و شیرین و هونەرمەندانە بۆ نەوەکانی ئایندە ئامادە بکەن.**

**6 . ئەگەر بابیان بێ نەزان یا برا**
**حەزەر کەن لە خۆیان و حاشا بکەن.**

**نەزان جێی باوەڕ نییە. لای فانی نەزان ماکی هەڵە و تاوان و تێکدانی کۆمەڵە. ئەدیب دەبێ بەدوای یاسا و رێسا و رێو رەسمی باوی کۆمەڵ نەکەوێ و خوێن و کەس و کار پەرستی و خزمایەتی نەکاتە بنەما و پێوانەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی. دەبێ ووریا بن و خۆیان لە نەزان دوورخەنەوە و حاشایان لێ بکەن ئەگەر باب و برای خۆشیان بەشێك لەو نەزانانە بن.**

**7 . نەترسن لە تەنقیدی ئەهلی رییا**
**هەموو عەیبی ئەم دەستە ئیفشا بکەن**

**ریا بازان ئەوانەن گوفتار و کردارییان، ئاسمان و رێسمان لێك دوورە . ئەوان قسەی چاك دەکەن و رەفتاری خراپ دەنوێنن. بەڵێنی باش بە گەل دەدەن و لەولاشەوە کرداری خۆپەرستانە و ژەهراوی**

ئەنجام دەدەن. درۆکانیان بەدروشم و دوو روویی دەشارنەوە. ئەدیبی راستەقینە نابێ لە رەخنە گرتن لە دەستەی ئەو جۆرە ریاکارانە بترسێ. دەبی حەقیقەتیان بۆ گەل دەرخا، کارە دزێوەکانی بن بەڕەیان بخاتە سەر بەڕە. لێیان لە هەڵڵاداو هەموو عەیب و عارەکانیان دەرخا و ئابڕوویان بەرێ.

8. بەنووکی قەڵەم خائینی نیشتمان
سەرەفگەندە و خوارو و ریسوا بکەن

نووسەر تەنیا قەڵەمەکەی هەیە بەڵام نووکی قەڵەمەکەی دەتوانێ دنیایەك بڕووخێنێ و دنیایەك دروست بکا. مرۆڤی خائین، چ ئاسایی بێ یا سەرکردە، رووخێنەری رەوشت و ئامانج و هیوایە.
نووسەر دەبێ خائینان سەرنگوون و ریسوا بکەن و بە قوڕیاندا بەرنە خوار.

9. لەگەڵ ئەهلی عیرفان و حیکمەت بژین
بە نووری زەکا دڵ موصەففا بکەن

ئەدیبان دەبێ لە دەستەی رۆشنبیر و زانا و دانای گەلەکەیان نزیك ببنەوە و لەگەڵ ئەوان بژین نەك لەگەڵ دەسەلاتداران و سیاسەتمەداران. ئەوان دەبێ دڵی خۆیان بە رووناکی و زانین و پڕشنگی بەهرەوەریی پاك بکەنەوەز

10. نەدەن رێگە تا زاڵمی موفتە خۆر
هۆلاکۆ سیفەت قەتل و یەغما بکەن .

بە هەموو ئەمانەی سەرەوە، بە کارکردن لەگەڵ گەل و ریسواکردنی خائینان و پێکهێنانی بەرەی رووناکبیران و هۆشمەندان، ئەدیبان دەبێ رێگا نەدەن هیچ دەستەیەکی زاڵمی موفتە خۆری گەندەڵ و گەل رووتێنەوە، وەك هۆلاکو کوشتن و بڕین و تاڵان و وێرانی لەناو گەلدا بەرپا بکەن.

**11. بە گوتاری بەرز و بە ئەشعاری خۆش**
**گەلی غافڵ و هەرزە ئاگا بکەن.**

**گەل زۆربەی نەزان و نەفام و بێ ئاگا و هەرزە و کاڵ و تێنەگەیی و پێنەگەیوە، ئەدیبان دەبێ بە نووسینی و تاری بەرز و بەجۆش و کاریگەر و هۆنراوەی جوان و رازاوە و سەرنجراکێش، گەلی بێ ئاگا هۆشیار بکەنەوە و راستی مەسەلەکان و رێگای راستییان نیشان دەن.**

**12. بە مەردیی بنووسن بەمەردی بژین**
**هەتا ناوی مەردانە پەیدا بکەن.**

**دەسکەوتی مەعنەوی بۆ نووسەر و ئەدیب زۆر گرنگترە لە دەسکەوتی پارە و پوول. ئامانجی فەلسەفیی ئەدیب دەبێ ئەوەبێ شوێنی خۆی لە ناو کۆمەڵ و ژیان و مێژوودا بکاتەوە و ناوبانگێکی باش و ناوێکی مەردانە پەیدا بکەن. بۆ بەدی هێنانی ئەمەش نووسەر دەبێ جیا بێ. دەبێ نەترسێ. مەرد بێ. بە ئازایی بنووسێ و بەمەردیی بژیا.**

**13. لە ناموسی جاسووسی خائین بەرن**
**تەنەففور لە کرداری بێ جا بکەن**

**جاسووسان بێ شەرەف بکەن نەفرەت لە هەر کردارێکی دزێو و نابەجێ بکەن.**

**14. هەتا گەل برابن لەگەڵ یەکتری**
**نەشیدی برایانە ئینشا بکەن**

**گەل هەتا هەستی یەك نەتەوەیی و برایەتی لا دروست بێ پێویستی بە بیر و هەست و رەمز و نیشای هاوبەشە. سروودی نەتەوەیی ئامرازێکی گرنگی ئەو خۆ ناسین و یەك هەستییە نەتەوەیییە یە.**

15. له‌ ته‌وبیخی جاهیل نه‌بن به‌ر حه‌زه‌ر
سووپاسی کوڕی ژیر و ئازا بکه‌ن

پێوانه‌ی چاکی و نرخاندنی خه‌ڵکیان هه‌بێ. ده‌بێ سه‌رزه‌نشتی نه‌زانان بکه‌ن و بێ په‌روا و بێ سڵ کردنه‌وه‌ ره‌خنه‌یان لێ بگرن و گوێ به‌ سه‌رزه‌نشتی ئه‌وان نه‌ده‌ن . له‌ هه‌مان کاتدا ده‌بێ ستایش و سووپاسی رۆله‌ی ژیر و ئازا بکه‌ن.

16. به‌ ده‌رزی قه‌ڵه‌م عیلله‌تی موجته‌مه‌ع
به‌ ته‌رزێکی فه‌ننی موداوا بکه‌ن.

پێشتر به‌ درێژایی ئه‌م به‌یته‌مان شیکرده‌وه‌.

17. له‌ زنجیره‌ی زوڵم و سته‌م قاچی گه‌ل
به‌ میفتاحی وه‌حده‌ت به‌ره‌ڵڵا بکه‌ن

ئه‌مه‌ش مه‌به‌ستێکی گرنگی دیکه‌یه‌ که‌فانی له‌ رێگای وێنه‌ی شیعریی، سه‌روێنه‌ (میتا فۆر) ده‌ری بڕیوه‌.
قاچی گه‌ل به‌ زنجیری زوڵم و سته‌م به‌ستراوه‌. واته‌ گه‌ل تووشی تاوان وسته‌م و زۆرداریی ده‌ره‌وه‌ و ناوه‌وه‌ بووه‌. ئه‌مه‌ زنجیرێکی کۆمه‌ڵایه‌تی ناوخۆیی ده‌رده‌ کورده‌ و ته‌نیا به‌یه‌ك کلیل ده‌کرێته‌وه‌. ئه‌ویش کلیلی یه‌کێتییه‌. به‌ به‌کارهێنانی میکانیزمی به‌راوه‌ژوو کردنه‌وه‌ له‌ ستراکتووری سیمانتیکی به‌یته‌که‌دا، ئاشکرا ده‌بێ که‌ ئه‌و زنجیره‌ ئه‌ڵقه‌ ئه‌ڵقه‌ی دابه‌ش بوون و ناکۆکی و دووبه‌ره‌کی و چه‌ند به‌ره‌کی کۆمه‌ڵگای کورد خۆیه‌تی. بۆ کردنه‌وه‌ی ئه‌و ئه‌ڵقه‌ زنجیرانه‌ی دابه‌شبوون و په‌رت په‌رت بوونه‌ گه‌لی کوردستان پێویستی به‌ یه‌ك کلیل هه‌یه‌ که‌ کلیلی یه‌کێتییه‌. دیاره‌ (کلیل) یش

میتافۆره..کلیلێك که هی یەکێتی بێ دەبێ کلیلێکی هەره تایبەت بێ، موعجیزەیی بێ. دیاره ئەم کلیله کلیلێکی بیری (ئایدیایی) یه..

ئەم کلیله ئایدیای کوردایەتی، ئایدیای کورد بوون و کوردستانی بوونه کەله دەوریدا کورد یەك بگرێ.

18. له کرداری زاڵم لەجەوری نەزان
بەتوندی حیکایات و شکوا بکەن.

ئەدیبان دەبێ هیچ کارێکی ناڕەوایان بەسەردا تێنەپەڕێ. کەزاڵم زوڵمی نواند و کەنەزان کاری ناشیاو و زیانبەخشی کرد، دەبێ نووسەران ئەو کرداره چەوته ستەمکاریانه بکەن به چیرۆك و داستان و سکاڵا لەو کارانه بکەن.

19. بەخامەی دووسەر دیدەی خامییان
له بۆ سوودی ئاینده ئیعما بکەن

بەخامەی دووسەر دیدەی کەسانی هەرزه و تێکدەر که بەرهەڵستن له سەر ڕێگای ئاینده کوێر بکەن واته فتیان بکەن و نەهێڵن له پرۆسەی مێژوویيدا دەوری خراپیان هەبێ.

20. بەعیشقی وەتەن موشتەغیل بن هەبوو
به دڵ تەرکی تەعریفی لەیلا بکەن

باهەموو ئەدیبان پێکەوه عیشقی کوردستان بکەنه کار و پیشەیان و واز له شیعری دڵداری و پێدا هەڵدانی یارەکانیان بێنن.

لەم شیکردنەوەیەی سەرەوەدا مەودای بیرکردنەوەی سیاسی و رووناکبیرانەی فانی و تێگەیشتنی ریالیستانەی ئەومان دەربارەی ئەرکی ئەدەب و ئەدیبان بۆ روون بۆوه.

**شيعر و هۆنراوه (نەفەم)**

**هۆنراوەيەكى دى كە تيايدا فانى بە درێژى بيرو راى خۆى دەربارەى ئەركى شيعر و هۆنراوه (وەك نەفەم) دەردەبڕێ ئەو نامە شيعرييەيە كە لەوەرامى نامەى محمد فيدا دا لە ساڵى 1948 دا نووسيويەتى و لەبەرگى يەكەمى ديوانەكەيدا بە ناو نيشانى خەم و نامەيەك و شيعر (چاپى 1976 ) بلاٌوكراوەتەوە.**

**هەوڵدەدەين شيكردنەوەيەكى بيرەكانى ئەم هەڵبەستەش بكەين كە بەشێوەى شەش خشتەكى نووسراوە.**

**ئەى كاكە فيدا گوێ گرە لەم باس و بەيانە**
**ماددیی لە جيهان زلترين هيواى نەزانە**
**گەنجى ئوودەبا شيعرى تەڕ و نەزمى جوانە**
**ئەو روو لە فەنا كردنە ئەم روو لە ژيانە**

**ماددى نييەتى مەنزيلەت و قەدرى مەعانى**
**تەحصيلى مەعانىكە بە دڵ تا دەتوانى**

**ستراكتوورى بيرى فانى دوو دژەى يان ( دواليزمى ) زانين / نەزانين ە شيعرەكانى ديكەى كايەى زانگەيى ئەم دوو دژەيە، لە چەندين بيرو بيرۆكە و وشە گەلى دژ دا دێنرێنەوە. لێرەدا دوو دژە يەكى هاو مانا يان زێدە ماناى ئەو دو اليزمە سەرەكىيە دژايەتى نێوان ماددى و مەعنەوىيە، يان مادده و مەعنا. مادييەت، بەماناى پارە و دەوڵەت، گەورەترين هيواى نەزانە. كەوايە ماددييەت بەماناى پارە پەرستى (نەك دروستكردنى سامان) وەك درێژبوونەوەى بيرۆكەى ئامانجى نەزانينە. بەرامبەر (مەبەستى ماددیی) نەزانو فانى(گەنجى ئەدەبى) ئەديبان دادەنێ.**

**ئەو گەنجى ئەدەبەش بە دوو شت ديارى دەكات :**

شيعرى تەڕ و نەزمى جوان. لێرەدا فانى جياوازى لە نێوان شيعر و هۆنينەوە دەكات و دوايى زياتر ئەم جياوازييە روون دەكاتەوە. ئەوەى لێرەدا سەرنجى دەدەين ئەو ئاوەڵناوانەيە كە بۆ (شيعر) و (نەظم) بەكاريان دێنێ.

بۆ شيعر ئاوەڵناوى تەڕ بە كاردێنێ (شيعرى تەڕ) بەڵام بۆ نەزم ئاوەڵناوى جوان بەكار دێنێ ( نەزمى جوان). هەڵبژاردنى ئەم دوو ئاوەڵناوە گەرچى ديارە ئەنجامى بيرێكى خۆ رێژ ((عەفەوى)) يە، هێشتا گرنگە و تێگەيشتنى رەخنەيى فانى لە شيعر نيشان دەدا.

(تەڕيى) سيفەتێكە جيا نابێتەوە لە وەسفكراوەكە، چونكە تەڕى بەماناى ئاودارىى و لەزەتى ناوەوە دێ وەك ميوەى تەڕ و ئاودار.. شيعرى تەڕ بەم مانايە سيفەتى خۆشبەخشينى هونەريى لە ناوەوەى خۆى هەڵدەگرێ واتە دەبێتە بەشێك لە مانا و بابەتەكە، يان جياكردنەوەى شێوە و ناوەڕۆك لەكارى شيعرى هونەريى بەرزدا كارێكى ئەستەمە. بەڵام نەزم (نەظم)_هۆنينەوەى_شيعرى verse بە جوان وەسف دەكا. ديارە (جوان) و (جوانى) دەكرێ لێكدانەوەى زەبەند و جياواز هەڵبگرن.. بەڵام مەبەستى فانى لێرەدا ديارە كە جوانى دەرەوەيە، جوانى وەك سيفەتێك كە لە دەرەوەرا بۆى زياد بكرێ يان رووكەشى بێ يان رواڵەتيى وەك جوانى ئافرەتێك بە هۆى ماكياژەوە.. واتە نەظم دەكرێ جوان بێ، ئارايشت كرابێ، رازابێتەوە، سەرنج راكێش بێ، بەلام ناكرێ (تەڕ) بێ، بە هەر حاڵ مەبەستى فانى لەم پارە شيعرييەدا ( پارە : بە ماناى پارچە كە دەشێ لە جياتى بەشە شيعرێك هەرچەند بچووك يان گەورەبێ يان لە جياتى پەرەگراف لە نووسينى پەخشانى دا بەكارى بێنن) تەنيا ئەوەيە جياوازى فەلسەفى نێوان ماددە و مەعنا يان دەوڵەمەنديى ماددى و دەوڵەمەندى ئەدەبيى دەربخا. يەكەميان دەوڵەمەندييەكە, كە روو لە لەناوچوونە، دووەميان دەوڵەت و سامانێكى مەعنەوييە, كە روو لە ژيانە، واتە تا كاتى زياتر بەسەرا تێپەڕبێ (نرخى بوون) ى زياتر دەبێ. لەبەرئەوە, ئەوە شتێكى بەڵگە نەويستە كە (ماددى) بەهاو پلە وپايەى (مەعانى) نييە.

2. هەر شيعرە كە رێى راستى و چاكە نيشان دا
هەر شيعرە شرينقەى ئەدەب و خوو لە نەزاندا
هەر شيعرە وەكو گەنجى موخەللەد لە جيهان دا
هەر شيعرە كەوا هێزى تەقەددوم بە گەلان دا

هەر شيعره زەكا بەخشی دڵ و لابەری خامی

هەر شيعره كوڕی زيندەی خەييام و نيزامی

شيعر ڕێبازی ڕاست و چاك نيشانی گەل دەدا. شيعر شرينقەی ئەدەب و خووی جوان لە نەزانان دەدا. لێرەدا سەرنج دەدەين بيری (دەرزی قەڵەم) كە لێرەدا بۆتە (شرينقەی ئەدەب) بە تەواوی دەچێتە خانەی ئاخاوتنی پزيشكیيەوە.

شيعر (نەك شاعير) كراوەتە كەسێك كە شرينقەی ئەدەب و خووی جوان لە نەزانان دەدا. واتە لێرەدا حاڵەتێ يان تەكنيكی هونەريی ( كەساندن personification) هەيە. كەساندنی شيعر وەك دكتۆری ڕەوشت . بير و هەستە جوانەكانی شيعريش دەبنە ئەو دەرمانەی كە حاڵەتی خەستەيی (بەدكاری و زبر خوويی) نەزان دەگۆڕێ بۆ ڕەوشت و كار و هەڵوێستی جوان.

ديسانەوە فانی ((نەمريی)) شيعر و مانەوەی وەك گەنجينەيەكی ئەبەدی لە جيهاندا بۆ نەوەكانی گەل و هەموو گەلان دەسەلمێنێتەوە.

شيعر وەك سەرچاوەی هێزی پێشكەوتنی گەلانيش دادەنێ. بەوەی كە شيعر دەتوانێ و دەكرێ بكرێتە هێزێكی پەروەردەيی مەزن : بۆ پەروەردەی هەست و هۆش و دروستكردنی هاو هەستيی و هاو بيريی و چێژی هونەريی لای خەڵك. بەم پێيە شيعر بەهرە و زانست بە دڵ دەبەخشێ و (خامی) واتە حاڵەتی كاڵی و هەرزەيی و خاويی ناهێڵێ .. نموونەيەكی زيندووش بۆ سەلماندنی نەمری ئەدەب بە ناو هێنانی شيعر وەك (كوڕی زيندوو) ی شاعيرانی بەناوبانگی ئێرانی (خەيام) و ( نيزامی) پێشكەش دەكا.

گەر (خدری زيندە) ئەفسانە بێ، ئەوا بوونی ومانەوەی شيعر وەك (كوڕی زيندە) ی خەيام و نيزامی و مەعرری و حاجی قادری كۆيی (كە ئەم دووانەی دوايی كوڕيان نەبووە) ئەفسانە نييە و ڕاستييەكی نەمرە.

3. هەر نە **قمە** كەوا دانەری تەرتيب و نيزامە

هەر نە **قمە** جڵەو كێشی بەرەو پێش عەيامە

هەر نە **قمە** كە شيرينتری گوفتار و پەيامە



www.dengekan.com

هەر نە **ڤمە** كە چاتر محەكی پۆختەو و خامە

هەر نە **ڤمە** پزیشكێ كە دڵی خەستە دەوا كا

هەر نە **ڤمە** شەرابێكە بەسەر نەشئە عەتا كا

فانی جیاوازی تەواو لە نێوان پێناسە و بیری (شیعر) و پێناسە و بیری (نە**ڤم**)_یان هۆنینەوە دەكا و دیارە شارەزای ئەو جیاوازییە بووە كە رەخنە گران لە نێوانی ئەم دوو جۆرە نووسینەی هەڵبەستیان كردووە.

فانی (نە**ڤم**) بە دانەر یا رێكخەری (تەرتیب و نیزام) دەبەستێتەوە. واتە (نە**ڤم**) دەوری راستەوخۆی زیاترە لە رێكخستن و تەرتیب كردنی شتەكان و ستراكتووری كۆمەڵدا. ئەمیش لەبەرئەوەیە كە نە**ڤم** وەك نووسینێكی راستەوخۆ كە دەكرێ خێراتر و ئاسانتر و بەربڵاوتر بۆ كاری پەروەردەیی و رۆشنبیری بە كاربێ دەكرێ بكرێتە (جڵەو كێشی خەڵك) بەرەو پێشەوە - واتە راكێشەری خەڵك بێ بۆ پێشكەوتن.بەكارهێنانی كەساندنی (جڵەو كێشی) بۆ (نە**ڤم**) لە حاڵەتی خۆ كردی و خۆڕێژیی و هێز و ووزەو جوانی ناوەوەی شیعر جیای دەكاتەوە. نە**ڤم** دەكرێ بكرێتە (جڵەوێك) و خەڵكی هەڵبەتا لەگەڵ جۆرە هێز و فشارێكیش, بۆ پێشەوە پێ رابكێشرێ.. هۆنینەوە (چ وەك هۆنراوە چ وەك پەخشان) دەكرێ وتار و پەیامێكی هەرە شیرین و سەرنج راكێشبن و خەڵك حەز لە خوێندنەوەیان بكەن. هۆنینەوە (نە**ڤم**) دەكرێ بشكرێتە محەكێك, پێوانەیەك، بۆ دیاری كردن و دەسنیشان كردنی ئەوانەی كاڵ و كرچن لە ناو كۆمەڵدا.

فانی دیسانەوە ئاخاوتنی پزیشكی دوبارە دەكاتەوە و (كەساندنی) نە**ڤم** دەكا وەك پزیشكێ .بەڵام ئەمجار وەك پزیشكێك هۆكارو شێوازی ڕۆتینی (بێتەرزی هونەری و دەرزی قەڵەم ) بۆ چارەسەر كردنی دڵی خەستە بەكاردێنێ . )

دەشكرێ لە ئاستێكی جوان و شیرینی وا داڕێژرێ كە وەك شەراب سەران مەست كات.

لە بەشێكی دیكەدا فانی دێتەوە سەر دەوری كۆمەلایەتی و نیشتمانی شیعر بۆ بەرەو پێش بردنی (مەسڵەحەتی زل زلی میللەت) .ئەو شیعرە دەبێ بەم جۆرە بێ:

4. شیعرێ كەقەلای جەهل و نەزانی بڕمێنێ .

داوی تەمەعی موستەبیددان هەڵبوەشێنێ

تۆوی شەرەف و یەکێتی و چاکە بچێنێ

لاوانی جەفا دیدەیی گەل پێبگەیێنێ

ئەم شیعرەیە چاتر لە هەموو گەنجی نەزانە

ئەم رابەری ڕێکییە, ئەو کانی زیانە

فانی لێرەدا جەخت لەسەر دەوری شیعر لە دژایەتی کردنی جەهل و نەزانیی و رماندنی قەلاّکەی دەکا ....داوی تەماع و نیازی خراپی ستەمگەران هەڵدەوەشێنێتەوە (بەئاشکراکردنی‌نهێنیەکانیان)و تۆوی شەرەف و یەکێتی و چاکە دەچێنێت .دیسان جەخت لەسەر دەوری شیعر لە تێگەیاندن و پێگەیاندنی نەوەی نوێی لاوان دەکا .

## فانی و قوتابخانەی بیری نەتەوەیی حاجی قادر

فانی تەواوکەری قوتابخانەی بیری نەتەوەیی ڕەخنەیی شۆڕشگێڕی حاجی قادری کۆیی نەمرە لە هەموو ڕوویەکی کۆمەلاّیەتی ، ڕۆشنگەریی ، ستراتیژی نەتەوەیی و سەربەخۆیی خوازی وخەبات بۆ کۆمەڵێکی شارستانی کە لە سەر بنچینەی زانست و هۆشیاری و هاوتێکەڵی لەگەڵ پرۆسەی جیهان بووندا، دامەزرابێ . لە هۆنراوەیەکدا بۆ

(لاوی کوردستان ) لە ساڵی 1950 دا فانی ئاوا باسی حاجی قادر دەکا:

حاجی قادر شاعیری مەشهورو دەوڵەت خواهی کورد

شیعرەکانی شاهیدن بۆ فیکرو بەرزی فیترەتی

هەروەکو باوکێکی موشفیق چۆنە بۆ ئەولادی خۆی

دەرحەقی کوردانی گێتی وا بوو رەحم و شیفقەتی

بۆ ئەوەی ئیرشادی کوردو نەشری سەربەستی بکا



www.dengekan.com

دایە سەر شیعرو ئەدەب تا رۆژی مردن ئولفەتی

حاجیا حەیف و تەئەسوف میللەتی نادانی تۆ

بەم هەموو بەندانە جاهیل ما نەگۆڕا حاڵەتی

گەڕ لە ناوقەومێکی زانا بایە حاجی بێگومان

تا زەمانی ئاخرەت دەکرا سوپاس و مەدحەتی

بیری ووردی فانی وەسفێکی ووردی خانی وەك :

ڕێبەرێکی ئایدۆلۆژی و نەتەوەیی‌مەزن ، بەرهەم دێنی: حاجی (شاعیری دەوڵەت خوا ) بوو, دەوڵەتی کوردستانی دەخواست، هەموو کوردی بە ڕۆڵەی خۆی زانیوەو شیعرو ئەدەبی کردۆتە خوو-و پەیامی خۆی بۆ ڕێنوێنی کورد و بلاّوکردنەوەی بیری ڕزگاریخوازی بە کارهـ. سەیرە دوای ئەو بیرە ،بەرزانەی حاجی کە قوتابخانەیەکی تەواوی بیری نەتەوەین ، کورد نەگۆڕاوە و کەڵکی لە ئامۆژگاری و بیرەکانی وەرنەگرتووە. گەر حاجی لە ناو هەر مێللەتێکی تری دنیا دا بایە ، دەکرا بە کەسێیتیەکی هەرە بەناوبانگ و نەمر و تا ئەبەد نرخی دەزانراو سووپاسی دەکراز.

هۆنراوەکەی (فانی) ش بۆ شاعیری کوردی فارسیی نووس (عیشقی) بە شێوەیەکی ڕەخنەیی ئاشکرا فەلسەفەی فانی دەربارەی پەیامی شۆڕشگێرانەی شیعری بەرز, روون دەکاتەوە. ناوەرۆکی هۆنراوەکە ئاشکرایەو بە پێویستی نازانم شی بکەمەوە.

## بـــــــەشی چوارەم

بیری فە لسەفی و ڕەخنەیی خانی :

1. جیهان : لە ڕوانگەی ڕاستەقینەی ژین و مەرگەوە ، جیهان فەزایەکە بۆ پێشکەوتنی مرۆڤزاد .. بەلاّم هەر لەو کاتیشدا دەشێ بلێین کوشتارگەیەکی مرۆڤ و لە ئاکامدا گۆڕستانی بە کۆمەڵی هەر نەوەیەکی مرۆڤە :

بزانە ئەم جیهانەی تۆی لە ناوی

کوشندەی پاکیی ئەبنائی جیهانە

ئەجەل دەگرێ یەخەی شاهو گەدامان
ئەگەر ئەم خەڵکە پاشا یا شوانە
کەوا بێ بۆ بەشەر گەنجی دوو عالەم
لە عالەمدا بەخۆشیی خۆی ژیانە
نەڕێژی وەك نەزانان ئابڕووی خۆت
لە ژینا بەهرە ئەخلاقی جوانە

2. ژیان : ژیان وەکو شتێکی رەها ئەبەدیی نییە ، ئەمە بۆشاڵێکی ( بۆشخەیاڵ ـ وەهم ) ی مرۆڤە کە بۆخۆی دروستکردووە ، ژیان لە ڕێژەی تەمەندا هەیەوهیچی تر ، بۆیە ژیان وەك تەمەن دیاری کراوە ، ئەمانەتە لامان ، کاتێکی خواستراوە کە دەبێ بیدەینەوە بە شێوەیەکی ڕەها هیچ کەس لەم دادوەرییەی پێشبڕیارەی دانەوەی قەرزی ژیان بەدەر نییە ، کەس نازانێ کەی خاوەن قەرز لە دەرگات دەدات :

خەتایە ئەم هەموو جەورو جەفایە

لە گێتی بۆحەیاتی موستەعارێ

وەکو تۆ بوون چە فیرعەون و چە قاروون
بە نامەردی بە گڵدا چوونە خوارێ
لە دەوڵەت ئیستیفادەی ئەو کەران چییە؟
لەعنەت، لە خۆیاندا خەسارێ

**بەشی دووەمی (دەڵێم بیڵێم و ناوێرم) لیکداندوەی فەلسەفی فانی یە بۆ ستەمیی بوونارایی ژیان کە لە دەبێببێی (حەتمییەتی) مەرگ و گەمەی ڕێکراو (قەدەر) دا خۆی دەنوێنێ, ساحیری دنیا خۆی مرۆف بە تام و تەما کاتییەکانی فریو دەدا تا ئاستێك کە مرۆڤ لە بیری بچێتەوە ئاژەڵێکی کاتییە و چاووروانی تۆرەی زۆرمەندانەی لە قەسابخانەکە دا دەکات:**

**ئەمەش باسێکی دنیایە کە خەصمی شێتو زانایە**
**ژیانی میسلی خەو وایە دەڵێم بیڵێمو ناوێرم**
**بڕۆ ئەی ساحیری دنیا هەمووشەو بووکی سەد زاوا**
**ئەوەی تۆی کردە ژن فەوتا دەڵێم بیڵێمو ناوێرم**
**ئەوانەی مێردی پێشووتن هەموو بێ قووەتو قووتن**
**دەزانم من کە کوشتووتن دەڵێم بیڵێمو ناوێرم**
**ئەوەی عاشق بە بەژنێتە ئەگەر چی هەر لەسەر جێتە**
**کە باوەڕکا بەتۆ شێتە دەڵێم بیڵێمو ناوێرم**
**شەرابت خوێنی مەردانە کەبابت جەرگی گوردانە**
**خەراپی تۆیە هەر خانە دەڵێم بیڵێمو ناوێرم**
**بەنی ئادەم هەموو یەکسەر لە تۆ بوون فێری زوڵمو شەڕ**
**چە غەدداری چە بێ جەوهەر دەڵێم بیڵێمو ناوێرم**

**3. کـــات : لای فـانی کـات دوو شێوەی هەیـە کـاتی دەرەوە و کـاتی نـاوەوە ، یـان کـاتی جیهـان / سروشـت و کـاتی مـرۆڤ و تەمـەن. کـاتی دەرەوە شـتێکی ئەبـستراکت نییـە ... کـات وەك هـەر سەرچـاوەیەکی دی سەرچاوەیەکی بـە کارهێنانـە بـۆ مـرۆڤ, سـەرمایەیەکی خۆڕاییـە ، کـات کەرەسەیەکی خاوە تـەنیا ئـەو کاتـە دەبێتـە بەرهـەمی‌ماددی کـە بـە کاربێـت ، گـەر بـە کـار نـەیـە بەفیڕۆدەڕوا . بەم مانایە کات لای (فانی) ( زیوی خاوە ) وکانیاوێکە بێ وچان دەڕوا ، هـەر بەشـە**

ئاوێك,بەشە كاتێك, كە لەم كانیاوە رۆیی و بەكارت نەهێنا كاتی لە دەست چووە ، بەرهەمی فەوتێنراوە سامانی بە فیڕۆ دراوە جیاوازی شارستانی لە نێوان میللەتاندا لە شێوەی كات بە كارهێنان و سوود وەرگرتنیانە لە كات .

دنیای كردۆتە بەهەشتێكی رازاوە و مایەی بەختیاری بەتایبەتی بۆ ئەو مرۆڤ و گەلانەی لە نیعمەت و دەستكەوتە گەورەكانی دیكەی تەكنۆلۆژی بێ بەشن.

3. ئیستا دنیا هەموو بەكیشوەرە مەزنەكانی ئەمریكا و ئەوروپا و ئاسیا و ئەفریقاوە هەمووی وەك كۆلانی بەسەریەكەوەی یەك شاری لێ هاتووە. دنیا بۆتە شارێكی بچووك بەهۆی رادیۆوە. هەر ئێزگەیەكی رادیۆ ئەوەندە بە ئاسانی لە پاڵ یەكەوە دەبیسترێن وەك گەڕەكێكی شارە بچووكەكە وایە.

4. جاران زەحمەت بوو مرۆڤ وا بەئاسانی گوێی لە دەنگ و باسی دراوسێكەی خۆشی بێ. ئێستا بەهۆی رادیۆوە میللەتان لە خۆشی و ناخۆشی و رەنج و بەختیاری یەكدی بە ئاگان. ئێستا دەنگی گەلانی ئەمریكای لاتینی دێتە كوردستانەوە و هەواڵی خەبات و قارەمانێتی ئەوان كوردان هۆشیار دەكەنەوە.

5. بەم هەواڵ و باس و خواسە خۆشی و شۆڕشگێرییانە كە رادیۆ ئازادانە و ئازایانە دەیان هێنێ، بەشخوراوانی گێتی لە یەكتر فێر دەبن و ئیلهام بەیەكتر دەبەخشن و لە ئەنجامدا هەموو گەلانی مافخورا و ریچگەی خەبات و شۆڕش دەگرنە بەر.
ئەم لێكدانەوە فراوان و زیرەكانە نیشانەی تیچگەیشتنی (فانی) یە هەر لە چلەكان و پەنجاكانەوە تەكنۆلۆژیا لە دیاردەی (جیهانی كردن) دا.

دووەم: هۆكارى گەورە و دووەمى بەهێز جيهانى كردن لاى فانى ((لافاوى سياسەتە))..سياسەت واتە بەر بەرەكانى دەسەڵات لە ئاستى جيهانيدا, وەك لافاوێك وايە كە رۆژ لە دوا رۆژ گەورەتر و گەورەتر و بەربڵاوتر دەبێ تا هەموو دنيا دەگرێتەوە و چارەنووسى گەلانى گەورە و بچووك ديارى دەكاتن ئەوانەى نەزانن و لەم ديادەيەى ئەم سەردەمەى جيهان بوونە ناگەن دەبنە قووربانى و دەفەوتێن : لە هۆنراوەيەكدا كە لە ساڵى (1951) دا نووسيويەتى دەڵێ :

ئەم عسرەيە عەسرێكە كەلافاوى سياسەت
بۆ فەونى نەزانان لە هەموو لاوە دەدا جۆش
رێكيخە لە زانست و عەمەل كەشتى و پاپۆڕ
خۆ دەربەرە لەم گێژە وەكو عالەمى تر تۆش

ديارە هەردوو دياردە و ميكانيزمەكەى (جيهانى بوون) واتە تەكنۆلۆژيا و دەسەڵاتى سياسى و ئيمپرياليستى يەكتر تەواو دەكەن .. بەهۆى زانين و سەركەوتنى تەكنەلۆژيايەوەيە كە ئەوروپا و (دوايى ئەمەريكا) وەك سەردار و خاوەن دەسەڵات و فەرمانڕەوا بە دنيا دا بڵاوبوونەوە. فانى لە چلەكاندا دەنووسێ :

چۆن دەبوو بۆ كەسى مويەسسەر تێكەڵاوى شەرق و غەرب
نوورى زانين گەر نەبايە پێشەوا ئەى نيشتمان

زانين ئەمراز و ميكانيزمى دەسەڵاتى جيهانيى واتە جيهان بوونە :

ئێستا دەيبينى كە ئەوروپا نشينان يەك بە يەك
نەهەنگى شتن و شابازى فەزا ئەى نيشتمـــــان

گەرچى ئەوروپايە ئەسڵى مەركەزى ئەجداديیان

چوونه ئەمریکا و دێنە ئاسیا ئەی نیشتمـــــان

حـــاکمی بەحر و بەڕن سوڵتانی خاوەن ئیقتیدار
بچنە هەر جێ گەورەن و فەرمان ڕەوا ئەی نیشتمان

## چەکی ئەتۆمی

لایەنێکی دیکەی گرنگی جیهانی بوونی سیاسەت و پاشەڕۆژی هەموو مرۆڤایەتی دەرکەوتنی چەکی ئەتۆمە لە ماوەی دوای شەڕی جیهانی دووەم. فانی بە ووردی لە هۆنراوەیەکی سیاسی زۆر زیرەکانە دا راستی جیهانی بوونی ئەو چەکەو مەترسییەکەی و بەربەرەکانی و پێکدادانی نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوا لێك دەداتەوە: لەکاتی کێشەی نێوان سۆڤیەت و ئەمریکا لە ساڵی 1962 دا فانی هەست بە مەترسی شەڕی ئەتۆمی دەکاو دەنووسێ:

لەگەڵ یەك ( جۆن) و (نیکیتا) ئەگەر سازش نەکەن دنیا
بە نووری زەڕڕە سەر تاپا وەکو کەشتی لە سەر ئاوە

جیهانی بوون لەوە زیاتر دەبێ چ بێ ؟ شەڕی ئەتۆمی هەموو دنیا خاپوور دەکا و وەك تاقە کەشتییە شکاوێکی لێ دێ بە سەر دەریاوە.

هەروا (فانی) ئەو ناکۆکییە جەوهەرییە دەرك پێ دەکا کە لە خودی دیاردەی جیهانی بووندا شاراوەتەوەو شەڕخوازیی مرۆڤ:

لە لایێ عیلم و زانایی خەریکی کەشفی ئەکوانە
لە لادیێ حیرص و نادانیی خەریکی جەنگ و رووداوە
بەشەر گەر ئاسمان بگرێ بە باڵی عیلم و بینایی
بەشەڕ هەر ئارەزوومەندە و شەرابی خۆشی خوێناوە.

**کارەساتی سروشت:**

**ئەو هەڵبەستەش کە فانی بۆ (باڕەش) ی نووسیوە دەکرێ بخرێتە خانەی جیهانی بوونەوە، وەك هەرەشەو کارەساتێکی سروشتی کە کار لە هەموو وڵاتان و گەلان دەکاو پێویستی بە چارەسەرییەکی زانستی هەیە. رامکردن و کپ کردنی بەڵای باڕەش بەهۆی زانستەوە ,سوودی هەموو گەلانی جیهانی تێدا دەبێ.**

**ئالتونی رەش و سامانی سروشتی**

**ئەو کەلانەی خاوەن سامانی سروشتی زۆرو گرنگن بیانەوێ یان نەیانەوێ دەبنە وامانجی جیهانیبوونی دەسەڵات. فانی کێشەی عارەب و ئیسرائیل و شەرەکانی خۆرهەلاتی نێوەند بۆ بوونی نەوتێکی زەبەند لە وڵاتانی عەرەبییدا دەگێڕێتەوە.**

**بەشی پێنجەم**

کوردناسیی فانی

## پەیامی ژیان

لە هۆنراوەیەکدا کە پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد فانی دەڵێ:

باسی ڕەوشتی میللەتم، ئیشمە، خوومە، عادەتم

هەر ئەمەیە حیکایەتم، هەر ئەمەیە شیعاری من

لە کۆتایی هۆنراوەی (ناڵەی شێرانی برسی) شدا دەڵێ:

خامەیی حەق بێژی من خاڵۆ زمانی میللەتە

داستاننووسێکی بێ فێڵی ژیانی میللەتە

ئەم چەند دێڕە هۆنراوە راستی پەیامی مێژوویی ژیانی فانی ڕووندەکەنەوە.وەك ئەرکێکی پێغەمبەرایەتی، یان قەدەرێکی تراژیدیایی ئەوە بە فانی بڕاوە لە گەلەکەی بۆ لەحزەیەکیش دانەبڕێ , لەگەڵ هەموو دەرد و داوا و ژان و تێشکانێکیاندا بژی. شارەزایی ڕەوشت و خوویان بێ، بەچاوی زانین سەرنجیان بدا ئەوسا خامەکەی بکاتە داستاننووسێکی بێ فێڵی ژیانیان، ئاوێنەی


www.dengekan.com

مایکرۆسکۆبی بخاتە بەر دەمیان و وێنەی خۆیان وەکو و هەن و وەکو و دەشێ  ببن نیشان بدات و بەراوردی جیهانی سەردەمییان بخاتە بەر هۆش و دڵ.

## دەڵێم بیڵێم و ناوێرم

ئەم هۆنراوەیەی فانی لە سییەکاندا نووسراوە و لە سەرەتای چلەکاندا پێیداچۆتەوە. بەڵام یەکێکە لە یەکەمین هۆنراوەکانی سەرەتای شاعیرێتی. بە زمانێکی سادە و رەوان و کیشی کوردی خۆماڵی هەشت برگەیی نووسراوە.. دوای هەرسێ دێرە شیعرێکی هەشت بڕگەیی سەروادار, لە دێڕی چوارەمدا رستەی ((دەڵێم بیڵێم و ناوێرم)) دووبارە کراوەتەوە.. ئەم دووپاتەیە خۆی زیاتر سەرنجی خوێنەر بۆ ناوەرۆکەکە و مەترسی ئاشکراکردنی پەیامەکەی رادەکێشێ.
لەو هۆنراوەیەدا فانی زیاتر نەکارەکانی((نێگەتیڤەکانی)) کۆمەڵی کوردەواری باس دەکا، تێیدا ژیاوە و لەوە زیاتر چاکەی بەدی نەکردووە.
فانی هەر لە سەرەتای دەستنیشان کردنی (دەردەکانی کۆمەڵ) ەوە,  وەك پزیشکێکی دڵسۆز یان باوکێکی میهرەبان و نیگەران بۆ خەستەیی کوشندەی کوڕ و کچەکەی، (نەزانیی، بێ سەوادیی، نەخوێندەواریی) وەك دەردی کوشندەی کۆمەڵ دەست نیشان دەکا :
بێسەوادیی : ماکە، گەرایە, میکرۆبخانەیە، سەرەتانە
هەموو دەردەکانی دیکەی کوشندە لە نەزانینەوە سەرهەڵدەدەن : دواکەوتن، دووبەرەکی، خۆخۆریی..هتد.
فانی لە (دەڵێم بیڵێم و ناوێرم) و کۆمەڵە هۆنراوەیەکی دوای ئەوە, کە هەموو ناواخنی (تیمی) نەزانیی و بێسەوادییان هەیە،جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە ئەو دەردی نەزانییە تەواوی کۆمەڵگای کوردەواری گرتۆتەوە بە هەموو چین و توێژ و دەستەیەکیەوە، کردوویەتی بە کۆمەڵێکی نەخۆشی داوەشاوی خۆکوژ، کۆمەڵێ کە هیچ کۆ بەند و یاسا و رێو شوێنێکی شارستانی و رۆشنبیرانەی تێدا نییە و دوورە لە هەموو بەها و رەوشتێکی چاکە خوازیی گشتی و بەرژەوەندی گەل و نیشتمان ..بۆیە فانی دەست ناپارێزێ و هیچ گرۆ و دەستەیەکی کۆمەڵ لە رەخنە کۆمەڵایەتییەکەی بەدەر ناکا:

قسێکم دێته سەر زاری | دەڵێم بیلێم و ناوێرم
له باسی کورد و کرداری | دەڵێم بیلێم و ناوێرم

دز و جەردە و ریا کارن | نەزان و گێژ و بێ عارن
لەگەڵ یەکتر دەڵێی مارن | دەڵێم بیلێم و ناوێرم

ئەوەی ئێستاکە زۆردارە | خەریکی جەور و ئازارە
ئەوەی بێ زۆرە غەمبارە | دەڵێم بیلێم و ناوێرم

ئەگەر ئاغایە بەدکارە | ئەگەر کوێخایە مەککارە
ئەگەر مسکێنە بێ عارە | دەڵێم بیلێم و ناوێرم

دوو سەد خەرمانی میللییەت | بەیەك جۆ ناکڕێ میللەت
وەفا رۆیی , نەما غیرەت | دەڵێم بیلێم و ناوێرم

ئەوەی فانی وینەی دەکا (داوەشانی کۆمەڵایەتییە)، لێکهەڵوەشانی بەها و رەوشتە، سەروەریی نەزانی و درۆزنیی و رییا کارییە، نەبوونی هەستی نەتەوایەتی و پەرۆشی میللیەیە.

دیارە دەشێ فانی لەبەر ئایدیالی بەرزی نەتەوەخوازیی و چاکەخوازیی و خەونی کۆمەڵگای شارستانی بەنیزام و رۆناکبیر، زیاتر لایەنە نەکارەکانی ژیانی کوردی نیشان دابنێ بەڵام بیری فانی له ناخ و راستەقینەیی ژیانی کۆمەڵەوە هەڵقووڵاوە و وەسف کردنی خۆی بە ((داستان نووسێکی بێ فێڵی ژیانی میللەت)) تەواو لە جێی خۆیدایە. وەك لە دواتردا پتر شی دەکەینەوە فانی (کۆمەڵی نەزان) وەك کۆمەڵێ کە بە ژیانی ئاژەڵی راهاتووە و رازییە، سەیر دەکا و دەیەوێ بەیەك زەبری کوشندە لە نەزانیی دان, گەلەکەی پۆتێنشیاڵی مەزنی بەهرە و توانا و جوانەمەردیی و زانایی خۆی بەدی بێنێ و بگاتە ریزی گەلانی پێشکەوتووی سەردەم.


www.dengekan.com

**کۆمەڵگای کوردەواری: نموونەی مەرگە**

**هۆنراوەی بەسەرهاتی (مەرگە لە ژێر حوکمی دەرەبەگدا) شارەزایی فانی لە شێوەی ژیان و کار و رەنج و کێشە و خەون و خولیای هەموو دەستە و گرۆهی خەڵکی کورد نیشان دەدا، لە ئاغا و کوێخاوە، تا بازرگان و مەلا و شێخ، تا پینەچی و ئاشەوان و دارتاش و مسگەر و باخەوان و جۆڵا و ئاسنگەر و کرێکار و شوان. (سەیرە لە پەنجاکاندا هەموو ئەم پیشە زانانە لە گوندێکی وەك مەرگە هەبوون، ئێستاش دوای سێزدە ساڵ حوکمی کورد خۆی و بلیۆنەها دۆلار، برۆ سەیری حاڵی مەرگە کە)... لەو هۆنراوەیەدا بە سۆز و پەرۆش و پێزانینەوە خاسێتە چاکەکانی مرۆڤی کورد و کاسبکاری کورد باس دەکا.. زۆر بە سەختی جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە دەوری گەورەی کورد، نا تەواوی گەورەی کورد، کێشەی گەورەی کورد هەر نەزانینەو نەزانیی... ئەگینا کورد گەلێکە خاسێتی نەتەوەیی باشی زۆرن و بە ژیانی سادە رازییە و دەکرێ ئەو خاسێتەچاك و خۆماڵی و سروشتکردانەی کوردەواری ببنە بنەمای کەسێتییەکی نەتەوەیی بەهێز و کۆمەڵێکی رێك وپێك و یەکگرتوو- و سەرکەوتوو .. فانی روو دەکاتە دۆستی گەورەی ((مەلا حەسەن)) ی مەرگە و ئەم بیرانە دەردەبڕێ:**

**مەلا هەر جەهلە صنددی زیندەگانی**
**زیانی گیانە بۆ کۆمەڵ نەزانی**
**لە گێتیدا رەقیبی ئێمە جەهلە**
**دەنا کوردی قەلەندەر ژینی سەهلە**
**لیباسی بوزووە، نانیشی جۆیە**
**کراسی جاوە، پشتێنی پەڕۆیە**
**لەلایان وەك ئوتێلە ژینی ئەشکەوت**
**بە تاریکی دەژین نەشبێ ئەگەر نەوت**
**بە عەییاشی و زیننەت ئاشنا نین**
**ئەبەد جۆیایی دیز داشەو عەبا نین**
**نیانە مەیلی ئارایش ئەمانە**
**دەڵێن ئەسبابی زیننەت بۆ ژنانە**

لیباسی رۆژ و شەویان پەشم و جاوە

دەڵێن گورجی و زۆریی بۆ پیاوە

لە گەرمایی چلە و سەرمایی زستان

نیانە باك و قەت نابن هەراسان

کولێرەی ئاردی جۆ نادەن بە بسکیت

بە هێز و ساڵن وەك نێرە عیفریت

لە جێی بیرە و شەراب و ویسکی و مەی

لەگەڵ خۆشاوی مێوژ شەو دەکەن نەی

بەڕوو- و گوێز دەخۆن ئەغلەب کە شەو هات

دەڵێن بردوویە نامووسی چوکلیات

گەزۆ و کشمیش و لەتکە و گوێز و هەنجیر

مرەببایانە پێیان شادن و ژیر

نە بەنگین و نە تریاکی و نە مەستن

هەوای نەفسی خۆیان ناپەرستن

لە سەختیدا هەیە سەبر و ڕەزایان

نەگریاون لەسەر مەیتی برایان

بەها دورن و ڕەشید و پاڵەوانن

بەڵێ کوردن، بەڵام گوردی جیهانن

لە مەیدانی هەرادا شێری مەستن

بە چالاکی پەلی دوژمن دەبەستن

هەموو راوچین و تیرەنداز و ئازان

لە ڕەزما گورگی لاکی هێزی ئەعدان

لەجێی پۆتین لە پێیاندایە کاڵە

عەدووی پۆتین لە پێیان لا گەماڵە

ئەگەر دوژمن هەزارە کوردەکان شەش


www.dengekan.com

هەزار دەشکێ پەرێشان و موشە و وەش

لە مەیدانی هەرادا شێری نێرن

هەموو بێ باکن و چالاك و دلێرن

لەگەڵ تورکا کە لێیان بۆتە کێشە

لە چاویان هەڵچەقیون وەك درێشە

قەڵای ئاساری ئاسووری کە وردە

ئەوەش زەڕبەی قوڵنگی قەهری کوردە

لە بەربێ دەفتەریی یەك یەك سەرەی کورد

لەگەڵ خۆی ناوی خۆی بۆ ژێری گڵ برد

دەنا مەعلوومە عالەم شارەزایە

لە مەیدانی هەرا کورد ئەژدیهایە

ئەگەر پەروەدە بکرێ میللەتی کورد

قەڵاتی زۆری بەدخواهان دەکا ورد

کەریم خان و سەلاحەددین وکاوە

زەمانە  ناویان نانێ بەلاوە

دلێر و قانیعن کوردی پەرێشان

نەزانی ماڵی ئێمەی کردووە وێران

لە بەر زۆری نەزانی بوونە جانی

هەموو مردووی رەقابەتن و نەزانی

ئەگەر بێت و بە زانین ئاشنابن

برنجن ژێر چەپۆکی ماش نابن

بەڵام تا وا نەزان و بێ شعوورن

لە سەرکەوتن لە هیوای چاکە دوورن

دزی و کینە و عەداوەت کارییانە

قسەی شێتانە وردی زارییانە

لە دڵیان دڕکی بەدبەختی رواوە
لە ملیان پەتکی نادانی کراوە
نەسیحەتیان لە بەر گوێ دەنگی زەنگە
بوێژیان لا وەکو  قەومی فەرەنگە
وەکو و قاوانی کاوێسە لە لایان
سەدای نالەی رەفیقان و برایان
مەلا هەستە و بە سۆزی دڵ دوعاکە
هەموو شەو روو لە قاپی کوبریا کە
لە بۆ قەومت کە سەر تا سەر زەلیلن
لە پەنجەی دێوی جەهلا  جوملە دیلن.

ئەم هۆنراوە (هاوتایی) بیری فانی دەربارەی کۆمەڵگای کوردەواری دەردەخا..فانی (دلێری و قانیعی) واتە ئازایی و جەسووری و رازی بوون بە شێوەیەکی ژیانی سادە و خۆماڵی خۆی, بە دوو خاسێتی سەرەکی کۆمەڵگای کورد دادەنێ. وەك کەسێتییش کورد کە پەروەردەی هەبێ دەکرێ ببێتە هێزێکی گەورەی ئازادی و پێشکەوتن و قەڵای ستەمگەران و ورد و خاش بکا وەك چۆن قەڵای ستەمی ئاسووریان تەخت کرد. گەر بەزانین ئاشنا بن کورد (برنجن ژێر چەپۆکی ماش نابن). بەڵام نەزانیی بۆتە(دڕکی بەدبەختیی)  لە دڵیان رواوە و بۆتە (پەتکی نادانیی) لە ملیان کراوە.

<u>(نەزانی) کلیلی لێکدانەوەی ستراکتووریی کورد و کۆمەڵگای کورد</u>

کەوایە (نەزانیی) لای فانی چەمکێکی گشتگرە کە کلیلی کردنەوەی مەتەڵی دواکەوتوویی کورد و کەسێتیی خۆکوژی ئەو بە دەستەوە دەدا.

(نەزانی) بە مانا گشتییە فراوانەکەی و فەزا زانگەییەکەی (مەعریفییەکەی) . لە سەر ئەم چەمکە یا بیرۆکە بنەماییە فانی کۆمەڵە بیرێکی دژ هەڵدەچنێ کە سیمای کۆمەڵگای کوردی و کەسێتی ومرۆڤی کورد پێناسە دەکەن.

نەخوێندەواری – خوێندەواری


www.dengekan.com

**بێ سەوادی – رۆشنبیری**

**مەکتەب – تەکیە و خانەقا**

**راستی – ریا**

**پاکی – ناپاکی**

**رەنجدان - مشەخۆری**

**زانینی نرخی کات – کات کوشتن و بە فیڕۆدان**

**ئازایی – ترسنۆکی**

**خۆبەخت کردن – خۆفرۆشتن**

**نیشتمانپەرستی – نیشتمانفرۆشی**

**پێشمەرگەی راست – جاش و جاسووس**

**خزمەتکاری گەل – بەرتیل خۆرو گەندەڵ**

**پێشکەوتن- دواکەوتن**

**ئازادیی – ژێر دەستەیی**

**ژیانی سەردەم – ژیانی سەرەتایی و وەحشیەت**

**یەکگرتن – ناکۆکیی و خۆ خۆریی**

**سەرکردەی رێبەر نموونە- سەرکردەی خۆپەرست و خۆ فرۆش**

**دەتوانین زۆر دژە بیر و دژە مانای دیکە کە درێژبوونەوە و پەل و پۆی رەگی (نەزانی) ن لە هۆنراوەکانی فانی دەستنیشان بکەین.**
**بۆیە فانی لەگەڵ خۆشەویستی و پەرۆشی بێپایانی بۆ نەتەوەکەی بە ئەرکی ویژدانی و نەتەوەیی و روناکبیری خۆی دەزانێ کە حەقیقەتی کەسێتی مرۆڤی کورد لە روانگەی راستی نەزانیی و بێسەوادیی و دواکەوتوویی زانستیی و روناکبیریی کوردەوە شی بکاتەوە و بینرخێنێ و بیخاتە روو.**

**کورد کێیە**

به سادەیی کورد لای فانی مرۆڤێکی ئازایە، دلێرە، قەناعەتکارە، سادەیە، توانست و بەهرەیەکی گەورەی هەیە بۆ پێشکەوتنی بێ سنوور...بەلآم لەبەرئەوەی بە نەزانیی ماوەتەوە و دواکەوتووە، بۆشە، خۆخۆرە، لاف و گەزافی نەزانانەی زۆرە بەلآم کار و کردەوە و بەرهەمی راستەقینەی کەمە.. نرخی کات نازانێ، بیر و بەرنامەی بۆ ژیان نییە، لە گۆڕانەکانی دەوروبەری و سەردەمی بە ئاگا نییەز زوو فریو دەخوا. زۆر جار دەبێتە قوربانی کارەساتەکان یان دار دەستی بێگانە و خاوەن دەسەلآتەکان .

سەرکردەکانی بەزۆری مێشك پووت و خۆپەرستن و بێ بیر و پرۆژەی نەتەوەیین. لەبەرئەوەی نەزانە کورد قەدر و نرخی گەورە رووناکبیرانی پێشەوای وەك حاجی قادر و خانی نازانێ, گوێ بۆ ئامۆژگاری و پەندی چاك راناگرێ، سوورە لەسەر هەڵە و رێبازی خۆکوژانەی خۆی.. بەلآم پرۆگرامێکی رۆشنبیرکردن و هۆشیارکردنەوە دەشێ بە زوویی هەموو ئەم خاسێتانە بەراوەژوو کاتەوە و کورد بگەیەنێتە ئاستێك لە سەرووی گەلانی دیکەوە بێ.

<u>هەڵوەشاندنەوەی کەسێتی گەزافی کورد و دەربڕینی کەسێتی راستەقینەی کورد</u>

مەبەستم لە کەسێتی (گەزافی) کەسێتییەکە کە لەسەر لاف و گەزاف، لەسەر درۆ، لەسەر ساختەیی و بیری خورافی هەڵچنرابێ. فانی بە بەکارهێنانی بیرۆکەی (زانین) هەموو ئەم ئەفسانانە و گەزافانە هەڵدەوەشێنێتەوە.

4. کورد شارستانی نییە. کورد وەحشییە چونکە جاهیلە. تا وا نەزان بێ هەر وەحشی دەمێنێتەوە:

تا ئەم دەماری جەهلە لە لەش را نەکێشنە دەر
وەحشین و وەحشییانە هەموو شت خەرا دەکەن

مەعلوومن بەم قسانە وا قەومی بێ سەواد

وەحشین و بێ مەزییەتن و شێتن و لەگا دەکەن.

ئەی کوردی بێ ئەمان و بەش، ئەی جاهیلانی چارە رەش
خۆزگە و بە جوولەکە و حەبەش، یان وەحشییانی بەربەری

5. کورد پێشکەوتنی شلرستانی بە خۆیەوە نەدیوە چونکە نەبۆتە کۆمەڵگایەکی خوێندەوار و زانست و هونەر پەروەر. هەر شێوەی دواکەوتووی کۆمەڵگای پاتریارکی رەچاو دەکا , نیزام و عەقڵ و دەستوور و یاسا لای ئەو نەباوی هەیە نە نرخ. گەر ئادەم زیندوو بێتەوە وەحاڵی کورد بپرسێ، دەبینێ چۆنی بەجێ هێشتوون وەك خۆیانن و لە بەری هەموو دارێکی فیتنە و نەگبەتییان خواردووە، داری زانست و هونەر نەبێ:

دەزانێ ئەو کوڕانەی هیچ نەزانی
نەیاندیوە لە داری مەعریفەت بەر
وەکو خۆی چۆن بەجێی هێشتوون لە گێتی
وەها برسین و حەیران و قەلەندەر
وەکو و وەحشین لە جێگەی چەنگ و نینۆك
لە بەریان دایە بەد بەختانە خەنجەر
بەرابەر یەك هەموو یان شەڕ فرۆشن
کەڕو بێ چیز و داماون لەبەر کەڕ
نییانە جووڵە گەر کونکا عەدوویان
دەماری گیانی شیرینیان بە نەشتەر
بەڵا بۆ فەوتی یەکدی گورج و گۆڵن
وەکو شێر و پڵنگ و بەور و ئەژدەر

6. کوردەواری کۆمەڵگایەکی مردووە چونکە (زانست) شۆێنی خۆی تێدا نەگرتووە:

**کوردەواری بەدەردی بێعیلمی**

**وەکو مردووی زەمانە فەوتاوە**

بەشی یەکەم

# خۆناسین

## من و ژیان

که باوکیخۆشەویستی من وەکو گوڵ
به بای توندی ئەجەل ون بوو له ژێر گڵ
منالێ بووم له عومری هەشت و نۆدا
نەما رێگەم  له ژینی سەربەخۆ دا
شکا شووشەی شەرا بی عیززو نازم
له چڵ بەربۆوە گوڵغونچەی نیازم
فەلەك چەپۆکی قەهری دا بە سەرما
کراسی بێمرادی کرد بە بەرما
وەکو ئادەم له ناوەندی بەهەشتا
فڕێ بدرێ بە تەنیایی له دەشتا
منیش بەو جۆرە سەرگەردانو بێکەس
هە ژارو ڕووت و لات و مات و  بێدەس
له وەختێکا کە وەختی خوێندنم بوو
هەژاریی یارو تاڵع دوژمنم بوو
جل و بەرگێ نەبوو بیکەم بە بەرما
کلاّوێکم نەبوو بیکەم بە سەرما
گەلێ داماوو رووت ودەربەدەر بووم
لەنووری عیلم و دانش بێخەبەر بووم
برایەکم هەبوو مەحموود ناوی
گەلێ بەد بوو رەوشتی نابەراوی
له عومری هەژدە ساڵی بوو جەنابی
هەموو را وی قەل و مەل بوو حیسابی

خەریکی راوە سوێسکەو راوە کەو بوو گەڵێ لاسارو تووڕە و لاجڵەو بوو
لە جێگەی خۆشەویستیی و سەرپەرستیی هەموو توندیی و تیژیی و نادرووستیی
فەلەك خستمیە ژێر دەستی نەزا نیی وەکو لافاوی زل نەیبوو ئەمانی
ترش روو بوو لەگەڵ خێزا نی ماڵی ببووە عەبدی خەیالا تی بەتاڵی
خولاصە رەحمەتم گۆڕا بە زەحمەت چەما پشتم لە ژێر باری مەشیققەت
لە رۆژدا پێی دەکردم دەسکەنەی جۆ لە شەودا پێی دەخستم شین و رۆ رۆ
شکا دەستم لە ئیش و کاری ئەودا لە ژێر باری غەم و ئازا ری ئەودا
کە دەمگوت؛ ئای برا دەستم شکاوە لە تاوا نا لە چاوم خەو زڕا وە
جوێنی پێدەدام دەیگوت؛ هەتیوە دەڕا کە ئیشەکە وادەی تێپەڕیوە
ئەگەر نەبڕی لەبۆ خانوو سپیدا ر لەشت دەشکێ بە بەردوو مەترەق و دا ر
لە لای نرخی نە بوو فرمێسکی چاوم دەبوو ئیش کەم بەدەستی تێکشکاوم
لەبەر ئازاری زۆری گۆشت و ئێسقان دڵم پڕ بوو لە ئێش و مەینەت و ژا ن
هەموو شەو تا بەیان هەر دەگریام خودا پاکی هەیە کێ بێتە فریام
لە ناو دێدا هەبوو پیاوێ خەلیفە دەیان گوت زۆر خوداناسەو زەریفە
لەبەر سۆزی دەروونی پڕ لە دەردم ئەوەندە تێگەیم موحتاجی بەردم
بە گریان چوومە لای دەستم نیشاندا لە بۆم گریا سەرێکی بۆ تەکاندا
گوتی: رۆڵەم ئەتۆ دەستت شکاوە تەماشا بۆتە هێزەو ئاوساوە
عیلاجی گەر نەکەی مردن لە رێتە ئەجەل بۆ گۆڕی تازە چاوەڕێتە
لەگەڵما هاتە لای کاکم بە مەردی گوتی: ئاغا برا کەت سەختە دەردی
هەموو ئێسقانی دەستی تێکشکاوە لەبەر ئێش و ئەلەم فرزەی بڕاوە
خودا هەڵناگرێ ئەم دەستە وا بێ برا ت بەم دەردە بۆچی موبتەلابێ
دە زووکە هەستە جەراحێ پەیاکە عیلاجی ئەم برا یەی پێ نەوا کە
برام پێی خۆش نەبوو مەسرەف بکا لێم بە روو گرژو غەزەب هەستا گوتی پێم:
بڕۆ ئێستا (وسێنی فەرخە) بێنە دوو پەپکە قیر لە دەستت وەر بهێنە
ئیتر قیریان بە زۆر هالانە دەستم لە ئەستۆ دەستیان شێتانە بەستم
وەکو ئەو قیرە رۆژی من سیا بوو وجوودم غەرقی دەریای بەلا بوو


www.dengekan.com

هەتاکو هەژدە ڕۆژ ئەم دەستە وا بوو — لەتاوا نا  قەرارم لێ بڕا بوو
خەوو خۆراك وئارا مم نەما بوو — هەموو وردی زمانم ئەی خودا بوو
بەڵێ وەختێ کەئینسان بێ پەنایە — پەنا بۆ بێ پەنایان هەر خودایە
کە زانیم کەس نییە دەردم دەواکا — لە داوای ئێش و ئازا رم رەها کا
هەمیسان چوومەوە خزمەت خەلیفە — گوتم: ئەی مامە کاکم زۆر سەخیفە
کەگوێ دەگرێ  لە ناڵین و گرینم — لەلای وایە خەریکی پێکەنینم
وەها مەغرورە ناپرسێ  هەوا ڵم — لە بەر گوێیدەنگی زەنگە ناڵەناڵم
نەماوە تاقەتی  باری ژیانم — لە لەش پێمخۆشە زوو دەرچێ گیانم
ئەجەل بابێ دەمێ میوا نی من بێ — حەکیمی ئێش و ریش و ژانی من بێ
لە جەستەم گیانی شیرین رابکێشێ — هەتا چیدی هەموو جەستەم نەهێشێ
خەلیفەی پیری خاوەن دین و ویژدان — کە ئاوا دیمی دەستی کردە گریان
هەستا دەستی بەستووی کردمەوانێ — هەتا حاڵیمنی بێکەس بزا نێ
کە پەپکە قیری ڕاکێشا لە دەستم — لە تاوا نا نەما ئارام و هەستم
لەشان تا پەنجە  قۆڵم پڕ هەوا بوو — وەکو قیری سیا رەش هەڵگەڕا بوو
گەلێ گریا خەلیفەی پیر بە سەرما — گوتی کاکت دەبوو بمرێ لە شەرما
ئیتر مەردانە دەستی دایە نەشتەر — دڕیی دەستم  وەکو ماسی بە خەنجەر
ئەوەندە کێم و خوێن چۆڕا یە سەرخاك — لەبۆ حاڵم دەناڵی پاك و ناپاك
لە پاشانا تەواوی کردوو فەرمووی — لەبەر دەستی برای زاڵم لە دەست چووی
دەستی گرتم گوتی: هەستە بڕۆین — هەتا ماوی غەمی دەستت بخۆین
لەگەڵ̍من هاتە لای ئاغای برای من — گوتی: ئاغای بەنرخ و بەوەفای من
برات هەڵبەستنەوەی دەستی غەڵەت بوو — ئەگەر نەشکێتەوە دەستی سەقەت بوو
لەسەر تۆ فەرزە جەڕاحێ پەیاکەی — دەستی هەڵبەستیەوە, زەخمی دەواکەی
خودا هەڵناگرێ ئەم بێنە وا یە — دەبێ تا کەی بچێژی ئەم سزایە
لەسەر تۆ لازمە خەمخۆری ئەو بی — شەریکی خۆشیی و ئازاری ئەو بی
ئەتۆ بۆ ئەو لە جێی باوك حیسابی — لەبۆ کەمتەرخەمی-  هەی بێ بەلا̍بی
ئیتر فەرمووی خەلیفەی پاکی دیندار: — لە دێی بی̍مووش هەیە جەڕاحێ هۆشیار

ولاٌخی بۆ بەرن با بێتە ئێرە
عیلاجی دەردی ئەم داماوە خێرە

ئیتر( مام باوەمەڕ) جەڕاحی کوردی
کە هات و دەستەکەی دیتم بە وردی

گوتی ئەم لاوە ڕەش بوو ڕۆژگاریی
شکاوە دەستەکەی ناگاتە زاری

دەبێ ئەم دەستە تێك بشکێتەوانێ
کوڕەی بێ چارە ئەم هێزەی کوا نێ

هەموو قۆڵی لە کێما دارزیوە
گەڵێ ئازاری ناهەمواری دیوە

ئیتر جەڕاحی زیرەك چاروناچار
دەبوو گوێی خۆی نەدا تە بانگ و هاوا ر

لەگەڵ سێ کەس سواری شانی من بوون
بەبێ ڕەحمانە ئاوێزا نی من بوون

دەگەییە گوێی فەلەك دەنگی ئێسقانم
بەلاٌم سوودی نەبوو نالەو ئەمانم

شکاندیان دەستەکەم وەك جاری پێشوو
لە چاویا جێژنە بوو ئازاری پێشوو

بە قامیش و بەهێلکە و خامی تازە
دەستی هەڵبەستمەوە ئەو سەرفرا زە

لە دوو دوو مانگی ڕەق چا بۆوە دەستم
نەما بوو تاقەت و تینم کە هەستم

بەلاٌم چا بوونەوەیەکی ناتەوا و بوو
برینێکی زەلامی هەر لەناو بوو

دوو ساڵ ئەم زەخمە جێی کێم و هەوا بوو
لە داخانا گەڵێ حاڵم خەرا بوو

لە پاشا چوومە لای پیاوێکی زانا
حەکیمێ بوو لە جەڕاحی تەوانا

برینی دەستمی زل کرد بە دەرمان
بەدەرکەوتن بەزۆری وردە ئێسقان

هەموو ئێسقانەکانی لێ فڕ ێدا
مشەممایەکی خامی لێ گرێدا

کونێکی خستە سەر زاری مشەمما
لەوێوە تا برین بکرێ مووداوا

بە دوو هەفتە برینم هاتە چاکیی
نەما ئاساری کێم و دەردناکیی

گەڵێ شوکری ئیلاهی کرد زمانم
کە لەم گێژاوە راهی بوو گیانم

بەلاٌم گێژا وی زۆر زلتر لە پێشە
ژیان هەر ژا نەو ژین هەر کێشە کێشە

ژیان لەم سەر گەڵێ ناخۆش و تاڵە
ئەگەر خۆشی تیابێهەر خەیاڵە

مەگەر لەوسەر بەخۆشی رابوێرین
سلاٌوی بێپایان بۆ یەك بنێرین

دەنا لەمسەر لە دەست ئەم ماددییاتە
کە دەسکەوتی بەری صەدەدها خەباتە

برا دەرهەق برا ی خۆی بێوەفایە
بەهاوخوانیی تروبەو نارەزا یە

هەزاران حەیف و حەسرەت لەم جیهانە
لەژێر ناخۆشییا خۆشی نیهانە

لە گێتی خۆشەویستیی خۆشە تەنیا
بەهۆی ئەم ماددییاتە مردوو نەژیا

مەلایەك بۆ بەشەر گەر وا نە بایە        بە فەوتی یەكتری ئازا نەبایە

شكا بازاڕی یەكڕەنگیی شكاوە        وەفاداریی لەگەڵ یەك بەند و باوە

بەشەر یەكسەر هەموو جۆیایی ماڵە        لەگەڵ درهەم پەرستان ژین بەتاڵە

ئەوەی سامانی گێتی كەوتە دەستی        وەكو مردوویە نامێنێ چ هەستی

دەبێ چ بكەی لەگەڵ ئەهلی زەمانە        ژیانی گشتییان عەكسی ژیانە

هەتا لاتن وەكو مارن لە رێدا        كە دارا بوون وەكو مردوون لە جێدا

ئەمە رەمزی ژیانی سەر زەمینە        دڵی خوێنین لەگەڵ یەك ئاسنینە

دەبا بادەینەوە سەر باسی خۆمان        چلۆن ژیوین لەگەڵ كاكی تڕۆمان

ئەگەر چی ئەو لە ریزی ئەغنیا بوو        لەگەڵ خوشك و برا شێوەی جەفا بوو

لە مەرگە خاوەنی ئاش و زەوی بوو        لە پژدەر دەوڵەمەندێكی قەوی بوو

لە دێی دەشتێوی پژدەر بوو مەكانمان        لە ئەم سەرچاوە بوو گشت هۆی ژیانمان

بەڵام ئەو مڵك و ماڵی لا پەشم بوو        هەموو كرداری بەدكاریی و خەشم بوو

بەنی ئادەم كە رەش بوو ڕۆژگاریی        دەكا ئیشێ كە قەت نایە بەكاری

منی بێ كەس لەژێر چەپۆكی ئەو دا        بەشم غەم بوو لە چەرخی رۆژو شەو دا

ئەوا لەم دەردی مەرگی دەست شكانە        نەجاتم بوو بەسەد رەنجی زەمانە

بەڵام كاكم لەگەڵ من هەر بەلاً بەبوو        لە جامی بەد رەوشتیی دا كەلا بوو

وەها بێ رەحم و شەفقەت بوو لەگەڵ من        وەكو دوژمن بچێتە ماڵی دوژمن

لە وەختێكا كە گەیمە حەڤدە ساڵیی        دڵم پڕ عیشق و دەست و كیسە خاڵی

گەلێ پاڕامەوە من لەو برایە        كە رۆژی رەحمە دەورا نی وەفایە

گەلێ خێرە لیباسم بۆ پەیا كەی        لە دەردی رووت و قووتیشم رەهاكەی

كەوا و پانتۆڵی بۆ كردم بە مەرجێ        بكەم ئەو كارە ئەو فەرمووی لە هەر جێ

لەپاش ئەم مەرجە هەستا دەستی گرتم        هەتا لای دێبەری پشت ماڵی بردم

گوتی پێویستە ئەم بەردانە گشتی        لە دێبەر بەریەدەر ورد و درشتی

لە دامێنی زەوی بیكەیتە چیلە        وەها رێك تێینەچێ بێچووی پشیلە

ئەگەرچی بەردەكانی زۆرو گران بوون        پەڕاگەندە لەناو دەشت و تەلان بوون

بەڵام هێندە دڵم بەو جلكە خۆش بوو        لەلام ئەو كارە گەورە عیش و نۆش بوو

هەتا بیست رۆژی رەق ئەم بەردو دارە / هەمووی لاچوو کرا ئەم کارە چارە
ئەویش قاتە لیباسی دایە دەستم / لە پاش ئەم کێشە حاسڵ بوو مەبەستم
لیباسم کردە بەرم و وام دەزا نی / هەمە تەختی جەم و تاجی کەیانی
بەڵێ دەورانی گەنجی وایە مامە / دەروون پڕ جۆشە دڵ جێگەی غەرامە
لە دڵدا گەر نەبایە عیشق و هیوا / جیهان وێرا نەبێ بوو بێ سەر و پا
لە سایەی عیشق و هیوایە ئاوەدانە / هەموو قورنەو کەناری ئەم جیهانە
بەلاّم دیسان فەلەك لێم بووە دوژمن / برام جار جار دەسێنی ئەلبیسەی من
ئەسەف ئەم جلکە زۆری پێ نەوە خرا / بە زۆریی نەك بەخواهش لێم ستێنرا
جەنابی کاکە مەحموودی بەهیممەت / لە مەیدا نی سەخاو رەحما بەقیمەت
لەگەڵ جوانمێری ئامۆزای سوارن / خەریکی گەرد وش و را وو شکارن
کە چووبایە سەفەر ئەو سوارە خاسە / بە قین دەیگوت بهێنە ئەم لیباسە
ئیتر لێمی دەسەندن بێ بەهانە / دەبوو جوا نمێر لەبەرکا ئەم جلانە
سبەینێك جلکەکانیان لێستاندم / بە ئەم تەعدایە دڵیان تێکشکاندم
ئەوان چوون بۆ سەفەر من رووت و حەیران / دڵم عاجز لەجەورو قەهری دەوران
نەبوو شتێ کەوا پێی خۆش بکەم دڵ / چ بوو ئاهی دەروونم؟ عوودی مەنزیل
لە داخانا نەما صەبرو سوباتم / بەناچاری وەکو دز بۆی هەلاّتم
لەمەرگە چوومە دەر بۆ لای کەژو کێو / لە ڕێی سەرتەنگەوە تا گەیمە دەشتێو
نەوێرام زۆر لەدەشتێوا بمێنم / نەبادا چارەی کاکم ببینم
لەوێش دەرچووم و چوومە بلخوانێ / هەتا خوشکم بەدەردی من بزا نێ
لە بلخوان ماڵی ئاغایان نیشاندام / هەتا سێ شەو لە ئەو جێگایەدا مام
ژنی ئاغا بوو خوشکم لەو مەکانە / هەیان بوو ماڵی دنیا ئەو زەمانە
کە حوشکم دیتمی وا رووت و قوتم / ڕەش و رووت و ڕەق و تەق وەك بزووتم
سێ لیرەی زەردی کردە باخەڵێمن / بە ئەم پارە گەڵێ خۆش بوو دڵی من
ڕەفیقی موشفیقی ڕێگایە پارە / نیگاری شۆخی ناو جێگایە پارە
دەوا ی دەردو غەمی دەورا نە پارە / قەلاّتی کاتی لێقەومانە پارە
سیلاحی دەستی جەورو دادە پارە / چرای شەوگاری ئادەمزادە پارە


www.dengekan.com

لەوێش هەستام و چوومە شارباژێر هەتا خزمم بە حاڵی من بکا خێر
بە پارەی خوشکەکەم جلکم پەیا کرد لە شەرمی رووت و قووتی خۆم رەهاکرد
فیدای ئەو خوشکە بێ سێ صەد برای وا بەقوڕ داچێ نەمێنێ قەت بەلاّی وا
رەشید ئاغا کە خزمی گەورەمان بوو رەئیسی موشفیقی ئەو دەورەمان بوو
ئەویش چارەی برامی لا گران بوو لە داخی ئەو دڵی پڕ ئێش و ژان بوو
گەلێ لوتفی لەگەڵما کردوو فەرمووی لە جەوری کاکی ناپاکت بە قڕ چووی
گوتی خوشکم دەکەم لێت ئێستە مارە ئەگەر تێکدەی لەگەڵ کاکت ئیدارە
دەبێ میرا تی خۆتی لێ بسێنی ئەگەر نەیدا بە گوللە بیمرێنی
دەبێ بیکوژی و خوێنی بڕێژی لەمەولا زەهری ناکامی نەچێژی
ئەویش داوایەکەی بۆ من گران بوو وەکو کاکم هەموو سودی زیان بوو
ئەگەرچی ئەو برا یەی من لەگەڵ من رەوشتی وا بوو وەك دوژمن بە دوژمن
دوو نیوە ئاشی مەرگەی لێ فرۆشتین بە ئەم کردارە ئێسقانی کرۆشتین
لەپاشا گوندی دەشتێویشی دانا هەمووی خۆی خواردی و ئێمەی وەلا نا
بەلاّم ئینسانی خوارو بێ مرووەت لەرێگەیدایە کێشە و مصیبەت
بە گوللەی من نەمردوو خۆی لە گێژیی گلۆڵەی بەختی هاویشتە لێژیی
لە مەرگە و داودێ و دەشتێوی پشدەر نەما مولّکی بەقەد جێ نووکی نەشتەر
لەبەر بەختی رەشی گشتی بەبادا چەقۆی لاتیی بەجەرگی ئێمە دا دا
دەزانی بۆچی ئەم دەردەی بەسەر هات لە بن بنج و رەگ و ریشاڵی دەرهات
ئەوەندە ئەو هەژارە خۆش بەقا بوو کەسێ چی پێ گوتایە لای وەهابوو
لە بیرم دێ لە دەورانی منالّیی هەموو کاری برای من بوو بەتالی
ئەوەندە بەختەکەی پووچ و سیا بوو خەریکی کاری پووچ و بێ بەها بوو
کتێبۆکێکی دەستخەت کەوتە دەستی بەجارێ بوو بە ئەسبابی شکەستی
گەلێ وەفقی درۆی لێ نوسرا بوو لە بۆ تەفرەی نەزانان دانرا بوو
وەها بوو وەفقی پێشوویان کەهەر کەس بنووسێ ئەم دوعایانە و بەری دەس
بخاتە ژووری گوێچکەی ئەم دوعایە هەموو کارێکی جێگیر و رەوایە
دەبێ غایب لەدیدەی جنن و ئینسان هەموو ئیشێکی بۆ دەکرێ بە ئاسان

که کاکم ئەم دوعایەی کەوتە بەرچاو
گوتی ئۆخەی ژبانم بوو بەشەکراو

کە من ون بم لەدیدەی ئەم وە یا ئەو
بە رۆژ دەیکەم ئەوەی سەرناگرێ شەو

لەکاغەز وەفقەکەی نووسی لەوێ بووم
لە گوێی خست و بەدوویا روو بەرێ بووم

بەگورجی چوو لە بۆ مزگەوتی دەشتێو
لە لای وا بوو کەنابینرێ وەکو خێو

گوتی ئەی خەڵکە هیچ کەس چاوی لێمە
کەسێ چاوی لە دەست و پێمە

هەموو گوتیان ئەتۆ وا لێرەکانەی
چییە بۆ چی خەریکی ئەم قسانەی

لە پاشانا خەجاڵەت بوو بەلاّ چی
هەتا فەوتا لەسەر ئەم حاڵە رۆیی

ئیتر وازی نەهێنا لەو کیتابە
گوتی هەرچی کەتییێدا بێ صەوابە

درۆی ئەم دەفتەرەی گشتی لەبەر کرد
بە جارێ خاکی بەدبەختیی بەسەر کرد

گەلێ باسی لە بابەت کیمیا بوو
بە سەر پەنجەی نەزانان نووسرا بوو

بەلاّم مەحموودی بەد بەختی قەلەندەر
مەراقی کەوتە سەر بۆ کیمیا گەڕ

ئیتر بۆتەو هەمانەی لێ پەیا کرد
سەری تەسلیمی داوی کیمیا کرد

گەلێ سەیرە لەباسی کیمیا دا
کەوا سامان و ژینی بۆ  بە با دا

دەڵێ بێت و گیای سێ گوێ  وەبینی
لە مەنجەڵدا بەزۆری بیکوڵێنی

هەتاکو ئاوەکەی دەکرێتە دۆشاو
لە شووشەی دەی دەبێتە زێڕی نەخشاو

دەڵێ گۆگردی ئەحمەر گەر بهێنی
بە لاشەی پیرە قۆڕیدا بچێنی

هەتا ساڵێکی رەق بیکەیتە شووشە
دەبێتە شووشە ئاڵتوون بۆ هەمیشە

ئەگەر تا سەر بنووسم کارەساتی
تەواو نابێ گەزاف و تورەهاتی

ئەوەندەی قۆڕی و دووپشکە سووتاند
لەپاشا مەرگەمووشیشی پیا چاند

بە تەنیا چاوێکی مابوو کوێر بوو
لە رێگەی کیمیادا تووشی خێر بوو

نەملکی ما نەماڵی ما نە حاڵی
دەست لەملان بوو لەگەڵ بووکیخەیاڵی

لەسەر خۆشباوەڕیی خاکی بەسەربوو
بە جارێ تووشی گێژا وی خەتەر بوو

نە رەحمی بوو نەچاکەی بوو نە ویژدان
سزای کرداری خۆی کەوتۆتە گیرفان

برایانی بەنرخ و تێگەیشتوو
هەوالأنی بە رێزو  پێگەیشتوو

گومانتان وا نەبێ ئەم دا ستانە
لە بۆ دەرخستنی نوتق و بەیانە

ئەمە ناڵەی دەروونی پڕ لە ژانە
بە سەرهاتێکی ناخۆش و گرانە


www.dengekan.com

نموونەی ئێش وئازاری منە و بەس ژیانی پڕ لەهاوا ری منە و بەس
ئەوا ئەم داستانەم خستە دەفتەر هەتا زیندوو بمێنێ تاکو مەحشەر
ببێتە پەندی عیبرەت بۆ برا یان هەتاکو نەچنە ریزی بێوەفایان
لەگەڵ کەسدا نەکەن قەت سەرگرانی لە گوێ نەگرن قسەی نادان و جانی
برای من بۆیە رەش بوو رۆژگاری گەلێ ڕەق بوو دڵی وەك بەرد و داری
لەلای ناڵەی هەژاران دەنگی نەی بوو براو خزمی لەلا مانندی سەی بوو
ئەوەندە گوێ لەمست و خۆش بەقا بوو بەبێ ماڵی و بە کوێری موبتەلا بوو
دەبا جارێ لەوێ بێ کوێری ئەحمەق بچین بۆ لای رەشید ئاغای دڵ رەق

## بۆ پاکی نییەت

من موعتەقیدی صۆفیو دەرویش و مەلا نیم
پاکی نییەتم لازمە، وێنەی جوهەلا نیم
نانووسمەوە نووشتەی سوتانی پەری و دێو
دەربەستی حەقی نووشتەو جۆیایی کەوا نیم
ناکەم لە کەس مارە لە بۆ پارە ژنی کەس
مونکیر بە ئەحادیسو بە قورئانی خودا نیم
وەك صوّفی لە سەرما نییە سەرمای شەقاوەت
هەرگیز بەڵەدی ڕێی هەوەسو مەکرو هەوا نیم
سازندەیی ناکەم وەکو دەرویش بە بڕوێش
بۆ قەومی بەڵا دیدە منیش باری بەڵا نیم
جەردەم نییە بۆ کەسبی شەرارەت وەکو ئاغا
جۆیایی نەمانی گەل و گریەی زوعەفا نیم
ناکەم بە درۆ مەدحی نەزانان لە حزوورا
ناحەز بە ریابازم رازی بە ریا نیم
خوو نادەمە خەو بۆچی؟ لە بۆ کەسبی زەکاوەت
گەنجی ئەبەدی هەر ئەدەبە شێتی غینا نیم
ناڵێم نییە سا نیم لە گرۆهی ئودەبادا
کوردێکی قەلەندەرم و لە دەستەی ئودەبا نیم


www.dengekan.com

ئەم شیعرە سیلاحی منە بۆ چاکەو ئیصلاح
غەیرەز ئەمە چارەم نییە مسکێنم و شا نیم
رێی چاکە لە قەومت ونە (فانی) وەکو عونقا
ناحەق نییە بەم جەژنە کەبێ شین‌و هەرا نیم

## مـــــــن

نە ئاغام‌و نە کوێخام‌و نە شێخم
لیباسی موفتە خۆرانم لەبەربێ
بە سەرمەستی‌و پەستی رابوێرم
سەرم وەك بەردی رێگا بێ خەبەر بێ
لەگەڵ دوژمن بەدیناری بسازم
ولاتم گەر هەموو زێڕو زەبەر بێ
هەژاری لات‌و گریانی هەژران
نەکەم سەیرو لە دڵما بێ ئەسەر بێ
هەموو غایەم لە گۆشەی نیشتمانا
بەدەست هێنانی ماڵ‌و عیلمی جەڕ بێ
لەچاکەی هاو زمانان چاوو گوێچکەم
هەتا گیانم لە بەربێ کوێرو کەڕ بێ
بەناو خەڵکا گەڕانی من بە تەنیا
لە رێگەی دەست بڕین‌و فێڵ‌و گەڕبێ
سەگی نەفسم وەکو ورچی قەڵەو بێ
بە زاهیر گەر وجودیشم لەجەڕبێ
هەموو تەزویرو زۆرو دوو زمانیم

لە بۆ نێكو مریشكو بزنو مەڕ بێ
لەسەر كیسەی گەلو داهاتی كۆمەڵ
مریدو نۆكەرم فێری لەوەڕ بێ
لەناو دێ تۆوی شۆڕو شەڕ بچێنم
هەتا خێری نەسیبی من لەشەڕ بێ
رەفیقو خۆشەوستی من كەسێ بێ
كە خاوەن چێشتی چەورو زیوو زەڕ بێ
تفو لەعنەت لەوانەی وایە دڵیان
كە خۆیان شادو گەلیان دەربەدەر بێ
دەبێ لاوی شەرافەت مەندو ئازا
وەكو باخێكی پڕ سایەو سەمەر بێ
لە رەفتارو لە كردارو زمانی
هەموو كەس شادمانو بەهرەوەر بێ
لە رێی پارێزگاری نیشتمانا
زمانی نەشتەرو سینەی سوپەر بێ
لە مەیدانی خەتەردا رابوەستێ
نەهێڵێ نیشتمان تووشی خەتەر بێ
بەرابەر خوێن مژانو نابەكاران
گەشو خۆڕاگرو پۆڵا جگەر بێ
لە شەوگاری بەسەرهاتا نەشەمزێ
لە رۆژانی هەرادا كۆڵ نەدەر بێ
بەرابەر لاوەكانی كوردی ئازا
لەخانەی خۆشەویستیدا پدەر بێ

لەگەڵ خاوەر نشینانا بسازێ

نەیاری خوێن مژانی با خەتەر بێ

دڵی پڕ خۆشەویستی نیشتمان بێ

سەری پڕ جۆشی سەربەستیو زەفەر بێ

**من**

نە ئاغای دێم ونە کوێخای گەڕەك

پارە بستێنم بە زەبری کوتەك

نە ئەسپم هەیە نە تفەنگی بڕنەو

نە چەتەم هەیە بۆسەر ئەم وئەو

نەدزم هەیە نە درۆزنم

لەگەڵ هەردوو لا وەکو دوژمنم

خۆم ڕەنج دەکێشم بۆ تەئمینی نان

دەست درێژ ناکەم بۆ نانی دوونان

ئەو نانە نانە هی ڕەنجی شانە

دز درۆزنە زاڵم نەزانە

**هاواری بلبلی نیشتمان**

دوێنێ لەسەر چڵی گوڵ, بلبل بەری بەیانی

کردی بەسۆزی سینەی, هاواری نیشتمانی
ئەی کوردە, هەستە هەستە, بێکارە پەستە پەستە
ئەم بەستە, بەستە بەستە, گەر هیچی لێ بزانی
هەنگامی راپەڕینە, نووستن زیانیی ژینە.
جاهیل بەشی گرینە, بۆ ژیرە شادومانی,
ئەم وەختە زیوی خاوە, بێگانە بەو پیاوە
ماننەدی کانیاوە.. دەڕوا بەبێ وچانی...
لەم ئاوە تا نەنۆشی, بێ هۆش و گۆش و جۆشی,
شێتێکی بێ پەرۆشی, کوێرێکی, شارەزا نی,
لەم وەختە کۆمەڵی کورد, زۆر بێ بەشن زل و ورد,
هەرکەس کەوەختی ون کرد نێزیکە مل شکانی..
ئەی بەچکە شێری کوردی, هەستن بەدەست و بردی,
وردی بکەن بە وردی, دەزگایەکەی نەزانیی,
بۆ گەنجی بەختیاریی هەوڵدە تاسواری,
تاکەی بە نا لەباری, بڕوا دەمی جوانیی,
ئەم خاکی نیشتمانە, دەشتێکی پڕ لە کانە,
تا گەل وەها نەزانە, گەنجێکە زۆر نیهانی
ئەم رۆژە رۆژی کارە, بێکارە زۆر هەژارە
هەر کەس کە هوشیارە, هەروا دەڵێ زمانی,
ئەی کوردە بەسیە ماتی, تاکەی دەژی بە لاتی,

خۆت گورگی ناو وڵاتی, خۆت ماری ئاوەدانی,
تا کۆمەڵت وەهایە, ڕۆژت شەوی سیایە,

**سەربارەکەت جەفایە, ژێرباری دوژمنانی,**

**هەرچەندە کوردی گوردی, کێ وا زەبوونی کردی,**

**کوا هۆش‌و دەست‌و بردی, کوا جۆشی گیان فشانی,**

**کوا لەشکری شکارت, کوا لاوی هۆشیارت,**

**هەر بەم زوانە کارت, جێگیرە جاویدانی,**

**ببیەن لەمن بە گوێی دڵ, بێ کەڵکە ژین وەکو قوڵ,**

**پڕ کەن لە باسی زل زل, تۆماری زیندەگانی,**

**بێکارە دامەنیشە, وریا بە ڕۆژی ئیشە,**

**ئازا بژی هەمیشە, پێویستە پاڵەوانی,**

**ئەم ئاوو خاکە پاکە, وەك زێڕی تابناکە,**

**خۆی بۆ فیدا کە کاکە, زۆری بەزل نەزانی,**

**ئاسۆس و پیرەمەگروون, بۆ کەهکەشان کە هەڵچوون,**

**باش تێدەگا دڵی روون, ژوور دەستی گورگەکانی,**

**((کورکوڕ)) لەگەڵ ((بلۆقین))[1] شوورەی کوڕانی جەنگین,**

**دوو قوللەیی خوداییین, بۆ ڕۆژی پشتیوانی,**

**بۆمباگەلی فڕۆکە, وێنەی تەقینی نۆکە,**

**لەوجێیە دوژمنۆکە, بێ سوودە راپسانی ,**

**گەر رێك و پێکە گەلمان, هەمرەزمی بازە قەلمان,**

**شەڕکا جیهان لەگەڵمان, ئاسانە تێك شکانی**

**نەخوێندەواری بەد خوو وەختی هەموو لەدەس چوو,**

**ڕیشی درێژە وەك جوو, لێیدەی نییە تەکانی,**

**دەردی نەخوێندەواری, دەردێکە سەخت و کاریی,**

---

[1] دوو چیان لەناوچەی مەرگە.

**نەکرێ هەتاکو چاری, بێ چارەیی جیهانی,**

**نەخوێندەواری هەرزە, بێ موغزە لووتی بەرزە,**

**لێی لادە ماری عەرزە, پڕ زەهرە ئیستیکانی,**

**بۆ فەوتی خزم و کۆمەڵ, غەوغا دەکا وەکو قەل,**

**گەر بێت و پێی نەکەی شەل, پەیدا دەبێ زیانی,**

**ئەی کوردە زۆر درەنگە, زانین قەڵاتی سەنگە,**

**گەر جوویە گەر فەرەنگە, زانینە پاسەوانی,**

**تاکەی نەشارەزا بین, هەردەردی بێ دەوابین,**

**ڕیسوایی هەر دوو لا بین, وەك سەرگەلانی جانی,**

**ئاخ ئەی نەزانی سەروەر! بۆچاوی گەلتی نەشتەر**

**وەك لاشەیەکە بێ سەر, کۆمەڵ کە تۆی شوانی,**

**ناکۆکیی‌و درۆیە, کرداری باشی تۆیە,**

**هەروا ژیاوی بۆیە, مادوونی دوونەکانی,**

**ئاهو هەناسەیی گەل, گەردوونی کردە دووکەڵ,**

**ئەی پیرە گورگی کۆمەڵ, بڕوانە تەمتومانی,**

**ئەی سەرگەلی کەل و کۆم، خۆم لێ مەکە چەل‌و چۆم**

**سووتا دڵم وەکو مۆم، بەس بگرە ڕێی فیغانی,**

**تۆ دوژمنی هەژاری, هەمبەزمی نابەکاری,**

**وەك ماری دێمەکاری, خواهانی پێوەدانی,**

**تا تۆ بژی لە ناو گەل, هەر زۆرە زۆر و گێچەڵ,**

**بۆ سەربڕینی کۆمەڵ, وەك شێری قارەمانی,**

**تا زۆرە مڵك‌و ماڵت, هەر کەم دەکا کەماڵت,**

**تاکەی وەکو گەماڵت, ڕێگیری کوردەکانی,**



www.dengekan.com

ئەم دایکی نیشتمانە, گریەی لە دەس نەزانە,

کەی بۆ جلی کەرانە, دێبایی ئەمریکانی,

ئەی کردگاری بینا, ئەی داوەری تەوانا,

پێمان ببەخشە زانا, ناخۆشە زۆر نەزانیی,

سەرگەل دەڵی گەلی کورد, خوا بۆ منی دروست کرد,

هەندێ لە بۆ گڵی پرد, هەندێ لە بۆ سەپانیی,

گەر ئاوو ئەرزو ماڵە, هی خۆمە بۆم حەڵاڵە,

مسکێن وەکو گەماڵە, پێویستە دەم شکانی,

هەرکەس بڵێ کە نێرم, شەو بۆسەری دەنێرم,

بەم جۆرە جەورە فێرم, دەستووری ئاڵمانی,

ئەم کوردە بێ نەوایە, بێ پشت و بێ پەنایە,

رەحمێ بکەی خودایە, نەختێ بدەی ئەمانی,

سەد بای موساعید ئەنگوت, ئەم کۆمەڵەی رەش و رووت

خونچەی دڵی نەپشکووت, هەر گڕ دەچێ ددانی,

هەرچەندە جۆی ئیعانە[1] بۆ کوردە رووتەکانە,

ئاغاگەلی زەمانە, بردیانە ژوور مەجانی,

هاواری قەندو قاوە, بێ سوودە بەندو باوە,

گەل پاکی بەش بڕاوە, سەر گەل عومومی هانی,

هەر چاکەیە حکوومەت, کردی لەگەڵ رەعییەت,

ژووردەستی بێ مرووەت, ئەوساتە کردی فانی,

ئەی کۆمەڵی هەژاران, ئەی چاوی خاکە ساران,

[1] لەساڵی 1942 لە بەر بڵاو بوونەوەی گرانی و برسێتی حکومەت جۆی دابەش دەکرد بۆیارمەتی خەڵك، بەڵام بەشی زۆری لەلایەن مەئمورەکان و ئاغاکانەوە دەبردرا. (کەمال)

**برژێنن میسلی  باران, فرمێسکی ئەرخەوانی,**

**تەڕکەن بە خوێنی چاوتان، چۆغەی شڕو دڕاوتان,**

**تا بەڵکە بێتە ناوتان, مەردێ بە میهرەبانی,**

**ئەم حاڵە تاڵە لادا, ئەم زوڵمە زوو بە بادا,**

**رووکا بەلای گەدادا, رۆشن بکا ژیانی,**

**مەئمووری بێ مرووەت, هەردەم بە زەبری ریشوەت,**

**مەغدوورەکان دەکا پەت, وەك جانیانی زانی,**

**خوێندن کە بۆ دراوە, تێی هەڵدە بیخە لاوە,**

**هەرکەس کوڕی پیاوە, نابێتە یاری نانی,**

**حەیفێ نییە ((لینینێ))، کوردیش وەها ببینێ,**

**تاوداتە شیری قینێ, وەك شێرەکەی شەڕانی,**

**بۆ سەربڕینی ناکەس, فەرمان بدا نەڵێ بەس,**

**تاخوێن دەچێ دەساو دەس، ماننەدی ئاوی کانی,**

**ئەوخوێنە گەرمە تازە, بۆ رووی ژیانە غازە،**

**ئەو دەستە سەرفرازە، تا دەستی بوو وەشانی,**

**باغێ کە پڕ لە خارە, ئەو خارە پڕ لە مارە**

**ئەو مارە پڕ لە ژارە, بۆ مەرگی باخەوانی,**

**ئەی باغەوانی میری، زوو هەستە زوو کە ژیری,**

**بێ سستیو زویری، دەربێنە بنکەکانی,**

**هەر چەندە ئەو گیایە, خاوەن گوڵ و گەڵایە**

**تۆوێکی بێ وەفایە، سوودی ژیانە مانی**

**ئەی خاوەنی زەمانە, بۆ چیتە ژین ژنانە,**

**هەر ژانە ئەم ژیانە، بڕوا بەبێ نیشانی,**


www.dengekan.com

**شادی بە سوودی گەل کە, عیفریتی فیتنە پەل کە,**

**ماننددی کاوە هەلّکە, بەیداغی کاویانی,**

**تەن پەروەری و خەوی خۆش, جێگەی زیانە بۆ هۆش,**

**تا دەردی سەر نەکەی تۆش, بۆدەردی گەل دەوا نی,**

**دینارو درهەمی تۆ, بۆ کۆمەلّی غەمی تۆ,**

**بەس غەم بخۆ دەمی تۆ, وەك ئاوە بۆ رەوانی,**

**ژینێکی شەصت سالّیی, پڕ کێشە کێش و تالّیی,**

**دەیکا پیاوی حالّی, قوربانی قارەمانیی,**

**ئەی کۆمەلّی بە ڕاپەر, هەر مەرگە ژینی بێ فەڕ,**

**تاکەی دەنووی وەکو مەڕ, خۆهەلّکە بۆ بەرانیی,**

**وریا بە رۆژی مەردە, بێکارە پردی بەردە,**

**هەرئاخ و داخ و دەردە, کالاّیی کاروانیی,**

**بخوێنە خوێندنەو بەس, ناکەس دەباتە جێی کەس,**

**بۆ دەولّەمەندو بێدەس, فەیزێکە ئاسمانیی,**

**تا وا نەشارەزا بی، پێویستە هەروەها بی,**

**زۆر عارە تۆ رەزا بی, بەم کیسوەتەی نەزانیی,**

**بۆ گەل کەوا هەژارە, نالّەم بە ئاشکارە**

**وەك ئاوی سەرچنارە، لێشاوی چاوی ((فانی))**

*　　*　　*

## پەندی لاوان

جەهلو نادانیی لەگەڵ عەقڵو زەکا تێکەڵ مەکە
زەهری ناکامی لەگەڵ ئاوی بەقا تێکەڵ مەکە
ناری بێشەرمیی لەگەڵ نووری حەیا تێکەڵ مەکە
شامی  ناپاکی لەگەڵ صوبحی سەفا تێکەڵ مەکە
ژین بە بەدناویی لە گێتی مەرگە هەرگیز وا مەژی
تێگەیشتن واجیباتی تۆیە ناوریا مەژی

شەربەتی مەعنا بنۆشە, مەشقی نادانیی مەکە
دەستی هەمبەزمی لە دەستی جاهیلی جانی مەکە
گەنجی بێ رەنجیش مەحاڵە, خوو بە ئاسانی مەکە
گیانی مەعنا دەرخە ئاساری ئەدەب فانی مەکە
بێ ئەدەب شەرمەندەیی دونیایە عوقباشی نییە
غەیری بەد فیعلیو شەرارەت یارو ئەولاشی نییە

دڵ لە ناو بۆتەی ئەدەب بتوێنەوە مەردانە بە
بۆ حصوولی گەنجی مەعنا صەد زمان وەك شانە بە
نووری مەقصەد بگرە بێ پەروا وەکو پەروانە بە


www.dengekan.com

شەهدی کۆمەڵ زەهری دوژمن شەمعی خاوەن خانە بە
بۆ بڵندیی مڵك ومیللەت هەروەك و شێرانی مەست
شێری زانین بۆ شەڕی دێوی نەزانین بگرە دەست

چەرچڵ و غاندیو مەعصوومت هەروەك و تۆ ئادەمین
نەخشەیان بۆ وا دروستەو عەزمیان وا ئاسنین
دەفتەری زانینە بێ شك, پێی وتوون مەعنایی ژین
قەومی بێ مەعنا لە سایەی باغی ئازادی بەرین
کوردە تۆش ئینسانی وەك ئەم خەڵکە نوتفەی ئادەمی
بۆ لە ناو مەیدانی ناوا هێندە بێ قەدرو کەمی

زیرەکان مردوون و ئێستەش بەرزە قەدرو شانییان
باقییە ئاساری جەهد و عیززەت و جەولانییان
نادر, (پیتر)و, شەڕەڵ تەئریخە مەدحەتخوانییان
شەهدی ئاساری فتووەت, بۆتە قووتی گیانییان
زیندووە تا رۆژی مەحشەر ناوی مەردانی دلێر
شێر لە حەیواناتە ئەمما جورئەتە کردی بە شێر

سەعدیو خەییام و صائیب, گەر جەسەدیان بۆتە خاك
رۆحی ڕۆشنیان دەبێژێ : گەنجی عیرفانین چە باك
غایەیی ئەشرافە تا مەیدانی مەحشەر ناوی چاك
جەننەتولمەئوایە جێگەی گیانی زانایانی پاك
باغی جەننەت وا نەزانی بۆ کەرو بۆ گا دەبێ
وا دیارە کەر نەسیبی هەر لە پووش و کا دەبێ

هەر کەسێ ساعی نەبێ بۆ خزمەتی قەوم و بەشەر
وەك درەختی ژاڵە تاڵە ژینی بێ سوود و سەمەر
وەك ئەدیسۆن با فەقیریش بی بخۆی خوێنی جگەر
گەوهەری دانش, لە کونجی گەنجی خاتر بێنە دەر
ژین بە ژیریی خۆشە مردن چا کە گەر شێتانە
نووستن و پۆشین و نۆشین جوملە پیرێژنانەیە

ئەم جیهانە هەروەکو دەریایە عیرفان کەشتییە
قەومی بێ کەشتی لە بەحرا مەحوە رزگاریی نییە
فەوتو خنکان و ڕەزالەت خاصە هەر بۆ عامییە
کوردە غافڵ دامەنیشە, جاهیلیی بەدنامییە
تۆوی غەفڵەت بێمرادیو فەقرو ژانە بەریەتی
موددەعی دایم سوارەو قەومی جاهیل کەریەتی

کەوشەك و سێ باز و شایی خاصە بۆ تەفریحە بەس
عومری خۆی نانێ لە رەهنی چرپ و چۆپو لەهوو کەس
راکە بۆ شەهدی مەعانی جوست و جۆ کە وەك مەگەس
وەرمەگێرە ڕووپەری زانین هەتا  ئاخیر نەفەس
گەر لە زانین لا بدەی داوی نەزانین دێتە ڕێت
تۆ ئەسیری دێوی جەهل و موددەعی خۆشدڵ بە جێت

دەوڵەمەندی بێ زەکا هەروەك درەختی بێ بەرە


www.dengekan.com

خانەدانی بێ تەفەننون میسلی جیسمی بێ سەرە
دەوڵەمەندیی، خانەدانیی، پەشمە جەوهەر جەوهەرە
ناڵی کەر نوقرەو تەڵا بێ, هەر وەکو جاران کەرە
دەوڵەمەندی جاهیلی ناکەس بە دەوڵەت کەر دەبێ
نایەوێ مەشقی شەرافەت فێری عیلمی جەڕ ئەبێ

گەر لە هەورازی نەزانی سەرکەوی مەردانە وار
جەننەتی زانین مەکانی تۆیە لێی دەگری قەرار
دەردی مەرگی ملك و میللەت جەهلە، نەیکەی ئیختیار
گەروەکو سوقراتی زانا, پێت بنۆشن زەهری مار
روو لە مەعنا وەرمەگێرە عالم و زانا بژی
هەر وەکو مەردانی عالەم حوڕ بژی ئازا بژی

عیلمە ئەسبابی تورەقی قەوم و سەربەرزیی بەشەر
عیلمە رووناکیی ژیان و لابەری جەهل و کەدەر
عیلمە حەربەی ئینتقام و ئایەتی فەتحو زەفەر
چی بلێم, هەر عیلمە زێڕی بۆ لە گڵ هێنایە دەر
هەر کەسێ ئەمڕۆ لە گێتی عیلم و عیرفانی نییە
پەستە هەر وەك خاك و ڕێگەی فیکرو جەولانی نییە

گەنجە گەنجیت گەنجی وەختە رۆژو شەو نەیکەی خەسار
حەیفە زۆر ئەو گەنجە بکرێ سەرفی بەدفیعلیو قومار
گەر ئەدیب و تێگەیشتووی تا محەللی ئیحتیچار
عاشقی گوڵ دەستەیی مەعنایە ماننەدی هوزار

شەو مەنوو، ڕۆژ دامەنیشە, کەسپی ئینسانیی بکە
دڵ بە نووری ڕۆژی زانین پاك و نوورانی بکە

کوردە تاوا غافڵین کەس نابیە هاوارمان
سستیو جەهلە بزانە, دوژمنی بەدکارمان
بوو بە مایەی دەردی سەر گوفتاری بێ کردارمان
گەرچی کەوتووشە لەبەر بە دبەختیی ئەمرۆ بارمان
یەئس و نەومێدی فڕێدە, پشت لەڕێی هیوا مەکە
وا بکەی هەروا دەمێنی وا مەمێنەو وا مەکە

بیخە ناو کالانی دەم تیغی زمانت فانییا
گەییە ئەوجی ئاسمان دەنگی فیغانت فانییا
پەشمە ناڵەو شین و گریەو ئەلئەمانت فانییا
گەرچی بێ کڕیارە دوڕڕی شیعرەکانت فانییا
با بڕێژێ دورجی زارت, دوڕڕی بێ ماننەی پەند
خاصە بۆ لاوانی زانا, باشە پەندی سوودمەند

## بەیانی گرانیو نەزانی سالّی 1943

**ئەمە دەورانە یا ئاخر زەمانە**

**تەمی غەم دێ هجوومی بێ وچانە**

**گرانی بۆتە هەم بەزمانی نەزانی**

**چ بەزمێ بەزمی فەوتانی نەزانە**

**بە زۆری دەستی جەللادی نەزانی**

**خەریکی قەتل و عامی کوردەکانە**

**دلّی زالّم لەحەق مەزلّوومی بێ کەس**

**وەکو تاوێری سەختی کوێستانە**

**نە مالّی ما نە ملّکی ما وەکو مەل**

**هەموو زادو زەخیرێکی فیغانە**

**ستارەی بەختی کوردانی قەلەندەر**

لەژێر هەوری خەفەت باری نیهانە
شکۆفەی باغی ئیقبال و سەعادەت
زەعیف و هەڵوەریوی بای خەزانە
لەبەر زۆری نەزانیو تەنگدەستیی
هەموو دەستێ خەریکی دەست شکانە
نەزانان بوونە گەورەی موڵك و میللەت
زەمانی ناکەس و جەژنی نەزانە
لەژێر باری جەفادا پشتی لاوان
بە کوڕیی هەروەکو ماڵی کەوانە
وەرە گوێ بگرە کاکی من لە هەرلا
سەدای گریان و دەنگی ئەلئەمانە
گەڕانی ئاشی لافە بەزمی زاڵم
بە ئاوی چاوی لاوی نیشتمانە
لە بۆ دروێنەیی زرعاتی هیوا
هەتا سەیری بکەی ئاگر سەپانە
هەموو شیرازەیی جەمعییەتی دڵ
لە سەختیدایە گیرۆدەی پسانە
لە هەرلا دەوڵەمەندی بێ مرووەت
خەریکی دەسبڕینی ڕووتەکانە
ئەگەر ملکێ دووسەد دینارە نرخی
بەدینارێ دەڵێ: وەی چەن گرانە

بەزێڕی دەوڵەمەندو زۆرری زاڵم
ئەهالی دوور لە ڕووناکی ژیانە
بە تیرو خەنجەری شیری نەزانی
بریندارین و دڵمان پڕ لە ژانە
بینای ژینی ئەهالی (مەرگە) ئەمرۆ
میسالی جمگەکەی ((هەرمێ رەشانە))[1]
ئیتر مافەوقی ئاسۆسی تصور
ئەهالی بێ نەوا بێ جێو مەکانە
هەموو کردارو کاری بێ پەنایان
گرین و شین و خانوو- هەڵوەشانە
رەوەی میللەت سەلامەت کەی دەمێنێ
سەراسەر قوڕ بە سەر گورگی شوانە
لە ژێر تیغا دەبینێ زوو سەری خۆی
لە مێگەلدا ئەگەر یەکیان بەرانە
وەکو رێوی کە کەوڵی خۆی عەدوویە
عەزابی گیانی میللەت ملکەکانە
لەلای زاڵم شەرافەت یا شەجاعەت
نەمانی قەوم و جۆگەی خوێنرژانە
لە هەر ئاقارە زاڵم بۆتە ڕێوی
ئەهالی وەك فرووجی بێ زمانە

---

[1] هەرمی رەشان: زەوییەکە لە ((مەرگە)) لەبەرئەوەی جمگەیە هەر ساڵە بەشێکی لێ دەخزێ

**بەسە ئەی زاڵمی بێ ئابڕوو بەس**

**فرێدە خووی سیباعیی داوەشانە**

**ئەگەر تۆ ئادەمی، وەك ئادەمیی بە**

**بەشەر بۆ شەڕ نەخوڵقاوە، بزانە**

**بڕینی نانی مەزڵوومانی عاجز**

**لە ئەژنۆ نەشتەری شێتانە دانە**

**بە قانوونی شەرەف ناکەس کەسێکە**

**کە مەسرووری بە مەغدووری کەسانە**

**بزانە ئەم جیهانەی تۆی لە ناوی**

**کوشندەی پاکی ئەبنایی جیهانە**

**ئەجەل دەگرێ یەخەی شاهو گەدامان**

**ئەگەر ئەم خەڵکە پاشا یا شوانە**

**کەوا بێ بۆ بەشەر گەنجی دوو عالەم**

**لە عالەمدا بەخۆشیی خۆی ژیانە**

**نەڕێژی وەك نەزانان ئابڕووی خۆت**

**لە ژینا بەهرە ئەخلاقی جوانە**

**کەسێ مەردە وەکو مەردانی عالەم**

**بە دڵ جۆیایی چاکەی نیشتمانە**

**لە ڕێی میللەت پەرستیدا نەمانت**

**کەماڵی فەخرە ژینی جاویدانە**

**تەماشا قارەمانانی قوتب کە**

**لە ڕێی عەزما چ چالاکن ئەمانە**

**لە زوڵماتا لە بۆ جەلبی مەقاسید**

**فیداکاریو مەشیققەت پیشەیانە**

**دەنۆشن شەربەتی مەسمومی وەحشەت**

**لە سەد چلیان کەبابی وەحشییانە**

**ئەمانە یەك بەیەك شاگردی عیلمن**

**لە ڕێی شەئنا دەڵێن مردن ژیانە**

**عیلم بخوێنە شاگردانی زانین**

**ئەدیسۆن و ئەرستۆو ماجەلانە**

**برادەر بەینی زانین و نەزانین**

**میسالی  ئاسمان و ڕێسمانە**

**بەبێ حەربەی زەکا ئەولادی ئادەم**

**وەکو حەیوان بێ هۆش و جەبانە**

**نەزانی وەك شەوی تاریکە ئەمما**

**بەبێ شك عیلمە ڕووناکی بەیانە**

**چ قەوما، قەومە بۆچی وانەزانن؟**

**نەزانیی گەر نەفەوتێنن زیانە**

**قەڵەم بشکێنە فانی، بدڕە دەفتەر**

**زەمانی شێتییە، کەر پاڵەوانە**

**وەتەن لە خەتەر دا**

1945

وەتەن کەوتۆتە ژێر پەنجەی جەفا ئەهلی وەفا چیبوو
نەزانی زوڵمەتی هێنایە دی رۆژی زەکا چیبوو
یەکایەك زاڵمی ئەم عەسرە فیرعەونی زەمانێکن
لە بۆ تەئدیبی ئەم غۆلانە موساو عەصا چیبوو
خیلافی شەرع و ویژدان و عەدالەت ئیش دەکا جاهیل
چ رووی‌دا موعقهی عالم حەدیسی مستەفا چیبوو
لە جێی زانینە چێ گرتوو نەزانین و خەتا کاریی
وەتەن بووە ژووری کوندو قەل, شەقەی باڵی هوما چیبوو
بە بۆنی غازی ناکۆکی‌و نەزانی جوملە خنکاین
لە گوڵزاری ئەدەب هاژەی نەسیمی گیان فزا چیبوو
بە ناسۆری نەزانی جوملە بێ ناونیشان مردین
چ قەوما قەومە غەفڵەت بەسیە هەوڵی ئەزکیا چیبوو
لەگەڵ کەس کەس ئەبەد نەیماوە فیکری باش و حوسنی ڤن
موقابل  ئاشنا رەحم و خلوصی ئاشنا چیبوو
لە گوڵزاری زەمانا دێتە بەر گوێم دەنگی پاساری
چریکەی بەربەیانی هوزاری خۆش نەوا چیبوو
لە مەیدانی شەجاعەت لافی شێری لێ دەدەن ڕێوی
صەدای ڕێوی فرێنی شێری مەیدانی هەرا چیبوو
بەتیقۆسی نەزانی گەل هەموو کەوتۆتە جێ فانی
دەوا زانستە نازانن دەڵێن وەی وەی دەوا چیبوو؟

ئەسراری دڵ ..

(پێنج خشتەکی)


www.dengekan.com

ئەی مەلا [*] باپێت بڵێم ئەسراری دڵ    تابزانی چۆنە حاڵی زاری دڵ
تۆش بڵێ ناحەق نییە هاواری دڵ    تێکەڵە وەك کاری کوردان کاری دڵ
بۆیە وا شێواوە ئەمرۆ شاری دڵ

یوسفیدڵ کەوتە ناو زیندانی غەم    دەنگی ناڵەی دڵی لەبەر زۆری ئەلەم
باسە غوصصەم گەر بکا نوکی قەڵەم    دێنە شیوەن عارەبو رۆمو عەجەم
گەرچی هەر ئەو سێ یەشن بەدکاری دڵ

بلبلیدڵ ڕۆژو شەو هاوارییە    ناڵە ناڵ و شین و گریان کارییە
رۆژی رەوشەن وەك شەوانی تارییە    ئەو نەخۆشە خۆشی کۆمەڵ چارییە
ئەی خودایە بۆم بکەی تۆ چاری دڵ

دایکی پاکی نیشتمانی جوانی من    هەرکە دیتی بۆ ئەوە گریانی من
پێی گوتم ئەی لاوی کوردستانی من    خوێنی تۆیەو موددەعی دەرمانی من
لابەرن مەردانە عەیب و عاری من

راپەرن مەردانە وەك شێری ژیان    خۆ بکەن وەك میللەتان فێری ژیان
هەڵبڕن شێرانە شمشێری ژیان    سەربڕن خەصمانی بێ خێری ژیان
دڵ لەژێر بارە, فرێدەن باری دڵ

بۆ رەهایی خاکی پاکی نیشتمان    خۆش فیداکەن ماڵو منداڵو گیان
پر لە ئاشوبو هەرایە رێی ژیان    تا نەنۆشن شەربەتی تاڵی زەمان
نابنە مەقبولی شای بێداری دڵ

هەستە خاڵۆ هەستە ڕۆژی غیرەتە    چاترین ئەسلەحەی تۆ جورئەتە
پیاوی بێ جورئەت ئەسیری زیللەتە    عەزمە مایەی رستکاری میللەتە
عەزمە پشتیوانی  یاری غاری دڵ

---

[*] مەلا مەبەست ((ما مۆستا م لاحسنی مەرگەیە)) کەدۆستێکی نزیکی ((فانی)) بەووە, وەلەبەر ئەوەی ئەو تاکە رۆشنبیرو تێگەیشتویە بووە لەو کاتەدا, فانی لەزۆر هەڵبەستیا ڕو دەکاتە ئەو.

داستانى میحنەتى كوردى هەژار  گەر بنووسم بێ وچان لەیلو نەهار

هێندە بێ پایانە ناوترى بەزار    لێى گەڕاوم با بمێنێ یادگار

ئەو حیكایاتە لە ناو تۆمارى دڵ

وا لە قاپى بەرزى بانى فانییا     دڵ ئەكا داوا بەزارى فانییا

جێژنى خۆشى كوردەوارى فانییا  نایەوى چیدى هەژارى فانییا

ئەى خۆش ئەو ساتە كە سووتا خارى دڵ



www.dengekan.com

## شیوەنی بلبلی نیشتمان

ئەو بلبلەم ئەمن کە لە گوڵزاری نیشتمان
پیشەم گرین و شیوەنە هاواری بێ وچان
هەر چەندە عەیبە ناڵە و گریان و حەلوەلا
دەوری زەمانە زاڵم و ناسازە ئەی مەلا
تا هەل نەیەتە پێش و گەلان نەبنە هەل شوناس
بێ سوودە لافی زل زل و راسانی بێ ئەساس
ئەو گەنجە گەنجی رەنجە لە پێناوی نیشتمان
ژێر پێ نەدا غرام و لە ژێر گڵ نەدا ژیان
ئێستا لەبەر موخالەفەتی چەرخی کەچ مەدار

زۆر دووره دەستی ئێمه له دامێنی ئیختیبار
ئەمما بەزین خەتایه دەبێ زۆر بەعەزمەوه
راکەینه بەزمی کێشەو یا دەشتی رەزمەوه
لۆمەم مەکەن کوڕینه کەوا گفت و گۆدەکەم
خوا چاوی لێیه راحەتی گەل ئارەزۆ دەکەم
من لاوی نیشتمانم خاوێنه خوێنی من
هاندانی لاوەکانه پلارو جوێنی من
ئەم قەرنی بیستەمه که گەلان بێ وچانو خەو
بۆپێشەوه دەڕۆنو خەریکن بەڕۆژو شەو
هەر گەل خەریکه ئەسپی سەعادەت لغاو دەکا
بۆ سەیدی بووکی غایه هەموو ساتێ راو دەکا
پاکی گەیشته مەقصودو نێچیری هاته دەس
چەند خۆشه حاڵی ئەو گەله سەییاده بۆ مەبەس
ئەی کورده هەسته بەس به به نێچیری خوارو ژوور
بپسێنه بەندی دوژمن و بشکێنه لەنده هوور
ئەو ئەسلەحەی که لا بەری بێدادی دوژمنه
سوێندم به زاتی پاکی خودا گشتی خوێندنه
ژین بۆ نەژینی خۆته نەژین بۆ ژیانی گەل
تاکەی ژیانی به عارەوه ئەی لاوی بێ عەمەل
تا فێری عیلم و فەن نەبیو گیان فیدا نەکەی
هەرگیز بەلافی جاهیلی کەودەن بەقا نەکەی
قایغ ئەگەر شکستەو بێ کەڵك و کون کونه
پێی نەچیه ئاوی زۆرەوه بیناسه دوژمنه

**ئەم قایغە شکستە گەلی کوردە بێ درۆ**

**هەر کوردە بۆتە خاوەنی خنکاوە رەنجەرۆ**

**ئیسلاحی ئەم سەفینە هەتاکو نەکەی بەفەن**

**قەت نەچیە ناوی, گۆڕتە ئەی شێری ناو دەوەن**

**فانی هیوایە لوتفی خوداوەندی کردگار**

**ئەم قایغەش لە بەحری تقدم بخاتە کار**